حکومەتی هەرێمی کوردستان — عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

ئابووری

بۆ پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی و بازرگانی

دانانی
د.محمد سلمان محمد　　د. مصطفى احمد حبيب
على عمر عبدالرحمن

پێداچوونەوەی زانستی
د.جودت جعفرخطاب　　د.محمد شعبان حسن
عمر على شريف

چاپی نۆیەم　　٢٠١٥ زایینی　　٢٧١٥ کوردی　　١٤٣٦ کۆچی

سەرپەرشتی زانستی چاپ: عبيد خضر فتح الله
سەرپەرشتی هونەری چاپ: عثمان پيرداود كواز
ئاری محسن احمد
نەخشەسازی بەرگ: زاگرۆس محمود عرب
نەخشەسازی ناوەڕۆك: ئاری محسن احمد

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

پێشەکی

ئەم کتێبە دوابەدوای کتێبەکانی ئابووری پۆلی دەیەم و یازدەهەم دێت بۆ تەواوکردنی ئەو بابەتە زانستیانەی تیایاندا هاتووە، تاوەکو بگونجێ لەگەڵ ئەو زانیارییە کەڵەکە بووەی لای فێرخواز هەیە لەبارەی بابەتەکانی ئابووری، ئاسۆیەکی گەش و رووناك لەبەردەم فێرخواز بکاتەوە، بەتەواوی لە چەمکە زانستی و نوێیەکانی ئابووری تێبگات. ئەم کارەش لەسەر راسپاردەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان — ئێراق، بەرێوەبەرایەتی پرۆگرامەکان دانراوە.

ئەم پەرتووکە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ لە مامۆستاو شارەزایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پەروەردە دانراوەو هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆریان تێدا بینیوە بۆ ئەوەی ببێتە بابەتێکی پوخت و شیاو بۆ فێرخوازانی خۆشەویست و پانتایی بیریان فراوانتر بکاو زیاتر لە چەمکە ئابوورییەکان تێبگەن، بابەتەکانی ئەم پەرتووکە جۆرە بەیەکەوە تەواوکەری قۆناغەکانی دیکەی خوێندن و ئەمەش بۆ ئەوەی بۆ فێرخواز سوودمەندە، چونکە دەبێتە هۆی ئامادەسازییەك بۆ تێگەیشتن لە بنەما زانستییەکان و بانگراوندێکی فراوانیشە بۆ قۆناغەکانی زانکۆ تا کەڵکی لێوەربگرێ.

ئەم هەوڵەش سەربارێکی زانستییە کە لەلایەن پسپۆر و رۆشنبیرانی کورد دەدرێ بۆ بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکانی هەرێم بە بابەتی زانستی کە بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهان. هیواداریین توانیبێتمان سەرکەوتووبین لە گەیاندنی ئەم پەیامە مەزنەو بەدەستهێنانی ئامانجەکەمان لە دانانی ئەم پەرتووکەدا.

زۆر سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەین کە بە پێشنیارو رەخنەی بونیادنەر بەشداری دەکەن لە کەمتر کردنەوەی هەڵەکان و پوختکردنی ئەم پەرتووکە..خوا پشتیوانە..

دانەران

بەشی یەکەم
داهاتی نەتەوەیی و بارگۆڕانی ئابووری
NATIONAL INCOME & ECONOMIC FLUCTUATION

پێشەکی:

لێکۆڵینەوەی داهاتی نەتەوەیی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێت بە گرنگترین ئەو نیشانانە دادەنرێت کە وێنەیەکی ژمارەیی دەدات بە چالاکییە ئابوورییەکان، چونکە هەموو پەیکەربەندیی تەوژمە سەوداگەرییەکان دەخاتەڕوو کە لە نێوان یەکە ئابوورییەکاندا ئەنجامدەدرێن لەڕووی بڕیارەکانی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان و بەکاربردن و بەکارهێنان و پاشەکەوتەوە لە کۆمەڵگەکەدا، هەروەها داهاتی نەتەوەیی هەر وڵاتێك ئاستی ئابووری ئەو وڵاتە دەنوێنێت و ڕادەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی دەردەخات بە بەراووردکردن لەگەڵ وڵاتەکانی تردا.

چەمکی داهاتی نەتەوەیی:

دەتوانین داهاتی نەتەوە لە ڕێگای سێ چەمکەوە پێناسە بکەین:

١- داهاتی نەتەوەیی بەپێی پاداشتەکانی خاوەن بنەماکانی بەرهەمهێنان:

بریتییە لە سەرجەمی ئەو بەها نەختینەییانەی پاداشتەکانی خاوەن بنەماکانی بەرهەمهێنان لە بەرامبەر بەشداریکردنیان لەبەرهەمهێنانی شمەك و کارگوزارییەکاندا لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە بەزۆری ساڵێکە.

- ئەم پاداشتانەش ئەم شێوانەی خوارەوە وەردەگرێت:

أ- کرێ (Wages) و مووچە (Salaries) داهاتی کار دەنوێنێت.

ب- موڵکانە (Rent) داهاتی خانووبەرە و زەوی دەنوێنێت.

ج- سوو (Interest) داهاتی خاوەن سەرمایەکان دەنوێنێت.

د- قازانج (Profit) داهاتی ڕێکخەرەکان دەنوێنێت.

کەواتە (کرێ + موڵکانە+ سوو + قازانج = داهاتی نەتە نەتەوەیی)

۲- داهاتی نەتەوەیی بەپێی بەهای شمەك و کارگوزارییە تەواوەکان:

بریتییە لە سەرجەمی ئەو بەها نەختینەییانەی هەموو شمەك و کارگوزارییە تەواوەکان کە لە سەرجەم کەرتەکانی بەرهەمهێنانی ئابووری نەتەوەیی بەرهەمهێنراون لە ماوەی ساڵێکی دیاریکراودا.

بەرهەمی نەتەوەییش لە: کۆمەڵی جۆراوجۆر لە شمەك و کارگوزاری وەك ئۆتۆمبیل و ئامێر و مەکینەو قوماش و تەختە و کانزا و گۆشت و سەوزە و کارگوزاری جیاواز...هتد پێکدێت، بۆیە کارێکی گرانە بتوانرێت ئەو بڕە زۆر و ناچۆنییەکانە کۆبکرێنەوە بەمەبەستی پێوانەکردنی قەبارەی بەرهەمی نەتەوەیی، لەبەر ئەوە پارە بەکارهێنرا وەك یەکەیەکی پێوانەکردن تا بەهای ئەو شمەك و کارگوزارییانە دیاری بکات کە بەرهەمی نەتەوەیی پێك دەهێنن.

۳-داهاتی نەتەوەیی لە ڕووی خەرجکردنەوە (Expenditure):

سەرجەمی ئەو بڕە پارانەیە کە کەسەکان و یەکە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان (میریی و کەرتی تایبەت) لە ماوەی ساڵێکدا بۆ کڕینی شمەك و کارگوزارییەکان خەرجی دەکەن.

داهاتی تاکەکەس: (Personal income)

ئەو پاداشتە نەختینەیی یان زیندەماڵییانەیە (یان هەردووکیان پێکەوە) کە تاکەکەس لە بەرامبەر بەشداریکردنی بیریی و بازوویی لە چالاکی بەرهەمهێناندا دەستی دەکەوێت.

دەتوانرێت جیاوازی لەنێوان دووجۆر لەو داهاتانە بکرێت کە خاوەن بنەماکانی بەرهەمهێنان دەستیان دەکەوێت و ئەوانیش (داهاتی دانەشکاو داهاتی ڕەخساوە).

- داهاتی دانەشکاو:

ئەو پاداشتانەیە کە خاوەن بنەماکانی بەرهەمهێنان دەستیان دەکەوێت پێش ئەوەی هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی داشکاندنی بەسەردا هاتبێت.

- داهاتی ڕەخساو:

ئەو داهاتەیە کە ئامادەی هەڵسوڕانە و هەمان داهاتە دانەشکاوەکەیە، بەڵام باجی ڕاستەوخۆی لێدەرکراوە و کەسەکان لە بوارە جۆر بە جۆرەکان خەرجی دەکەن.

ئەو هۆکارانەی ئاستی داهاتی نەتەوەیی دیاری دەکەن:

ئاستی داهاتی نەتەوە و ڕادەی پەرەسەندنی پشت دەبەستێت بەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. بڕ و جۆری دەرامەتە ئابوورییەکان:

بڕ و جۆری دەرامەتە ئابوورییەکان (سروشتی و مرۆیی) بەگرنگترین هۆکار دادەنرێن لە دیاریکردنی ئاستی داهاتی نەتەوە و توانای پەرەسەندنی، چونکە ئەگەر لە وڵاتێکی دیاریکراودا زەوی کشتوکاڵی باش و ئاوی زۆر هەبێت، ئەوە مانای ئەوەیە کە توانای پەرەپێدانی ئابووری لەو وڵاتە ئاسانتر دەبێت لە چاو دەوڵەتێك کە زەوییەکانی لەبار نەبێت بۆ کشتوکاڵکردن.

٢. شارەزایی هونەریی:

شارەزایی هونەری و ڕادەی کەڵك وەرگرتن لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بووە بە دیارترین هۆکار لە دیاریکردنی داهاتی نەتەوە و خێرا پەرەسەندنی، چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا ئەنجام دراون ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆییدا هۆکارێکە بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی ئابووری.

هەر بۆیە نزمی ئاستی شارەزایی هونەریی لەو گرفتە سەرەکییانەیە کە ڕووبەڕووی دەوڵەتە دواکەوتووەکان دەبێتەوە لەکاتی هەوڵدانیان بۆ زیادکردنی بەرهەم و بەرهەمداریی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی گەلەکانیان.

٣. سەقامگیری ڕامیاری:

ئەزموونی زۆربەی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان ئەوەیان سەلماندووە کە سەقامگیرنەبوونی باری ڕامیاری یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەیە کە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم پەرەسەندنی ئابووریان، چونکە سەقامگیر نەبوونی ڕامیاری دەبێتە هۆی شلەژانی چالاکییە ئابوورییەکان و بێ هێزی و لاوازی هاندەر بۆ وەبەرهێنان، بەتایبەتیش لەکەرتی تایبەتی کە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و گەشەکردنی ئابووری.

٤- ڕامیاری ئابووری:

میری لە ڕێگەی ڕامیارییە ئابوورییەکانی(دارایی — نەختینەیی — بازرگانی) ڕۆڵێکی گرنگ لە زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی و هاندان و ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بۆ کەرتە جیاوازەکانی ئابووری دەبینێت کە لەگەڵ هێنانەدی ئاواتەکانی کۆمەڵگە و خۆشگوزەرانییاندا بگونجێت.

٥- ئاستی خستنەگەڕی بنەماکانی بەرهەمهێنان:

بەرهەمی نەتەوەیی کۆمەڵگە ناگاتە ئەوپەڕی قەبارەی بەرهەمهێنانی خۆی، ئەگەر ئاستی خستنەگەڕی هۆیەکانی بەرهەمهێنان کەمتر بێت، لە ئاستی خستنەگەڕی تەواوەتی خۆی، ئەمەش مانای بەفیڕۆدان و فەوتاندنی دەرامەتە ئابوورییە ڕەخساوەکانە، کە لەئەنجامدا دەبێتە هۆی لە دەستدانی دەرفەتی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابووری.

بەرهەمی نەتەوەیی: (National Product)

سەرەتادا پێویستە بیرمان بێتەوە (**بەرهەمهێنان** Production) بریتییە لە دروستکردنی سوود یان زیادکردنیەتی و لەو چالاکییانەدا دەردەکەوێت کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بە ئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستییە روو لە زیادبووەکانی خۆی. بۆیە (**هەرکارێك ببێتە هۆی دروستکردنی سوودێك و پێداویستییە مرۆییەکان پڕ بکەنەوە بەکاری بەرهەمهێن دادەنرێت هەرچەندە ئەگەر شێوەیەکی مادیشی نەبێت**، بۆ نموونە پزیشك و ئەندازیار و مامۆستا و پارێزەر....هتد) بە بەرهەمهێن دادەنرێن، چونکە سوودێك دەبەخشن و پێویستییەکی مرۆیی پڕ دەکەنەوە.

بەرهەمهێنانی شمەك و کارگوزارییەکان ئامانجێکی سەرەکییە کە مرۆڤ هەوڵ دەدات گەشەی پێبدات، چونکە پەرەسەندنی ئەم چالاکییە(بەرهەمهێنانە)یان دواکەوتنی ڕادەی پەرەسەندنی ئابووری نەتەوەیی دواکەوتنی دەستنیشان دەکات، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمی نەتەوە و نزمبوونەوەی، بە ڕادەی گەشەکردن و پێشکەوتنی کەرتەکانی بەرهەمهێنانەوە بەستراوە.

بەڵام (**بەرهەمی نەتەوەیی**) زاراوەیەکە (**بە قەبارەی لێشاوی ئەو شمەك و کارگوزار ییە تەواوانە دەوترێت کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە بە زۆری ساڵێکە بەرهەمهێنراون و پێشی دەوترێت (تەوژمی شمەك)**).

تێبینی ئەوەش دەکرێت کە بەرهەمی نەتەوەیی تەنها شمەك و کارگوزاری تەواو دەگرێتەوە(تەواو دروست کراو) کە ئاراستەی پڕکردنەوەی پێداویستیەکان کراوە، واتە شمەکە ناوەندییەکان و شمەکە نیمچە دروستکراوەکان ناگرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی دووربکەوینەوە لەو هەڵەیەی پێی دەوترێت دووجار حسابکردن، چونکە هەموو شمەکێك لە کاتی چالاکی بەرهەمهێنانیدا بە چەند قۆناغێکی جۆراو جۆردا تێدەپەڕێ لە سەرەتادا لە شێوەی یەکەمیدا کەرەستەی خاوە و دەگۆڕێت بۆ شمەکی ناوەندیی هەتا دەبێتە شمەکێکی تەواو دروستکراو، بۆ نموونە نان شمەکێکی تەواودروست کراوە و ئامادەیە بۆ بەکاربردن ، بەرهەمهێنانی نانەکە بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات، لەسەرەتاوە گەنم وەك کەرەستەیەکی خاو و ئارد وەك کەرەستەیەکی ناوەندی لە بەرهەمهێنانی نانەکەدان و بۆ ئەوەی بەهای شمەکەکە لە جارێك زیاتر حساب نەکرێت، ئەوا بەرهەمی نەتەوەیی تەنها شمەکی تەواو دەگرێتەوە کە لە نموونەکەماندا نانەکەیە و لەپاشاندا ئەوانەی بەکارهێنراون لە بەرهەمهێنانی شمەکەکەدا دەچنە چوارچێوەی بەهای شمەکە تەواوەکە.

تێبینی: خزمەتگوزارییەکانی خوێندن و بەرگری و تەندروستی بە خزمەتگوزاری نیمچە دروستکراو دادەنرێن، چونکە پێویستییەکن لە پێداویستییەکانی چالاکی بەرهەمهێنان.

تەوژمی بەخولی داهات و خەرجکردن:

لە شیکردنەوەی چەمکی بەرهەمی نەتەوەییەوە بۆ دەرکەوت کە بەرهەمی نەتەوە بریتییە لە لێشاوێك لە شمەك و کارگوزارییە تەواو بەرهەمهێنراوەکان لەسەرجەم کەرتە ئابوورییەکاندا لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە ساڵێکە و پێی دەگوترێ (**تەوژمی شمەك**).

لە بەرامبەریدا لێشاوێکی تر هەیە کە داهاتە دابەشکراوەکان (پاداشتەکان) دەنوێنێت کە خاوەن بنەماکانی بەرهەمهێنان لە بەرامبەر چالاکی بەرهەمێنانیاندا وەریدەگرن و پێی دەوترێت (**تەوژمی نەختینەیی**). لامان گرنگە لەم بڕگەیەدا شارەزای جووڵەی بە خولی داهاتەکان ببین بەوەی کە پێدانی داهاتە لە کەرتی کارەوە (بەرهەمهێنان) بۆ کەرتی کەسەکان (بەکاربردن)، و خەرجیەکیشە بۆ کڕینی شمەك و کارگوزارییە بەرهەمهێنراوەکان لە کەرتی کەسەکانەوە بۆ کەرتی کار، ئەم لێشاوە نەختینەییە بەشێوەیەکی بازنەیی بەردەوام سووڕ دەخوات لە نێوان کەرتی کار کە داهات دروست دەکات بەوەی کە پاداشتی بنەماکانی بەرهەمهێنانە و لە نێوان کەرتی کەسەکان کە هەڵدەستن بە خەرجکردنی ئەو داهاتە بۆ کڕینی شمەك و کارگوزارییەکان کە کەرتی کار بەرهەمی هێناون.

وێنەی ژمارە (١) لێشاوی بەخولی داهات و خەرجکردن

لەشێوەی ژمارە (١) ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کەرتی کەسەکان دوو ڕۆڵ (ئەرك) دەبینن لە چالاکی بەرهەمێناندا:

أ– بەشداری دەکەن لە چالاکی بەرهەمهێناندا، چونکە خۆیان خاوەنی بنەماکانی بەرهەمهێنانن.

ب– هەڵدەستن بەکڕین و بەکاربردنی شمەك و کارگوزارییە بەرهەمهێنراوەکان.

هەروەها کەرتی بەرهەمهێنانیش (کەرتی کار) دوو ڕۆڵ (ئەرك) دەبینن لە چالاکی بەرهەمهێنانەدا:

أ– بەرهەمهێنانی شمەك و کارگوزارییەکان و فرۆشتنیان.

ب– خستنەگەڕی بنەماکانی بەرهەمهێنان.

داهاتی نەختینەیی و داهاتی ڕاستەقینە

پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو زاراوە بکەین کە بە بەردەوامی لە ناو شیکردنەوە ئابوورییەکاندا باس دەکرێن کە ئەوانیش(داهاتی نەختینەیی و داهاتی ڕاستەقینەیە).

- **داهاتی نەختینەیی** (Monetary income)

سەرجەمی ئەو پاداشتە نەختینەییانەیە کە خاوەن بنەماکانی بەرهەمهێنان بەهۆی بەشداری کردنیان لە بەرهەمهێنانی شمەك و کارگوزارییەکاندا دەستیان دەکەوێت.

- **داهاتی ڕاستەقینە** (Real Income): بریتییە لە سەرجەمی ئەو شمەك و کارگوزارییانەیە کە خاوەن بنەماکانی بەرهەمهێنان بە داهاتە نەختینەییەکانیان دەستیان دەکەوێت.

لەپێشەوە ئاماژەمان بەوەدا کەبەرهەمی نەتەوە لە کۆمەڵێك شمەك و کارگوزاری گەورەو جۆراوجۆر پێکدێت کە کۆکردنەوەو بژاردنیان قورس و گرانە بەهۆی زۆری پێوەر و کێشانەکانیان کە بەکاردەهێنرێت لە پێوانە کردنیاندا وەك (تەن و مەتر و دۆنم و سەعاتی کارو...هتد).

ڕاستیش نییە بوترێت کە داهاتی نەتەوەیی لەو کۆمەڵە زۆرانەی شمەك پێکدێت کەجۆراوجۆرو جیاوازن، بۆیە پارە بەکارهێنرا وەك یەکەیەکی پێوانەکردن بۆ دیاریکردنی بەهای داهاتی نەتەوە لەڕووی بەرهەمهێنانەوە.

داهاتی نەتەوەیش گوزارشت لە بەهای نەختینەیی هەموو شمەك و کارگوزارییە تەواو بەرهەم هێنراوەکان دەکات لەساڵێکی دیاری کراودا. بۆنموونە کە دەوترێت داهاتی نەتەوەیی لەعێراقدا بۆ ساڵی (٢٠٠٥)دەکاتە (٢٥٠٠٠٠ملیار دینار) ئەمە مانای ئەوەیە کەبڕی شمەك و کارگوزارییە بەرهەم

هێنراوەكان لەساڵی (٢٠٠٥) بەنرخی باو لەبازاڕەكاندا حساب كراوە لەو ساڵەدا، لەبەر ئەوەی بەهای پارەكە كراوە بەیەكەی پێوانەكردن جێگیر نییە، بەڵكو تووشی گۆڕان دەبێت بە(بەرزبوونەوەو نزمبوونەوە) لەگەڵ گۆڕانی ئاستی نرخی شمەك و كارگوزارییەكان و بەهای پارە (هێزی شت كڕین) بەرز دەبێتەوە لەگەڵ دابەزینی ئاستی گشتی نرخی شمەكەكان، هەروەها بەهای دادەبەزێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی شمەكەكان، واتە پەیوەندییەكی پێچەوانە هەیە لەنێوان بەهای پارەو ئاستی گشتی نرخی شمەك و كارگوزارییەكان، بۆیە پارە بە پێوەرێكی ورد دانانرێت بۆ گەیشتن بەبەهای ڕاستەقینەی داهاتی نەتەوەیی، ئەمەش بەهۆی گۆڕانی هێزی شت پێ كڕینەكەی لە ماوەیەكەوە بۆ ماوەیەكی دیكە.

بەمەبەستی خۆلادان لەگۆڕانی بەهای پارە ژمارەی پێوانەیی نرخەكان[1] بەكاردەهێنین بۆ گەیشتن بە بەهای ڕاستەقینەی داهاتی نەتەوەیی (داهاتی ڕاستەقینەی نەتەوەیی) و دوورخستنەوەی كاریگەریی گۆڕانی نرخەكان لەسەر داهاتی نەتەوەییەوە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەگرینە بەر:

١- دیاریكردنی ساڵێك لە ساڵەكان وەك (ساڵی بنەڕەت) كە ئەو ساڵە نرخ تاڕادەیەك تێیدا جێگیرەو نەگۆڕ بێت و لەپاشاندا نرخەكانی دەكرێت بەپێوەر، واتە نرخی ساڵەكانی دیكەی پێ دەپێورێت.

٢- بەكارهێنانی ئەم هاوكێشەیەی خوارەوە بۆ دۆزینەوەی داهاتی ڕاستەقینەی نەتەوەیی :

$$\text{داهاتی ڕاستەقینەی نەتەوەیی} = \frac{\text{داهاتی نەختینەی نەتەوەیی}}{\text{ژمارەی پێوانەكاری نرخەكان}} \times ١٠٠$$

١_ **ژمارەی پێوانەیی نرخەكان:** ساڵێكی دیاریكراو وەردەگیرێت و بڕەكانی ئەو ساڵە (ساڵی بنەڕەت)لێكدەدرێتەوە، هەروەها بەگوێرەی نرخەكانی ئەو ساڵە دیاریكراوەش بڕی ئەو شمەك و كارگوزارییانەش كە لەساڵەكانی دیكە بەرهەم هاتوون حیساب دەكرێن.

پێکهێنەرەکانی داهاتی نەتەوەیی:

بەگوێرەی ئەو پۆلێنکردنەی لەدەزگای ئاماری سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان کراوە، ئابووری نەتەوە لـە سـێ کـەرتی سـەرەکی پێکـدێت و هەریەکەشـیان لەچـەند چـالاکییەکی ئـابووری پێکـدێن و داهـاتی نەتـەوەش لەسـەرجەمی بەرهەمی ئەم کەرتانە پێکدێت کەئەمانەن:

١- کەرتی شمەك ئامێز : پێکدێت لە:

أ- کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوکردن.

ب- کانزاکاری و کانەبەرد: دەرهێنانی نەوتی خاو و کانزاکانی دیکەش دەگرێتەوە.

ج- پیشەسازییە گۆڕانکارییەکان : وەك پیشەسازییەکانی بەکاربردن و پیشەسازی شمەکی نیمچە دروستکراو.

د- کارەبا و گاز و ئاو.

هـ- دامەزراندن و بینا دروستکردن.

٢- کەرتی دابەشکردن: پێکدێت لە:

أ- گواستنەوەو هاتووچۆ و عەمبارکردن.

ب-بانکەکان و بیمەکردن و خانووبەرە.

ج- بازرگانی ناوخۆ و دەرەکی.

٣- کەرتی کارگوزاری: لە سەرجەمی کارگوزارییە کۆمەڵایەتی و گشـتییەکان و کارگوزارییەکانی کەرتی تایبەت پێکدێت.

ڕێگەکانی حسابکردنی داهاتی نەتەوەیی:

لەم برگەیەدا باس لەسەر ڕێگەو شێوازە بەکارهێنراوەکانی پێوانەکردن و خەملاندنی داهاتی نەتەوەدا دەکەین کە بەکارهێنراون، بەپشت بەستن بەو داتا ئامارگیرییانەی کە تایبەتە بەداهاتی نەتەوە و چۆنیەتی هەڵسوڕاندنیان و لەم حسابکردنە ئاستی چالاکی ئابووری بۆ هەموو کەرتەکان ڕوون دەبێتەوە و ڕادەی گەشەکردن و پەرەسەندنیان نیشان دەدرێت، هەروەها ئەم حسابکردنە قەبارەی بەرهەمهێنان، قەبارەی خەرجی بەکارهێنان و وەبەرهێنان و قەبارەی مامەڵە لەگەڵ دەرەوە (بازرگانی دەرەکی) پیشان دەدات، لەلایەکی تریشەوە حسابکردنی داهاتی نەتەوە بەشداری دەکات لە بەهێزکردنی ئامرازەکانی شیکردنەوەی ئابووریدا کە توێژەری ئابووری پشتی پێ دەبەستێت لەشیکردنەوە و لێکدانەوەی دیاردەو گرفتە ئابوورییەکان و چارەسەرکردنیان.

ڕێگەی یەکەم: ڕێگەی بەهای زێدەدانراو یان بەرهەمی تەواوەتی: (Value Added approach)

پوختەی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە کە هەموو شمەك و کارگوزارییە بەرهەم هێنراوەکان لەکەرتە ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی (شمەك ئامێز – دابەشکردن – کارگوزاری) کۆبکەینەوەو بەها نەختینەییەکانیان بەپێی نرخی بازاڕ حیساب دەکەین:

بەهای بەرهەمی هەمووەکی = شمەك و کارگوزاری بەرهەمهێنراو × نرخەکانیان واتە(بڕەکەی× نرخەکەی)

و لەدواییدا بەهای پێویستییەکانی بەرهەمهێنان وەك کەرەستەی خاو و شمەکی نیمچە دروستکراو و وزە و..........هتد حساب دەکەین کە بەشدارییان کردووە لەچالاکی بەرهەمهێنانەکەدا و بەهای پێویستییەکانی بەرهەمهێنان لەبەهای بەرهەمی هەمووەکی دەردەکەین دەگەینە بەهای زێدەدانراوی هەر کەرتێك، بۆیە دەتوانین پێناسەی **(بەهای زێدەدانراو)** بکەین بەوەی: **(جیاوازییە لەنێوان بەهای بەرهەمی هەمووەکی بۆ یەکەیەکی بەهەمداری و بەهای پێویستییەکانی بەرهەمهێنان کە بەکارهێنراوە لە چالاکی بەرهەمهێناندا لەماوەیەکی دیاری کراودا (ساڵێك))**

بەهای زێدەدانراو= بەهای بەرهەمی هەمووەکی– بەهای پێویستییەکانی بەرهەمهێنان

بەکۆکردنەوەی بەهای زێدەدانراوی هەموو کەرتە ئابوورییەکان (شمەك ئامێز – دابەشەکی – کارگوزاری) سەرجەمی داهاتی نەتەوەمان دەست دەکەوێت.
گەر وادابنێین لەکەرتی پیشەسازیدا پرۆژەیەکمان هەیەو قوماش بەرهەم دەهێنێت و بەهای بەرهەمی هەمووەکی ئەم پرۆژەیە (١٥٦٠٠ دۆلار) بێت و بەهای پێویستییەکانی بەرهەمهێنانیش لەم چالاکی بەرهەمهێنانەدا بەم شێوەیە بووە:

داتاکان	بەهاکان بە دۆلار
کڕینی لۆکە	١٠٠٠٠
تێچوونی گواستنەوەی لۆکە بۆ کارگە	٢٥٠
تێچوونی گواستنەوەی لۆکە چنراوەکان بۆکارگەی بۆیاخکردن	٥٠
بۆیاخکردن و نەخشکردنی قوماشەکان	١٥٠
وزە	٥٠
بەهای پێویستییەکانی بەرهەمهێنان	١٠٥٠٠

بەهای زێدە دانراو = بەهای بەرهەمی هـەمووەکی – بـەهای پێویسـتییەکانی بەرهەمهێنان

= ١٥٦٠٠ – ١٠٥٠٠

= ٥١٠٠ دۆلار

لەمەشەوە بە دۆزینەوەی بـەهای زێدەدانراوی هـەموو کەرتـەکانی ئـابووری کۆکردنەوەیان بەهای داهاتی نەتەوەمان دەست دەکەوێت.

ڕێگـەی دووەم: ڕێگـەی داهـاتی دابەشـکراو (Income disturputed Approach):

ئەم ڕێگەیە لە حسـابکردنی داهـاتی نەتـەوەدا پشـت بـە کۆکردنـەوەی ئـەو داهاتانـەی دەبەسـتێ کـە بەسـەر هـەموو خـاوەن بنـەماکانی بەرهـەمهێنان دابەشکراوە، واتە کۆکردنەوەی دەسهاتی بنەماکانی بەرهەمهێنانـە و داهـاتی نەتەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

أ– كرێ و موچە و پاداشتەکان: دەدرێت بە کرێکارەکان و کارگێڕییەکان و هونەرییەکان و کەسانی دیکە.

ب– موڵکانە و کرێ خانوو: دەدرێت بە خاوەن زەوی و خانووبەرەکان.

ج– سوو: دەدرێت لە بەهای بەکارهێنانی سەرمایەدا.

د– قازانج: داهاتی ڕێکخەر دەنوێنێت کە بەشدارە لە چالاکی بەرهەمهێناندا.

بە کۆکردنەوەی ئەم داهاتە دابەشکراوانەی گشت کەرتە ئابوورییەکان کە بەسەر خاوەن بنەماکانی بەرهەمهێنان دەبەخشرێتەوە لە ماوەی ساڵێکدا بەهای نەختینەیی داهاتی نەتەوەیی ئەو وڵاتەمان دەست دەکەوێت.

ڕێگەی سێیەم: ڕێگەی خەرجکردن (Expenditure Approach):

ئەم ڕێگەیە بە یەکێك لە ڕێگە سەرەکییەکانی دیاریکردنی داهاتی نەتەوەیی یاخود بەرهەمی نەتەوەیی دادەنرێت لە کۆمەڵگەداو تێڕوانین بۆ داهاتی نەتەوەیی لە گۆشەی خەرجکردنی کۆتایی بۆ شمەك و کارگوزارییە تەواوەکانی بەکاربردن و وەبەرهێنان لە ماوەیەکی دیاری کراودا (ساڵێك) کە کە لەلایەن کەس و دەزگاکانی میرییەوە خەرج دەکرێن، ئەم ڕێگەیە پێشی دەوترێت ڕێگەی بەکارخستن یان خەرجکردنی داهاتی ڕەخساو کە خاوەن بنەماکانی بەرهەمهێنان دەستیان دەکەوێت.

ئەم ڕێگایە خەرجییەکان لەسەر بنەڕەتی دوا بەکارهێنانیان حساب دەکرێت و خەرجییە ناوخۆییەکان دابەش دەکرێتە سەر چوار بنەمای سەرەکی و خۆی لەمانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

أ- خەرجی بەکاربردن: ئەمەش خەرجی کەرتی خێزان دەگرێتەوە بۆ شمەکە تەمەندارەکان (ئۆتۆمبێل - تەلەفزیۆن - جلشۆر... هتد) و شمەکی بەکاربردن(خۆراك - جلوبەرگ .... هتد).

ب- خەرجی وەبەرهێنانی ناوخۆیی تایبەتی: ئەمەش خەرجی کەرتی بەرهەمهێنان دەنوێنێت لەسەر شمەکی بەرهەمهێنانی وەك ئامێر - مەکینە.

ج- خەرجی میری: دوو جۆر خەرجکردن دەگرێتەوە:

١- ئەو خەرجیانەی میری کە لە بەرامبەریاندا شمەك یان کارگوزاری دەست دەکەوێت.

٢- ئەو خەرجیانەی میری کە لە بەرامبەریاندا هیچ شمەك و کارگوزارییەکی دەست ناکەوێت.

د- پوختەی مامەڵە دەرەکییەکان: ئەمەش پوختەی ئەو مامەڵە دەرەکییانە دەنوێنێت کە دەوڵەت ئەنجامی دەدات لەگەڵ دەوڵەتەکانی تردا بەشێوەی (هاوردەو ناردەنی).

کەواتە: پوختەی مامەڵەی دەرەکی = نێراو - هێنراو

لێرەشەوە شارەزای ئەوە دەبین کە خەرجی نەتەوە(داهاتی نەتەوە) دەکاتە سەرجەمی هەموو خەرجییەکانی هەر چوار کەرتەکانی (خەرجی بەکاربردن+ خەرجی وەبەرهێنان + خەرجی میری + پوختەی مامەڵە دەرەکییەکان).

ئاستەنگەکانی حسابکردنی بەرهەمی ناوەخۆ (داهاتی نەتەوە):

لە کاتی خەمڵاندنی داهاتی نەتەوەدا شارەزایانی ئەم بوارە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبنەوە کە خۆی لە جیاوازی دیاری کردنەکان دەبینێتەوە، وا لە خوارەوەش چەند ئاستەنگێك دەست نیشان دەکەین:

١- ڕێگاکانی ئامادەکردنی حسابی داهاتی نەتەوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر بە پێی شێوازی ئامادەکردنی حسابەکان لەلایەك و بە پێی ڕادەی بوونی داتا لەسەر مامەڵە ئابوورییەکان کە ئەنجام دەدرێت لە سەر چالاکییە ئابوورییەکانیان جیاوازە لە کاتی ئامادەکردنەکەدا لە لایەکی ترەوە.

٢- کەمی داتا ئامارگرییەکانی تایبەت بەداهاتی نەتەوە، چونکە هەندێك شمەك و کارگوزاری کە لە کۆمەڵگەدا بەرهەم دەهێنرێت ئەو داتا(زانیارییە) فەرمییانە نیشانیان نادات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیاریکردنی داهاتی نەتەوە کەمتر بێت لە ڕاستییەکەی.

٣- بەرهەمهێنانی هەندێك کارگوزاری لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە بەکاردەهێنرێت بێ ئەوەی بچێتە بازاڕ و بەهایان دیاری بکرێت وەك ئەو کارگوزارییە کەسییانەی کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك پێشکەش بە یەکتری دەکەن، وەك ئەو خزمەتگوزاری و کارەی ژنەکان لەماڵەوە دەیکەن، یان کاتێ جوتیارەکان بەشێك لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بەکاردێنن و ئەم کارگوزارییانە حیساب ناکرێن، ئەمەش دەبنە هۆی ئەوەی ڕاستی خەمڵاندنی داهاتی نەتەوە کەمتر بێت.

٤- گرانی جیاکردنەوە لە نێوان شمەك و کارگوزارییە ناوەندییەکان و شمەك و کارگوزارییە تەواوە دروست کراوەکان وەك کارگوزاری دادگا و بەرگری و ئاسایش کە هەموویان کارگوزاری تەواو دروست کراون و بەهاکانیان بە پێی ئەو خەرجیانە دیاری دەکرێت کە دەوڵەت ئەنجامی داوە، بەڵام هەندێك لە

ئابووریناسـەکان جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە ئەمانـە کـارگوزاری ناوەندین و تەواو دروستکراو نین.

٥- هەنـدێك دەسـهات هەیـە کـە خاوەنـەکانیان وەری دەگـرن بـێ ئـەوەی بەشـداریان کردبێـت لــە بەرهەمهێنانـدا وەك بەخشـینەکان و دیاریـەکان و یارمەتییەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پـیرو پەککەوتـەکان لەبـەر ئەوە پێویستە لە داهاتی نەتەوەدا حساب نەکرێت، چـونکە لـە ڕاستییەکەی زیاتر دەردەکەوێت.

بارگۆڕانی ئابووری:

ژیـانی ئـابووری کۆمەڵگـە نوێیـە سـەرمایەدارییەکان بـەوە دەناسـرێت کـە تووشی بارگۆڕانی بەخول دەبێت لـە بەرهـەمهێنانی هەمووەکیـدا، بـەڵام ئـەم بارگۆڕانـە بەخولانـە لـە بـیردۆزی ئابووریـدا بایەخپێـدانیکی ڕێـژەیی کـەمیان بەرکەوتووە تا ئەم سەردەمە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بارگۆڕانە بە خوولەکان لەکۆندا شوێنەواری کۆمەڵایـەتی بـەرفراوانی لێ نەکەوتـەوە، بـەڵام پـاش جـەنگی جیهـانی یەکـەم بێکـاری بـەردەوام (ماوەدرێـژ) لــە نێـوان کرێکارەکاندا سەری هەڵدا.

لەو دەوڵەتانەی کە لەڕووی ئابوورییەوە پێشکەوتوون و ئەو بێکارییەی دوای جـەنگی جیهـانی یەکـەم سـەری هەڵـدا بـووە دیاردەیـەکی جیهـانی، جیهـان لەسەروبەندی ماوەی نێوان ١٩٢٩ - ١٩٣٣ بێ بازاڕیـەکی گـەورەی بـەخۆوە بینی کە بـووە هـۆی زۆربـوونی ژمـارەی بێکـاران، هـەر ئەمـەش بـووە هـۆی ئەوەی کە لە سروشت و هۆکارەکانی بارگۆڕانی ئابووری بکۆڵنەوە و بەشێکی گەورەی نووسینە ئابوورییەکانیان بۆ تـەرخان بکـەن لـە مـاوەی ئـەم پـەنجا ساڵەی دواییدا.

پێناسەی بار گۆڕانی ئابووری:

مەبەست لە بارگۆڕانی ئابووری (ئەو قۆناغانەن کە چالاکی ئابووری گشتی بە بەرزبوونەوە بێت یان نزمبوونەوە پێدا تێپەڕ دەبێت بە گوێرەی ئەو گۆڕانانەی لە خواست و خستنەڕووی هەمووەکیدا ڕوودەدات، چوار قۆناغ هەیە بۆ بارگۆڕانی ئابووری کە ئەمانەن ﴿وەستاوی ، بێ بازاڕی ، بوژانەوە، برەوسەندن﴾.

قۆناغەکانی بارگۆڕانی ئابووری

١- قۆناغی وەستاوی (الركود) Recession :

مەبەست لە وەستاوی کەمبوونەوەی بەرهەمی هەمووەکی و داهات و کارپێدان و ئاڵوگۆڕی دەرەکییە. بەزۆری شەش مانگ یان زیاتر دەخایەنێت و ئەم دۆخە بە کەمبوونەوەی چالاکی ئابووری دەناسرێت لە زۆربەی کەرت و چالاکی و بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا.

٢- قۆناغی بێ بازاڕی (الكساد) (Depression):

ئەم قۆناغە چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی تیایدا دەگاتە نزمترین ئاست پاش ئەوەی قۆناغی وەستاوی کە بەردەوام دەبێت و بەوە دەناسرێت کە تێکڕایی بێکاری زیاد دەکات و بازرگانی تووشی بێ بازاڕی دەبێت و نرخەکان زۆر دادەبەزێت.

٣- قۆناغی بوژانەوە (الانتعاش): (Recovery)

پاش قۆناغی یەکەم و دووەم ئابووری نەتەوە دەست دەکات بە بوژانەوە بەهۆی ڕامیارییە ئابوورییە گونجاوەکانەوە کە ئابووری نەتەوە دەست دەکات بە بەرزبونەوەیەکی پلە پلە(لەسەرخۆ) و لەگەڵیدا قازانجی هەمووەکی و کارپێدان و کرێ و نرخی سوو زیاد دەکەن.

٤ - قۆناغی برەوسەندن (الازدهار) (Boom):

ئەو قۆناغەیە کە بەرهەمهێنانی تێدا دەگاتە بەرزترین ئاست پاش قۆناغی بوژانەوە و بە بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و کارپێدان و گەشەکردنی بازرگانی و بەرزبوونەوەی ئاستی داهات دەناسرێت یان قۆناغێکە کە هەموو هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لە کار دەبن.

دەتوانرێت ئەم چوار قۆناغە بەم شێوەیەی لای خوارەوە وێنە بکرێت:



شێوەی ژمارە (٢) قۆناغەکانی بارگۆڕانی ئابووری

چەند نیشانیەکی سەرەکی بۆ دیاریکردنی ئەم قۆناغە ئابوورییانەدا بەکاردێن کە ئەمانەن:

أ- گۆڕان لە سەرجەم یان پوختەی بەرهەمی نەتەوە.

ب- گۆڕان لە تێکڕای بێکاری یان کارپێدان.

ج- گۆڕان لەئاستی گشتی نرخ بۆ سەرجەم شمەك و کارگوزارییەکان.

بەڵام لێکدانەوەی هۆکارەکانی بارگۆڕانی ئابووری دەتوانین لە دوو بۆچووندا کۆ بکەینەوە کە ئەمانەن :

- **بۆچوونی یەکەم (ئاراستەی یەکەم):**

بارگۆڕانەکە وا لێك دەداتەوە کە بەهۆی کەمی خواستی هەمووەکی و بەتایبەتیش خواستی بەکاربردنەوە دروست دەبێت، بەمانایەکی تر خەرجکردن بۆ شمەکی بەکاربردن کەمترە لەقەوارەی بەرهەمهێنان بەهۆی خراپ دابەشکردنی داهات و سامانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زیادە لەبەرهەمهێنانی شمەك و لەبەرامبەریدا خواستێکی کەم هەیە دروست ببێت، ئەوەش وا دەکات بێ بازاری ڕوو لەو شمەکە بکات و ئاستی بەرهەمهێنان کەم بێتەوە، لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی لەکارخستنی بەشێك لەیەکەکانی بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی تێکڕای بێکاری و لەپاشاندا وەستاوی و بێ بازاری دروست دەکات. ئەم بۆچوونە پێی دەوترێت (کەمبوونەوەی بەکاربردن)، (under consumption)، چونکە توانای شت کڕین بەبەردەوامی کەمترە لە قەوارەی بەرهەمهێنان.

بۆچوونی دووەم (ئاراستەی دووەم):

بارگۆڕانی ئابووری بەهۆی فراوانبوونی وەبەرهێنانەوە دروست دەبێت، چونکە وەبەرهێنەکان گەشبینن یان دڵفراوان و بەئومێدن و دیاری کردنەکانیشیان(خەملاندنیان) ورد نەبووە. ئەم فراوانکردنە دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفتێك لە هاوسەنگی نێوان پاشەکەوت و وەبەرهێنان، ئەمەش دەبێتە هۆی دامەزراندنی دامو دەزگای بەرهەمهێنانی زۆر و لەپاشاندا فراوانبوون لە بەرهەمهێنانی شمەك و کارگوزارییەکان بەرادەیەك گەورەتر بێت لەقەبارەی خواست لەسەریان، ئەمەش بەدەرکەوتنی وەستاوی و بێ بازاڕی کۆتایی دێت.

لەوەی پێشەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەبارگۆڕانی ئاستی چالاکییە ئابوورییەکان ئەو دۆخە ناهاوسەنگییە دەنوێنێت کە لە نێوان داهاتی نەتەوە و خەرجی نەتەوەدایە، کاتێك داهاتی نەتەوە یەکسان بێت بە خەرجی نەتەوە ئەوا ئابووری نەتەوە لە **دۆخی هاوسەنگی** دا دەبێت(خواستی هەمووەکی یەکسان دەبێت بە خستنەڕووی هەمووەکی)، بەڵام ئەگەر قەبارەی خەرجی نەتەوە کەمتر بێت لە قەبارەی داهاتی نەتەوە ئەوا ئابووری لە **دۆخی داکشانەوە** دەبێت، بەڵام ئەگەر قەبارەی خەرجی نەتەوە گەورەتر بێت لە قەبارەی داهاتی نەتەوە ئەوا ئابووری لە **دۆخی بەرفراوانبوون** دا دەبێت(**هەڵاوسان**).

کەواتە بارگۆڕانی ئابووری کە چالاکییە ئابوورییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە ڕاستیدا دەرچوونی چالاکییە ئابوورییەکانە لەو دۆخی هاوسەنگییەی کە هەیەتی و ڕووەکانی ئەم بارگۆڕانانەش داکشانەوە و هەڵاوسانە کە دێینە سەر شیکردنەوە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.

هەڵاوسان
INFLATION

پێشەکی:

هەڵاوسان بە یەکێك لە گیروگرفتە ئابوورییە سەرەکییەکان دادەنرێت کە لەم سەردەمەدا جیهان پێوەی دەناڵێت، سەرەڕای بایەخدانی ئابووریناسەکان بەم دیاردەیە هەتا ئێستا مشتومڕێکی زۆر هەیە دەربارەی هۆکارەکانی و کاریگەری ئابووریان لەسەر ڕژێمی ئابووری و باشترین ڕامیاری کە پێویستە پەیڕەو بکرێت تا زاڵ بین بەسەریدا یان چارەسەری بکرێت.

لەمڕۆدا هەڵاوسان شوێنێکی گەورەی دیاری کردووە لە لێکۆڵینەوەی زانستی ئابووریدا لەبەر چەند هۆیەك کە لە گرنگترینیان:

١. بیریی کلاسیکی (کۆن) هەمیشە هۆکارەکەی بە زۆربوونی بڕی دراو و بەرزبوونەوەی ئاستی گشتی نرخەکان دەبەستێتەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە هۆکارەکانی تر بکات.

٢- مەترسی لە کاریگەری هەڵاوسان لەسەر چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.

٣- هەڵاوسان پاش جەنگی جیهانی دووەم بووە بە دیاردەیەکی بڵاو لە زۆربەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و تازەپێگەیشتووەکان دا.

پێناسەی هەڵاوسان:

(هەڵاوسان ئەو بەرزبونەوە بەردەوام و هەست پێکراوەیە لە ئاستی گشتی نرخەکاندا ڕوودەدات لە دەوڵەتێکدا لەوە دروست بووە کە خواستێکی زیاتر هەیە لەچاو خستنە ڕووی شمەكو کارگوزارییەکاندا لە ماوەیەکی دیاری کراودا کە لەشەش مانگ زیاترە).

یان ئەو زۆربوونی بڕی پارەیەیە کە بە ڕادەیەکە لەگەڵیدا بەهای پارە لە بازاڕەکاندا دادەبەزێت.

جۆرەکانی هەڵاوسان:

١- هەڵاوسانی خشۆك (هەڵاوسانی مام ناوەندی):

ئەو هەڵاوسانەیە کە نرخەکان بە تێکڕایەك زیاد دەکات ناگاتە ١٠٪ و زۆر لەسەرخۆ دەبێت لە زیادبوونەکانیدا.

٢- هەڵاوسانی سەرکێش:

ئەو هەڵاوسانەیە کە ئاستی گشتی نرخەکان بە تێکڕاییەکی زۆر بەرز زیاد دەکەن و تیایدا دەستاودەستکردنی دراو زۆر دەبێ و دراوەکان لە ئەرکی سەرەکی خۆیان دەوەستن کە کۆکەرەوەی بەهاکانن، ئەمەش دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی سیستەمی نەختینەیی و نەمانی بەهای یەکەی دراو، وەك ئەوەی لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٢١ ڕوویدا ئەم جۆرەش بەزۆری بەستراوەتەوە بە هەلومەرجی شەڕ و شۆڕش و جێگیر نەبوونی باری ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەتەوە.

٣- هەڵاوسانی کپکراو:

بریتییە لە دانانی نرخ لەلایەن دەسەڵاتدارە بەرپرسەکانەوە و بارێکی کاتییە، چونکە یان ئەوەتا دەسەڵاتداران دەتوانن باری ئابووری ڕاست بکەنەوە بە کار ڕاپەڕاندنەکانیان لە ڕێگەی نرخی زۆرەملی و دابەشکردن بە کۆبۆن یان ئەوەتا بارەکە لە دەست دەردەچێت و هەڵاوسانەکە ڕوو لە زیاد بوون دەکات و زۆرجار ئاڵۆزتر دەبێت و دەگۆڕێت بۆ هەڵاوسانی سەرکێش.

٤- هەڵاوسانی بەخێرایی زیاد بوو:

بریتییە لـە بەرزبوونـەوەی نرخـەکان بـە تێکڕایـەك کـە زۆرتـرە لـە تێکڕایـی زیادبوونی هەڵاوسانی خشۆك، بەڵام ماوەی مانەوەکەی لە هەڵاوسانی خشۆك کەمترە.

هۆیەکانی هەڵاوسان:

١- هەڵاوسانی خواست: (Demand inflation)

ئەم جۆرەی هەڵاوسان لە ئەنجامی ئەوەوە پەیدا دەبێت کـە قـەبارەی پـارە لای کەسـەکان زۆر زیـاد دەکـات و قـەبارەی شمـەك و کارگوزارییـەکانی رەخسـاوی کۆمەڵگـە جـێگیر دەبێـت (ناگۆڕێـت)، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی بەرزبوونـەوەی نرخـەکان بـە شـێوەیەکی بـەردەوام و ڕوو لـە زیـادبوون هەڵاوسـانێك دەهێنێتـە کایـەوە کـە پێـی دەوترێـت **(هەڵاوسـانی خواسـت)**. لەوانەیە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی ببێتە هۆی دەرکەوتنی ئەم جۆرە ئـەوە بێت کە بە کورتهێنانی دارایی ناسراوە (ئەو دۆخەیە کە خەرجییەکانی گشتی زیاتر بێت لە دەسهاتی گشتی) و کاتێـك مـیری چارەسـەری ئـەم کورتهێنانـە دەکات لە ڕێگەی دەرکردنی دراوەوە لەلایەن بانکی مەرکەزییەوە ئـەوا ئەمـە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئابووری بە بڕێکـی زۆری پـارە تێر بکرێـت (پـارەدار بکرێـت) کـە لـە بەرامبەریـدا فراوانبوونێـك لـە توانـای بەرهـەمهێنانی وڵاتـدا نایەتەدی، ئەم جۆرەی هەڵاوسـان بـە زۆری دەوڵەتـە تـازە پێگەیشـتووەکان دەگرێتەوە، چونکە ئەم دەوڵەتانە ناتوانن قـەبارەی بەرهـەم هێنراویـان زیـاد بکەن لە کاتی زیادبوونی خواسـتدا بـەهۆی ئـەوەی دەزگـای بەرهـەمهێنانیان نەرم نییە.

٢- هەڵاوسانی تێچوون (Cost puch inflation):

هەندێك جار بەرهەمهێنەکان ڕووبەڕووی زیادبوونێکی کتوپڕ دەبنەوە لە تێچوونی بنەماکانی بەرهەمهێناندا،ئەویش کاتێ خۆیان لەبەرامبەر سەندیکای بەهێزی کرێکارانی ببیننەوە کە توانای بەرزکردنەوەی ئاستی کرێی کرێکارەکانی هەبێت یان لەوانەیە نرخی هەندێ کەرەستەی خاو بە شێوەیەکی کتوپڕ بەرز بێتەوە، لە هەردوو دۆخەکەدا ئەمە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ بەجێ دەهێڵێت لەسەر نرخی کۆتایی بەرهەم هێنراوەکان کە زیادبوونی تێچوون لە بنەماکانی بەرهەمهێناندا کە کاری تێکردون.

ئەم کاریگەرییەش هەستپێکراوتر دەبێت کاتێك زیادبوونی تێچوونی بەرهەمهێنان زۆر بێت، ولآتانی ئەوروپا بە شێوەیەکی تایبەتی تووشی ئەم دۆخە هاتن کاتێك نرخی سەرچاوەکانی وزە چوار ئەوەندە زیادی کرد لە کاتی قەیرانی نەوت لە ساڵی ١٩٧٣دا، ئەمەش تووشی گێژاوی هەڵاوسانی تێچوونی کردن، چونکە زیادبوونی نرخی وزە کاری کردە سەر هەموو بەرهەم هێنراوەکان و نرخی دەرامەتەکان بە شێوەیەکی گەورە و بەردەوام زیادی کرد لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٣–١٩٧٨. بێگومانی گرانە دەست بەسەر تێچوونەکان دابگیرێت ئەگەر لەو جۆرە بێت کە بنەماکانی بەرهەمهێنان لە دەرەوە هێنرابن، چونکە ئەو دەوڵەتە ناتوانێت نرخی دەرامەتەکان بە شێوەیەکی تەواوەتی کۆنترۆڵ بکات، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە دەرامەتەکان هەر لە بنەڕەتەوە بەگرانی هێنراون.

٣- هەڵاوسانی هێنراو (Imported inflation)

ئەم جۆرەی هەڵاوسان لە ئابوورییە بچووکراوەکان و تازە پێگەیشتووەکاندا دەردەکەوێت و پێناسەش دەکرێت بەوەی کە (**ئەو زیادبوونە خێرا و**

بەردەوامەیە بۆ نرخی ئەو شمەك و كارگوزراییە تەواوانەی لە دەرەوە هێنراون، وەك (جلوبەرگی ئامادەكراو، پێڵاو، خۆراكی ئامادەكراو) ، ئەمەش مانای ئەوەیە كـە دەوڵەت كۆمەڵێك شمەك و كارگوزاری دەهێنێتە ناوەوە كە خۆیان نرخەكانیان بەرزە و ناچارە لە بازاڕە ناوخۆییەكاندا بەو نرخە بەرزانە بیانفرۆشێتەوە)، ئەم دەوڵەتـە ناتوانێـت هـیچ ڕۆڵێكـی بەرچـاو ببینێـت لــە دیـاریكردنی نرخـی شمەكـە هێنراوەكاندا، لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە بەكاربەرێكی بچووكە و ناتوانێت كار بكاتە سەر قەوارەی بازاڕە جیهانییەكان و نرخەكانیان.

٤- هەڵاوسانی نەختینەیی:

هەروەك دەزانین زیادبوونی بڕی پارە لە كۆمەڵگە بێ ئەوەی زیادبوونی قەبارەی بەرهەمهێنانی شمەكی لەگەڵدا بێ دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخـەكان و دواتـر دەبێتـە هـۆی دابـەزینی هێـزی كڕینەكـەی، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی زیادبوونێكی لەناكاو لە دەستاو دەستكردنی ئەو دراوە، لە كۆتاییدا دەبێتـە هۆی بەرزبوونەوەی ڕوو لەزیادی نرخی شمەك و كارگوزارییەكان و هەڵاوسانی سەركێش دروست دەكات، چونكە خـەڵك پێشـبینی ئـەوە دەكـەن كـە هێـزی شت كڕینی دراوەكە زیاتر دابەزێت و بەخێراترین كات بیگۆڕنەوە بە دراوێكـی تر بەها جێگیر یان زەوی وزار یان زێڕ.

کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەڵاوسان:

هەڵاوسـان چـەندین کاریگـەری ئـابووری و کۆمەڵایـەتی لێدەکەوێتـەوە، کـە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە پوختەکانیان بخەینەڕوو:

١. هەڵاوسـان لاسـەنگی لـە تـەرازووی پـارەدان دروسـت دەکـات و بـەرەو کورتهێنـانی دەبـات ، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کـە خواسـت زۆرە لەسـەر هێنراوەکـان و قـەبارەی نێردراوەکـان کـەم دەکـات، چـونکە ئـەو زیـادەی هەڵاوسانەی لە خەرجی میرییدایە زیادبوونی خواستی لێدەکەوێتەوە کە تەنها شمەکـە بەرهـەم هێنراوەکـانی نـاوخۆ ناگرێتـەوە، بـەڵکو هێنراوەکـانیش دەگرێتەوە، هەڵاوسانەکە بەرەو بەرزکردنەوەی تێچوونی بەرهـەمهێنانی ئـەو شمەکانەش دەچێت کە بۆ ناردنە دەرەوەن، ئەمەش توانای بەربەرەکانی لـە بـازاڕە دەرەکییەکانـدا لاواز دەکـات، بۆیـە خواسـتی دەرەکـی لەسـەر کـەم دەکاتەوەو کورتهێنان دروست دەکات بۆ تەرازووی پارەدان.

٢. بەردەوام بەرزبوونەوەی نرخـەکان شـڵەژان و پشـێوی لـە جێبـەجێکردنی پـرۆژە ئابوورییەکانـدا دروسـت دەکـات کـە مەحاڵـە بتوانرێـت تێچـوونی دامەزرانـدنی پرۆژەکـان بەشـێوەیەکی تـەواوەتی دیـاری بکرێـت کـە بـەکارهێنراوەکانیان بـە بـەردەوامی لـە کـاتی جێبـەجێکردنی پرۆژەکـەدا بەرزدەبێتـەوە، ئەمـەش لـە کۆتاییـدا دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە هەندێك لـە کەرتـەکان نـەتوانن دەرامـەتی پێویسـت پەیـدا بکـەن بـۆ تـەواوکردنی پرۆژەکانیان.

٣. هەڵاوسان دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکان متمانەیان بە دراوەکـەیان بێهێـز بێت و هاندەری پاشەکەوت کردنیشی لاواز دەبێت، چونکە ئەگەر بەهای پارە بـەرەو دابـەزینی بـەردەوام ڕۆیشـت، ئـەوا ئـەو ئەرکـە لەدەسـت دەدات کـە

کۆکەرەوەی بەهایە، ئەمەش حەزی هەڵگرتنی شمەکیان لەلا زیاتر دەکات بەرامبەر بە دراو، بەمەش ئارەزوویان زیاتر بەرەو خەرجکردنی بەکاربردن دەڕوات، ئەوەشی کە دەمێنێتەوە لە دراو دەیگۆڕنەوە بە زێڕ و ئەو دراوە بیانییانەی بەهاکانیان جێگیرە یان ئاراستەی کڕینی شمەکی تەمەن درێژ و زەوی وزاری دەکەن.

٤. هەڵاوسان دەبێتە هۆی دووبارە دابەشکردنەوەی داهات:

بەرزبوونەوەی ئاستەکانی نرخ دەبێتە هۆی دابەزینی هێزی کڕین لای ئەو کەسانەی داهاتەکانیان دیاری کراوە کە زۆرینەی کۆمەڵگە پێك دەهێنن لە کاتێکدا خاوەن زەوی و زار و خانوبەرە و پیاوانی کار کە کەمینەن لە کۆمەڵگەدا هەڵاوسانەکە دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتەکانیانو دابەش کردنەوەی داهاتەکە بە شێوەیەك دەبێت کە لە بەرژەوەندیان بێت.

چارەسەری هەڵاوسان:

دەتوانرێت بە چەند شێوازێکی جیاواز چارەسەری هەڵاوسان بکرێت کە گرنگترینیان ڕامیاری نەختینەیی و ڕامیاری دارایی و ڕامیاری دەستێوەردانی ڕاستەوخۆیە و ئەم ڕامیاریانەش خۆیان لەم کار ڕاپەڕاندانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١- ڕامیاری نەختینەیی:

ئەو ڕامیارییەیە کە پەیوەندی بە دراو ودەزگای بانکەوە هەیە وکاردەکاتە سەر خستنەڕووی دراو تا قەبارەی هێزی شت کڕین فراوان بکات یان کەم بکاتەوە، وا لە خوارەوە بەکورتی باسی ئامرازەکانی ڕامیاری نەختینەیی دەخەینە ڕوو:

أ- نرخی سوو: ئـەو نرخەیـە کـە بانکـە بازرگانییـەکان لەگـەڵ کەسـەکاندا مامەڵەی پێ دەکەن واتە ئـەو نرخـی سـووەیە کـە بانکـە بازرگانییـەکان لـە کـاتی بەخشـینی قـەرزەکان و ئاسـانکارییە متمانییەکانـدا بـۆ کەسـەکان دەستیان دەکەوێت و ئەوەشە کە کەسـەکان لـە بەرامبـەر پاشـکەوتەکانیان لای بانکە بازرگانییەکان دەستیان دەکەوێت.

بانکە بازرگانییەکان پابەند دەبن بە بەرزترین ئاستی نرخی سووە کە بانکی مەرکەزی دیاری دەکات و لە کاتی هەڵاوساندا نرخـی سـوو بـەرز دەکرێتـەوە لەسـەر سـپاردەکان تـا هـانی کەسـەکان و دەزگاکـانی پێبـدرێت بـۆ دانـانی پارەکانیان، ئەمەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە گـەورەترین ڕێـژەی پـارە لـە بازاڕەکانـدا بکێشـێتەوە و لـە بـانکی مەرکەزیـدا هـەڵبگیرێت، بـەڵام لـەکاتی داکشانەوەدا بە پێچەوانەیە.

ب- ڕێژەی یەدەگی دراوی یاسایی (ڕێژەی یەدەگی نەختینەیی یاسایی):
بریتییە لەو ڕێژە پارەیەی کە پێویستە بانکی بازرگانی بەپێی یاسا لە بـانکی مەرکەزیدا هەڵی بگرێت، ئەو ڕێژە پارەیەش هیچ سوودێکی ناچێتەسەر.

ئەوەی بەڵگە نەویستە ئەوەیـە کـە گـۆڕانی ئـەو ڕێژەیـە کـار دەکاتـە سـەر پاشماوەی هەر سپاردەیەك لای بانکی بازرگانی، لە پاشاندا کار دەکاتە سـەر توانای ئەم بانکانە بۆ قەرزدان و دابینکردنی دراو بۆ دەستاو دەسـتکردن لـە ئابووری نیشتمانیدا.

لێرەدا لـەکاتی هەڵاوسـان بـانکی مەرکـەزی هەڵدەسـتێت بـە بەرزکردنـەوەی ڕێژەیی یەدەگەکە بۆ ئەوەی قەبارەی پارەی ماوە لەلای بانکە بازرگانییەکان کەم بکاتەوە، بەمـەش کـار دەکاتـە سـەر قـەبارەی قـەرزدان و خسـتنەڕووی پارە لە گەڵیدا بەهای پارەکەش بەرز دەبێتەوە.

ج- کردارەکانی بازاڕی کراوە(لەسەرپشت): ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە بانکی مەرکەزی هەڵدەستێت بە کڕین یان فرۆشتنی قەباڵە میرییەکان بە ئامانجی ئەوەی ڕاستەوخۆ کاری بکاتە سەرقەبارەی یەدەگە نەختینەییەکان لای بانکە بارزگانیەکان.

لە کاتی هەڵاوساندا بانکی مەرکەزی ئەم قەباڵانە بە بانکە بازرگانییەکان دەفرۆشێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی قەبارەی یەدەگە نەختینییەکان و کەمبوونەوەی تواناکانی قەرزدانیان، لە کۆتاییدا کەمبوونەوەی خستنەڕووی پارە.

٢- ڕامیاری دارایی:

مەبەست لە (ڕامیاری دارایی) لە دیاریکردنی سەرچاوە جیاوازەکانی دەسهات گشتییەکانی دەوڵەت و دیاریکردنی بایەخی هەریەکە لەو سەرچاوانە لەلایەك و لە لایەکی ترەوە دیاریکردنی ئەو ڕێگایانەی کە ئەم دەسهاتانەی پێ بەکار دەهێنرێت لە پارەدارکردنی خەرجییەکانی میریدا، گرنگترین ئامرازەکانی ڕامیاری دارایی ئەمانەیە:

أ- **زیادکردنی باجەکان:** باج یەکێکە لەو هۆپێناوانەی (ڕێگایانەی) کە بەکاردەهێنرێت لە ڕووبەڕووبونەوەی هەڵاوسان و بێ بازاڕی، جا ئەو باجە لەسەر داهاتی باجەکانی سەرشمەك و کارگوزرای سەپێنراو بێت. باج بە کاریگەرترین هۆپێناو دادەنرێت لە چارەسەرکردنی هۆکارەکانی هەڵاوساندا، لەبەر ئەوەی توانای شت کڕینی کەسەکان و دەستەکان کەم دەکاتەوە و کاردەکاتە سەر ئارەزووی بەکاربردن، پاشانیش کەمبوونەوەی خەرجی بەکاربردن، ئەمەش مانای ئەوەیە خواستی هەمووەکی کەم دەکات کە کارێکی ڕاستەوخۆی دەکردە سەر هەڵاوسانەکە.

ب- کەمکردنەوەی خەرجی میری: ئاشکرایە ئەو خەرجکردنەی کە میری ئەنجامی دەدات دوو جۆرن کە ئەمانەن: (خەرجی بەگەڕ — خەرجی وەبەرهێنان) سەرجەمی خەرجی میری بەشێکی گەورە پێك دەهێنێت لەسەرجەمی خەرجی هەمووەکیدا، لەبەر ئەوە کەمکردنەوەی خەرجی میری واتە کەمکردنەوەی خواستی هەمووەکی (خەرجی هەمووەکی) یە لەسەر شمەك و کارگوزارییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توندی هەڵاوسانەکە و کەمکردنەوەی کاریگەریە ئابوورییەکانی.

٣- ڕامیاری دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ: مەبەست لەم ڕامیارییە ئەو کار ڕاپەڕاندنانەیە کە دەوڵەتەوە بەکاری دێنێ بۆ گۆڕینی هەڵاوسانی کراوە بۆ هەڵاوسانێکی کپکراو.

داکشانەوە: (Deflation)

داکشانەوە (دیاردەیەکی ئابوورییە کاتێك ڕوو دەدات کە سەرجەمی خەرجی بۆ کڕینی بەکاربردن و وەبەرهێنان (خواستی هەمووەکی) کەمتر بێت لە توانای بەرهەمداری بۆ ئابووری نەتەوەیی).

هۆکارەکانی داکشانەوە:

چەند هۆکارێك هەیە بۆ دەرکەوتنی ئەم دیاردە ئابوورییە گرنگترینیان ئەمانەیە:

أ- هۆکارە سروشتییەکان: مەبەست لە هۆکارە دروست نەکراوەکانەکە و هیچ ڕامیارییەکی ئابووری میری لە پشتەوە نییە، وەك ئەو داکشانەوەیەی کە لە دەوڵەتێکدا ڕوودەدات بەهۆی ڕوودانی دیاردە سروشتییەکانی وەك بومەلەرزە و لافاو و گەردەلوولە کاولکارەکان کە کاردەکەنە سەر گشت جموجۆڵە ئابوورییەکان لەو دەوڵەتەدا.

ب- هۆکارە ئابوورییەکان: مەبەست ئەو هۆکارانەیە کە بەهۆی ڕامیارییە ئابوورییەکانەوە پەیدا دەبن کە میری پەیڕەویان دەکات، بۆ نموونە لەکاتی چارەسەری هەڵاوساندا، میری ڕامیارییەکی نەختینەیی تایبەت پەیڕەو دەکات ئەویش کەمکردنەوەی خستنەڕوو و دەستاو دەستکردنی دراوە، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی متمانەپێدان و قەرزەکانە، ئەگەر میری لەسەر ئەم ڕامیارییە بەردەوام بێت، ئەوا داکشانەوەی لێ دەکەوێتەوە یان ئەگەر میری بڕیار بدات دەرامەتە داراییەکان ڕابگرێت کە بڕیاریان لەسەر دراوە، ئەمەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی نرخەکان و جێگیرکردنی بەهای نەختینەیی بۆ دراوەکە.

ج– هۆکارە رامیارییەکان: جێگیرنەبوونی بارودۆخی رامیاری یان جەنگ دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی گوزەرانی دانیشتوان و کەمبوونەوەی خواستیان ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە کەرتی تایبەتیش بەهۆی خراپی بارودۆخەکەوە بەرهەمهێنانیان کەم دەکەنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زۆربوونی بێکاری و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئابووری وڵات بەرەو داکشان و بێ بازاڕی بڕوات.

کاریگەری داکشانەوە:

١. داکشانەوە پاڵ بەبەرهەم هێنەکانەوە دەنێت بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانیان و لەکارخستنی بەشێك لە وزەی بەرهەمداریان، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی قەبارەی بەکارخستن و کەمبوونەوەی داهاتە دابەشکراوەکان و سەرەنجام دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خواستی هەمووەکی و ئاستی چالاکی ئابووریش بەرەو خراپبوون دەڕوات تا دەگاتە قۆناغی بێ بازاڕی.

٢. بەرزبوونەوەی تێکڕای بێکاری و نزمبوونەوەی ئاستی بەرهەمی نەتەوە و داهاتی نەتەوەیی.

٣. لەوانەیە سەرهەڵدانی داکشانەوە پاڵ بە سەرمایەی نیشتمانییەوە بنێت بۆ وەبەرهێنان لە دەرەوە لە جیاتی بەکارخستنی لە ناوخۆدا.

چارەسەری داکشانەوە:

ئەو ئابوورییەی کە بە دەست داکشانەوەوە دەناڵێنێت (واتە کورتهێنانی قەبارەی خەرجی هەمووەکی لە ئاست بەرهەمی نەتەوەییدا) دۆخێکی ناهاوسەنگە و ئەو جیاوازییەی لە نێوان قەبارەی داهاتی نەتەوە و خەرجی نەتەوە دروست دەبێت پێی دەوترێت (کەلێنی داکشانەوە)، ئەگەر وا دابنێین

که داهاتی نەتەوە(٢٥٠ ملیۆن دۆلار) و (خـەرجی نەتـەوە ٢٤٠ ملیـۆن دۆلار) بێت ئەوا ئەو جیاوازییەی کـە دەکاتـە(١٠ملیـۆن دۆلار) کـەلێنی داکشـانەوەکە دەنوێنێت.

لەکاتی چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەدا پێویستە ئاستی خەرجییـەکان بـەرز بکرێتەوە تا بگاتە ئاستی داهاتی نەتەوە، ئەوەش ئاستی هاوسەنگییەکەیە و دەتوانرێت ئەو زیادەیە لە قەبارەی خەرجییەکاندا بەم ڕێگایانە بهێنرێتەدی:

١. فراوانکردنی خەرجییەکانی میری (خەرجی بەگـەڕ – خـەرجی وەبـەرهێنان):

ئەم فراوانکردنە زیادکردنێك لە قـەبارەی خواسـتی هـەمووەکی دەنوێنێـت کە دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی کـەلێنی داکشـانەوەکە یـان نەهێشـتنی، چـونکە کـاتێ مـیری هەڵدەسـتێت بـەزیادکردنی خەرجییـەکان واتـە دابەشـکردنی داهـاتی نوێیـە بەسـەر هەنـدێك بنـەمای بەرهـەمهێنان واتـە زیادکردنی توانای شت کڕینیان، ئەمەش کار دەکاتە سـەر بەرزکردنـەوەی ئـارەزووی بـەکاربردن و لـە پاشـاندا زیـادبوونی خـەرجکردن بـۆ شمـەك و کارگوزارییەکان و، ئەمەش قەبارەی خواستی هەمووەکی زیاد دەکات.

٢. کەمکردنەوەی باجەکان:

کەمکردنەوەی باجەکان واتە زیادبوونی داهاتی ڕەخساوە بۆ خـەرجکردن، چونکە ئەگەر میری ئەم کارە ئەنجامبدات ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هـۆی زیـادکردنی توانـای شـت کڕینـی کەسـەکان، ئەمـەش مانـای بەرزکردنـــەوەی ئاســـتی ئـــارەزووی بـــەکاربردن و زیـــادبوونی خـــەرجی بەکارهێنانە، لەمەشەوە کەمکردنەوەی باج یـان نەهێشـتنی دەبێتـە هـۆی زیـادبوونی قـەبارەی خواسـتی هـەمووەکی، لـە پاشـاندا بچـووکبوونەوەی کەلێنی داکشانەوەکە یان نەمانی.

٣. کەمکردنەوەی نرخی(سوو) لەلایەن بانکی ناوەندییەوە:

کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی داکشانەوە، چونکە کەمکردنەوەی نرخی سوو دەبێتە هۆی هاندانی کەرتی تایبەت بۆ قەرزکردن و فراوانکردنی وەبەرهێنان و دامەزراندنی کارگەی نوێ، بەمەش بواری کارکردن بۆ کرێکاران دەڕەخسێت و داهاتی نوێ بەسەر خەڵکدا دابەش دەبێت و خواست زیاد دەکات و چالاکی ئابووری گەشە دەکات، وەك(ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپا و ژاپۆن و زۆربەی دەوڵەتانی تری جیهان بۆ چارەسەرکردنی ئەم (داکشانەوە و بێ بازاڕییەی ئابووری جیهانی گرتەوە لە ساڵانی (٢٠٠٨) پەنایان بردە بەر (کەمکردنەوەی نرخی سوو).

پرسیارەکانی بەشی یەکەم

١. **پێناسەی ئەمانە بکە: (داهاتی راستەقینە – داهاتی تاکەکەس – داهاتی نەتەوەیی – بارگۆڕانی ئابووری – بەرهەمهێنان – هەڵاوسان – داکشانەوە).**

٢. **پێکهێنەرەکانی داهاتی نەتەوەیی کامانەن؟**

٣. **ئەو هۆکارانە دیاری بکە کە ئاستی داهاتی نەتەوەیی دیاری دەکات؟**

٤. **باس لە ڕۆڵی هەریەکە لە (کەرتی کەسەکان وکەرتی بەرهەمهێنان) بکە لە چالاکی بەرهەمهێنان؟**

٥. **ئەو گیروگرفتانە کامانەن کە تووشی شارەزاکان دەبن لە کاتی حسابکردنی داهاتی نەتەوەدا.**

٦. **بارگۆڕانی ئابووری پێناسە بکە و قۆناغەکانی بە هێلکاریەوە دیاری بکە؟**

٧. **مەبەستمان لە (کەمبوونەوەی بەکاربردن) چییە؟**

٨. **مەبەستمان لەم زاراوە ئابوورییانە چییە؟**

(هەڵاوسانی هاوردە – بەهای زێدەدانراو – کەلێنی داکشانەوە)

٩. **جیاوازی نێوان ئەمانە بکە:**

أ- داهاتی نەتەوە و بەرهەمی نەتەوە.

ب- داهاتی نەختینەیی و داهاتی راستەقینە.

ت- هەڵاوسان و داکشانەوە.

پ- داهاتی دانەشکاو و داهاتی رەخساو.

١٠. **شوێنەوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەڵاوسان کامانەن؟**

١١. **هەڵاوسانی تێچوون چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

١٢. **دیاردەی هەڵاوسان چۆن چارەسەر دەکرێت لەڕێگای (ڕامیاری نەختینەیی ڕامیاری دارایی)ەوە؟**

ئینگلیزی	عەرەبی	کوردی
National Income	الدخل القومي	داهاتی نەتەوە
Personal Income	دخل الفرد	داهاتی تاکەکەس
National product	الناتج القومي	بەرهەمی نەتەوەیی
Production	الانتاج	بەرهەمهێنان
Monetary Income	الدخل النقدي	داهاتی نەختینەیی
Real Income	الدخل الحقيقي	داهاتی راستەقینە
Value Added	القيمة المضافة	بەهای زێدەدانراو
Input	المستخدمات	بەکارهێنراوەکان
Income Disturputed	الدخل الموزع	داهاتی دابەشکراو
Expendituer	الانفاق	خەرجی
Economic Fluntution	التقلبات الاقتصادية	بارگۆڕانی ئابووری
Recession	الركود	داکشانەوە
Depression	الكساد	بیٚ بازاڕی
Recovery	الانتعاش	بووژانەوە
Boon	الازدهار	برەوسەندن
Consumption	الاستهلاك	بەکاربردن
Inflation	التضخم	هەڵاوسان
Demand push in flation	تضخم الطلب	هەڵاوسانی خواست
Cost push in flation	تضخم الكلفة	هەڵاوسانی تێچوون
Imported inflation	التضخم المستورد	هەڵاوسانی هاوردە
Deflation	الانكماش	داکشانەوە

بەشی دووەم
بازرگانی
TRADE

سەرەتا:

پاش ئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشکەوت و کەسەکان پسپۆڕیان وەرگرت لە بەرهەمهێنانی شمەکی دیاری کراودا دوو شت لایان دەرکەوت:

یەکەمیان: بڕی شمەکێکیان بەرهەم دەهێنا کە زیاتر بوو لە پێویستی خۆیەوە.

دووەمیان: پێویستیان بە شمەکێکی دیکە هەبوو کە پسپۆڕ نەبوون لە بەرهەمهێنانیدا، لە بەر ئەمە ئەو شمەکەی لە پێویستی خۆیان زیاتر بوو بیگۆڕنەوە بەو شمەکانەی کە پێویستییان پێیەتی یان (دەگمەنە). ئەم گۆڕانەی لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان کەسەکان ڕوویدا سەرەتای دەرکەوتنی بازرگانی بوو لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا.

پێناسەی بازرگانی:

بریتییە لە کرداری کڕین و فرۆشتنی (ئاڵوگۆڕی) شمەك و کارگوزارییەکانە کەلە ناوخۆ یان لە نێوان دەوڵەتەکان ڕوودەدات، ئەوەی بەم کارە هەڵدەستێت پێی دەوترێت (بازرگان).

بازرگان: ئەو کەسەیە کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی (بەردەوام) پیشەی بازرگانی بێت جا ئەو کەسە کەسێکی ئاسایی بێت یان مەعنەوی.

بازرگانیش دابەش دەکرێت بۆ دوو بەشی سەرەکی:

١-بازرگانی ناوخۆ: مەبەست لێی کرداری ئاڵوگۆڕ (کڕین و فرۆشتن)ە کە لەناو سنووری جوگرافی یەك دەوڵەتدا ئەنجام دەدرێت، دابەش دەکرێت بۆ دوو بەش:

أ- بازرگانی سەرجەم: ئەو کردارە ئاڵوگۆڕ کردنانەیە کە لە نێوان بازرگانەکان خۆیان دا ڕوو دەدەن و کڕین فرۆشتن تیایدا بە بڕی گەورەو زۆرە، نرخیش لە بازرگانی سەرجەم کەمترە وەك لە بازرگانی وردە.

ب- بازرگانی وردە (دانە): ئەو کردارانەیە کە لە نێوان بازرگانی وردەو بەکاربەرەکاندا ڕوو دەدات و کرداری کڕین و فرۆشتنەکەش بڕەکەی کەم و دیاری کراوە، نرخیش لە بازرگانی وردە زیاترە وەك لە بازرگانی سەرجەم هەیە.

٢- بازرگانی دەرەکی: ئەو کرداری ئاڵوگۆڕ کردنانەیە کە لە سنوورە نێو دەوڵەتییەکاندا ئەنجام دەدرێت، واتە: گۆڕینەوەی شمەك و کارگوزارییە لەنێوان دەوڵەتاندا، بازرگانی دەرەکی لە سادەترین شێوەیدا بریتییە لە کردارەکانی هێنان و ناردن ، کەواتە بازرگانی دەرەکی پێك دێت لە:

یەکەم: کۆمەڵەی نێردراوەکان (export) لە دوو بەش پێکدێن:

أ- نێردراوی شمەك یان نێردراوی بینراو:ئەو نێردراوە بینراون کە تاك دەتوانێ بیان بینێ وەك ئۆتۆمبێل و ئامێرو خواردەمەنی و جلوبەرگ.

ب- نێردراوی خزمەتگوزاری یان نێردراوی نەبینراو: لەو نێردراوانە پێکدێت کە تاکەکان ناتوانن بیانبینن وەك خزمەتگوزاری گەشتوگوزار و بانکەکان و گواستنەوە و میوانخانەکان.

دووەم: کۆمەڵەی هێنراوەکان (هاوردەکراو) (import) بەهەمان شێوە لە دوو بەش پێکدێت:

أ– هێنراوی شمەك یان هێنراوی بینراو.

ب–هێنراوی خزمەتگوزاری یان هێنراوی نەبینراو.

لەچەند رووێکەوە بازرگانی ناوخۆ لە بازرگانی دەرەکی جیاوازترە:

لێرەدا دەمانەوێت بەکورتی هۆکارەکانی جیاوازی نێوان بازرگانی ناوخۆو بازرگانی دەرەکی بخەینە روو کە ئەمانەن :

١– بازرگانی ناوخۆ لە نێوان کەسەکان و یەکە ئابوورییەکانی ناو یەك سنووری سیاسی (رامیاری) ئەنجام دەدرێت، بەڵام بازرگانی دەرەکی لە نێوان ئەو کەس و یەکە ئابوورییانەدا ئەنجام دەدرێن کە سەر بە دەوڵەتی جۆراو جۆرن (جیاوازن).

٢– کەسەکان سەر بە چەند یەکەیەکی سیاسی جیاوازن و ملکەچی کۆمەڵێك یاساو رێسای جۆراوجۆرن و هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانەش رامیاری ئابووری تایبەت بە خۆی هەیە پەیرەوی دەکات و دەیەوێت چەند ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەدەست بهێنێت وەك بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی ئابووری بۆ هاوڵاتیانی خۆی، لەهەمانکاتدا میری ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کە جیاوازی لە نێوان ئەو کەسانە نەکات کە هەڵگری هەمان رەگەزنامەی ئەو دەوڵەتەن، بەڵام سوورە لەسەر مامەڵەکردنی بیانییەکان بەشێوەیەك کە جیاوازە لەو مامەڵەیەی لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆیدا دەیکات.

٣– جیاوازی سروشتی بازارەکان یەکێکە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییەکی ئاشکرای لەسەر سروشتی ئاڵوگۆری بازرگانی و جیاوازی

بازاڕەکـان لـە نێـوان دەوڵەتـەکان هەیـە، ئـەویش خـۆی لـە جیـاوازی حـەزو ئـارەزوو و تایبەتمەنـدی ژینگـەکانیان دەبینێتـەوە، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی سەرهەڵدانی ناچوێنییەکی لە هەڵبژاردنی شمەك و کارگوزارییەکان، سـەرەڕای ناچۆنییەکی لە بـوونی بەربەسـتە سروشـتی و کـارگێڕی و ڕامیارییـەکان وەك دووری جـوگرافی کـە دەبێتـە هـۆی بەرزکردنـەوەی تێچـوونی گواسـتنەوەو کارڕاپەڕاندنـە کارگێڕییـەکان کـە دێتـە ڕێگـەی گواسـتنەوەی شمەکـەکان لەڕێگەی سنووری ڕامیاری (وەك ئەو بەڵگەنامە تەندروسـتیانەی دەسـەلمێنن کە شمەکـە هێنراوەکـان دوورن لـە هـەموو نەخۆشـییەك و پیسـبوونێك) یـان بەربەستە ئابوورییەکانی (وەك ڕەسمی گومرگی) ئەمانـە هـەموو هۆکـارن بـۆ جیاکردنەوەی بازاڕەکان لە یەکتری.

٤- جیاوازی یەکە نەختینەییەکان و سیستەمی بانکی لە نێوان دەوڵەتەکاندا

بـە هۆکـارێکی جیاکردنـەوەی دەوڵەتـەکان دادەنرێـت، هـەر وڵاتێـك ئـامرازی دارایی و بانکی و دراوی نیشـتمانی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە کـە لـە وڵاتێکـی دیکەی جیا دەکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی خۆیەوە دەبێتە هـۆی ناچـۆنییەکی جیاوازی لە بازرگانی ناوخۆو دەرەکی دا، چونکە لە کـاتی بـوونی پەیوەنـدی بازرگانی لەنێوان دوو دەوڵەتـدا ناچـارین کـرداری گۆڕینـەوەی دەرەکـی یـان گۆڕینەوەی دراو بە دراوێکی تر ئەنجام بدەین و ئەگـەرێکی گـەورە هەیـە کـە نرخـی دراو گۆڕینـەوە بگۆڕێـت یـان سەربەسـتی دراو گۆڕینـەوە بوەسـتێت ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە بازرگـانی دەرەکـی تووشـی مەترسـی نەختینەیی بێت، کەئەمە لە بازرگانی ناوخۆدا نییە، چونکە لە سـنووری ئـەو دەوڵەتەدایەو یەك دراو بەکاردێت.

٥- توانای گواستنەوەی کرێکار و سەرمایە لە ناوخۆ و دەرەکیدا جیاوازە، چونکە گواستنەوەی بنەماکانی بەرهەمهێنانی وەك کارو سەرمایە لە ئابووری نشتیمانی یان لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی ولاتێك زیاتر سەربەست دەبێت، بەلام سەربەستی گواستنەوەیان لە نێوان دەولەتەکاندا دیاری کراو دەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەو گیروگرفتانەوە دەبێت کە دێتە رێگەیان وەك گیروگرفتی کارگێری و ئەو گیروگرفتانەی کە پەیوەندییان بە جیاوازی زمان و نەریت و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و یاساکان هەیە کە رێگرن لەبەردەم گواستنەوەی کرێکار، سەرەرای ئەو تێچوونە زۆرەی کە پێویستە بۆ ئەو گواستنەوەیە لە دەولەتێکەوە بۆ دەولەتێکی تر.

سەرمایە بەئاسانی لە دەولەتێکەوە بۆ دەولەتێکی تر ناگوێزرێتەوە، چونکە خاوەن سەرمایەکان وەبەرهێنانیان لە ولاتەکانیان پێ باشترە لە ترسی ئەو بارگرژییە رامیاری و ئابوورییانەی کە لەوانەیە لە دەرەوە رووبدات، هەروەها بە ئاسانی دەتوانن سەرپەرشتی سەرمایەکانیان بکەن لە ولاتەکانیاندا.

هۆیەکانی دروستبوونی بازرگانی دەرەکی:

دوو هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ دروستبوونی بازرگانی دەرەکی کە ئەمانەن:

١- هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت پێداویستییەکانی خۆی پڕبکاتەوە: گرانە بەدەرامەتە ناوخۆییەکان هەموو پێداویستییەکانی دەوڵەت پڕبکرێتەوە، بەتایبەتیش پاش زۆربوونی پێداویستییەکانی ئادەمیزاد و جۆراوجۆربوونیان و جیاوازی توانای دەوڵەتەکان لە دابینکردنی پێویستییەکان لە پاڵ جۆراو جۆری ئارەزووەکانی کەسەکاندا.

٢- ئەو دەسکەوت و چاکانەی کە لە ئەنجامی بازرگانییەوە بەدەست دەهێنرێن: دەوڵەت هەڵدەستێت بەناردنە دەرەوەی ئەو شمەکانەی کە زیادەیەکی ڕێژەییان هەیە و هێنانی ئەو شمەکانەش کە دەگمەنی ڕێژەییان هەیە.

گرنگی بازرگانی دەرەکی:

کەرتی بازرگانی بەبەشێکی گرنگی پەیکەربەندی ئابووری نەتەوە و بازرگانی دەرەکیش دادەنرێت، چەند گرنگیەکی گەورەی هەیە کە دەتوانین پوختەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١- بازرگانی دەرەکی دەرفەت بۆ هەموو ولاّتێك دەرەخسێنێت تا ئەو شمەکانە پەیدا بکات کە لای دەست ناکەوێت، جا بە هۆی بارودۆخی ئاو و هەواوە بێت یان بێ توانایی سروشتییەکەی ناتوانێ بەرهەمی بهێنێت.

٢- بازرگانی دەرەکی بە هۆکارێکی گرنگی ولاّتە تازە پێگەیشتووەکان دادەنرێت کە هەوڵی پەرەپێدانی ئابووری دەدەن، چونکە بازرگانی دەرەکی دەرفەت بۆ ئەم دەوڵەتانە دەرەخسێنێت تا لە دەوڵەتە پیشەسازی و پێشکەوتووەکان قەرزیان دەست کەوێت، قەرزدانی

نێودەوڵەتیش شێوەیەکە لە شێوەکانی گواستنەوەی شمەك و کارگوزارییە پێویستییەکانی وەك ئامێرو مەکینە کە بۆ هێنانەدی پەرەپێدانەکە گرنگە.

٣- بازرگانی دەرەکی بە سەرچاوەیەکی داهاتی زۆربەی دانیشتوان دادەنرێ، جالە رێگەی ئەو چالاکییە راستەوخۆیانەوە بێت کە پەیوەستە بە کردارەکانی هێنان و ناردنە دەرەوە بێت، یاخود لەرێگەی چالاکییە یارمەتیدەرو تەواوکەرانەوەی وەك گواستنەوەو هەڵگرتن و داگرتن...هتد بێت.

٤- بازرگانی دەرەکی ئامرازێکە بۆ نزیککردنەوەی ماوە دوورەکان و سنوورەکانی نێوان دەوڵەتەکان دەبڕێت و بەتایبەتیش لەسایەی پێشکەوتنی هۆیەکانی گەیاندن و پەیوەندییە تەلدار و بێ تەلەکان.

بنەماکانی دروستبوونی پسپۆری نێو دەوڵەتی:

بنەڕەتی دامەزراندنی پسپۆربوونی نێو دەوڵەتی و پاشانیش ئاڵوگۆڕی لە نێوان دەوڵەتەکان بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە کە دەتوانرێت لەمانەدا کۆیان بکەینەوە:

١- ئاو و هەوا:

بە شێوەیەکی گشتی کەشو هەوا کاریگەری لە سەر تێچوونی بەرهەمهێنان و بە شێوەیەکی تایبەت خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی هەیە، بۆ نموونە گەرمی و تێکڕای بڕی باران بارین لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە، بۆیە ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی دەبێت، ئەمەش لەلایەن خۆیەوە رۆڵی دەبێت لە دیاریکردنی پسپۆربوون و ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتیدا.

٢- ناچۆنیەكی لە دەرامەتە سروشتییەكان:

دەوڵەتان جیاوازییەكی گەورەیان لە نێواندا هەیە لەبارەی دەرامەتانەی كە سروشت پێ بەخشیوون لە زەوی كشتوكاڵی و كانزاكانی وەك ئاسن و مس و خەڵوز و نەوت، ئەو دەوڵەتانەی كە زەوی كشتوكاڵیان هەیە پسپۆر دەبن لە بەرهەمهێنانی چەند بەرووبومێكی كشتوكاڵی، وەك پسپۆربوونی كەنەدا و ئوسترالیا لە گەنم و میسر لە لۆكەدا، ئەو دەوڵەتانەی كە كێڵگەی نەوتیان هەیە پسپۆڕ دەبن لە بەرهەمهێنانی نەوتدا، وەك عێراق و دەوڵەتەكانی كەنداوی عەرەبی.

٣- ناچۆنیەكی لەتوانا مرۆییەكان:

زۆری دەستی كرێكار لەو دەوڵەتانەی كە چڕی دانیشتوانیان زۆرە، دەبێتە هۆی زیادبوونی دەستی كرێكار و بەمەش نزمی كرێ دێتە كایەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەركەوتنیان لە بەرهەمهێنانی ئەو شمەكانەی كە دەستی كاری زۆری پێویستە و دروستكردنیان ئاسانە و شارەزای هونەری و سەرمایەی زۆری ناوێت وەك پیشەسازی ڕستن و چنین لە هیندستان و پاكستان و میسر، بەلام ئەو دەوڵەتانەی بەدەست كەمی دەستی كارەوە دەناڵێنن ئەوا خواست لەسەر دەستی كار، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی كرێ، بەمەش ڕوو لە پسپۆربوونی ئەو پیشەسازییانە دەكەن كە سەرمایەی چڕی(زۆری) پێویستە، گەر كەرەستەی خاو و سەرمایەو شارەزای هونەرییان تێدا هەبێت وەك پسپۆربوونی بەریتانیاو ئەڵمانیاو ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لە بەرهەمهێنانی پاپۆڕ و شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل... هتد.

٤- ناچۆنیەکی لە بڕی سەرمایەی بەردەست:

سەرمایە هۆکارێکە بۆ ناچۆنیەکی بەرهەمهێنان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر، هەندێك لەو دەوڵەتانەی کە پشتێنەیەکی (رەصیدێکی) گەورەی سەرمایەیان هەیە، وا چاوەڕوان دەکرێت ئەو وڵاتانە پسپۆر بن لە بەرهەمهێنانی شمەکی وەبەرهێنان وەك ئامێرو ئامرازەکان و شمەکەکانی دیکە کە سەرمایەیەکی زۆریان پێویستە، بەڵام سەبارەت دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان کە بەدەست دەگمەنی رێژەیی سەرمایەوە دەناڵێنن (جگە لەو دەوڵەتانەی نەوت دەنێرنە دەرەوە) ئەوا پێشکەوتنی پیشەسازییان بە شێوەیەکی تایبەتی تەگەرەی تێ دەکەوێت و ناچاریان دەکات پسپۆربن لەو پیشەسازییە سادەو ساکارانەی کە کرێکاری زۆریان پێویستە.

بیردۆزەکانی بازرگانی دەرەکی

١- بیردۆزی تێچوونە ڕەهاکان (لەباری ڕەها):
The Theory Of Absolute Costs

بازرگـانی دەرەکـی بـەپێی بـیروڕای (ئـادەم سمـث) کـە خـاوەنی ئـەم بیردۆزەیە یارمەتی هەر دەوڵەتێك دەدات کە پسپۆر بێت لـە بەرهـەمهێنانی ئـەو شمەکەدا کە بـارودۆخی سروشـتی و کـەش و هـەوا و ئادەمیزادەکـانی لـەبارە و بیگۆڕێتەوە بەو شمەکەی کە پێویستی پێیەتی و پسپۆر نییە تیایدا.

ئـادەم سمـث ڕوونـی دەکاتـەوەو دەڵێـت: (کاردابەشـکردنی نێودەوڵـەتی دەوڵـەت ناچـار دەکـات کـە پسـپۆر بێـت لـە بەرهـەمهێنانی ئـەو شمەکـەی کـە هەلومەرجە سروشتییەکان (خاك و ئاو و هەوا) و ئادەمیزادییەکان یارمەتی بدات کـە بـاری ڕەهـای هـەبێت لـە بەرهـەمهێنانی داو ئینجـا ئـەو زیـادەی لـە پێویسـتییەکانی هەیـە بیگۆڕێتـەوە بـەو شمەکانـەی کـە دەوڵەتـەکانی تـر لـە پێویستی خۆیان زیاترە و هەمان لە باری ڕەهایان هەیە).

ئـادەم سمـث لـە ڕوونکردنەوەکەیـدا گریمـانی ئـەوە دادەنێـت کـە دوو دەوڵەت هەیە (ئینگلترا و هندستان) دوو شمەك بەرهەم دەهێنن ئەوانیش ڕسـتن و چـنین و برنجـە و تێچـوونە ڕەهاکانیـان (کاتـژمێری کـار) بـەم جـۆرەی خوارەوەیە:

دەوڵەت	برنج	ڕستن وچنین
ئینگلتەرا	٥٠	٤٠
هیندستان	٢٠	٨٠

له نموونەکەی سەرەوەدا دوو دەوڵەت هەیە کە (ئینگلترا و هیندستان)ە و دوو شمەکی (برنج و رستن و چنین) هەیە و لە پێناو بەرهەمهێنانی یەك یەکە برنج لە ئینگلترا پێویستیان بە (٥٠ کاتژمێر کارە) و لە هیندستان پێویستی بە (٢٠ کاتژمێر کارە)، بەمەش تێچوونی بەرهەمهێنانی برنج لە ئینگلترا بەرز ترە بە بەراوردکردن لەگەڵ هیندستان وەیەك یەکە لەرستن و چنین دەتوانرێت لە ئینگلترا بە (٤٠ کاتژمێری کارە) بەرهەمبهێنرێت، بەلام لەهەمان کاتدا هیندستان پێویستی بە (٨٠ کاتژمێری کارە)، لەمەشەوە هیندستان نابێتە خاوەنی لەباری رەها لە بەرهەمهێنانی رستن و چنین دا واتە تێچوونی رستن و چنین لە هیندستان بەرزترە بە بەراوردکردن لەگەڵ ئینگلترادا.

٢-بیردۆزی تێچوونە ڕێژەییەکان (لەباری ڕێژەیی)
The Theory Of Comparative Costs

دیڤید ریکاردۆ ئەم بیردۆزەی بەهۆی کاریگەری بارودۆخە ئابووری و رامیارییەکانی ئینگلتەرای سەدەی نۆزدەهەم دارشتووە و ریکاردۆ بیردۆزەکەی لەسەر چەند گریمانێك بونیادناوە کە ئەمانەن:

أ- بوونی باری کێبڕکێی تەواوەتی.

ب - خستنەگەڕی تەواوەتی لە هەردوو دەوڵەتەکەدا هەبێت.

ج - بەربەستی گومرگی لەنێوان دوو دەوڵەتەکەدا نەبێت.

د- تێچوونی گواستنەوە لەنێوانیان نەبێت و ئاڵوگۆڕکردن بەسەوداگەری (شمەك بە شمەك) بێت.

ه- تەنها دوو دەوڵەت و دوو شمەك هەبێ.

ریکاردۆ بیردۆزەکەی لەڕێگەی ئەم نموونەیەوە ڕوونی کردەوە تێچوونی بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای یەکەکانی کار دەبێت:

دەوڵەت	گەنم	لۆکە
عێراق	٨	٩
میسر	١٢	١٠

لەم نموونەیەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دیار دەکەوێ کە عێراق لە بەرهەمهێنانی هەردوو شمەکەکەدا لە بارێکی ڕەهای هەیە، بەڵام میسر لە بەرهەمهێنان لە هیچ یەکێك لەو شمەکاندا باری ڕەهای نییە، بەڵام ئەگەر تێچوونی بەرهەمهێنانی دوو شمەکەکە بە یەکتری بەراوورد بکەین لەیەك وڵاتداو لەپاشاندا تێچوونی هەر شمەکە بەجیا لەنێوان هەردوو وڵاتەکەدا بەراوورد بکەین، دەبینین کە تێچوونی بەرهەمهێنانی گەنم لەعێراق تا ڕادەیەك کەمترە لەتێچوونەکەی لە میسر و تێچوونی ڕێژەیی لۆکە لە میسر تا ڕادەیەك کەمترە لە تێچوونەکەی لە عێراق و بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لەمیسر: بەرهەمهێنانی تەنێك گەنم پێویستی بە (١٢ یەکەی کارە)، بەڵام بەرهەمهێنانی تەنێك لۆکە پێویستی بە (١٠ یەکەی کارە).

تێچوونی ڕێژەیی بۆ لۆکە = $\frac{١٢}{١٠}$ = ١,٢٠ یەکەی لۆکە.

بەڵام تێچوونی ڕێژەیی بۆ گەنم = $\frac{١٠}{١٢}$ = ٠,٨٣ یەکەی گەنم

واتە تا ڕادەیەك لۆکە هەرزانترە لە گەنم لە میسر.

٢- لەعێراق: بەرهەمهێنانی تەنێك گەنم پێویستی بە (٨ یەکەی کارە) و بەرهەمهێنانی تەنێك لۆکەش پێویستی بە (٩ یەکەی کارە).

تێچوونی ڕێژەیی بۆ گەنم = $\frac{٩}{٨}$ = ١,١٢ یەکەی لۆکە.

بەڵام تێچوونی ڕێژەیی لۆکە = $\frac{٨}{٩}$ = ٠,٨٨یەکەی گەنم

واتە گەنم لە عێراق تا ڕادەیەك هەرزانترە لە لۆکە .

هەر بۆیە میسر لەبەرهەمهێنانی لۆکە پسپۆر دەبێت و عێراقیش لەبەرهەمهێنانی گەنم دا پسپۆر دەبێت و لەپاشاندا ئاڵوگۆڕ لەنێوانیاندا دێتە کایەوە.

ئەگەر وا دابنێین کە تێکڕای ئاڵوگۆڕ لە نێوانیاندا ١ گەنم = ١ لۆکە.

ئەوا میسر (١٧٪) یەکە گەنم قازانج دەکات بۆ هەر یەکەیەك لە لۆکە کە بەرهەمی دێنێ و بۆ عێراقی دەنێرێ، عێراقیش (١٢٪) یەکە لۆکە قازانج دەکات لە بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەی هەر یەکە گەنمێك بۆ میسر.

بەمشێوەیە بەرژەوەندییەکی هاوبەش (قازانج) لە پسپۆربوون و ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی دێتە کایەوە لەکاتی ناچۆنییەکی تێچوونە ڕێژەییەکان هەر چەندە ئەگەر هیچ یەکێکیان لە بارییەکی بێ هاوتاشیان نەبێت لە بەرهەمهێنانی شمەکێکی دیاری کراودا.

بازاڕی دراو گۆڕینەوەی بیانی : Foreign Exchange Market

(ئـەو بازاڕەیـە کـە کەسـەکان و دەزگاکـان و بانکـەکان کـرداری کـڕین و فرۆشتنی دراوی بیانی تیا دەکەن، بەمانایـەکی تـر بـازاڕی دراو گۆڕینـەوە پێناسـە دەکرێـت بـەوەی کـە سـەرچەمی خواسـت و خسـتنە ڕووی دراوە بیانییەکانە).

ئەرکە سەرەکییەکانی بازاڕی دراو گۆڕینەوە:

أ- گۆڕینـەوەی یـەکێك لـە دراوە نیشـتمانییەکان بـە دراوێکـی دیکـە: هـۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خواسـت هەیـە لەسـەر دراوەکـەی دووەم (بیانییەکـە) کـە لـەوەوە دروسـت دەبێـت کـە ئـەو دراوە پێویسـتە جـا سەرچاوەی خواستەکە بۆ گەشتوگوزار یان بازرگانی یان بۆ وەبەرهێنان یـان بۆ چارەسەری نەخۆشی و مەبەستەکانی دیکە وەك گێڕانـەوەی سـوودەکانی قەرز بێت.

ب- دڵنیـاکردن: ئـەرکی دڵنیاکردنـەوە بـە کـارێکی گرنگـی بـازاڕی دراو گۆڕینەوەی بیانی دادەنرێت، چونکە ماوەیەك هەیە لە نێوان ناردنی شمەکێك لەلایەن دەوڵەتێکەوەو هێنانی لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە، ئەم ماوەیـەش بـە مـاوەی گەیشـتن ناسـراوە و ئـەو ماوەیـەش پێویسـتی بـە دڵنیاکردنـەوە (پـارەدارکردن) هەیـە و ئەمـەش ئـەو ئەرکەیـە کـە بـازاڕی دراو گۆڕینـەوەی دراوی بیانی ئەنجامی دەدات.

هەروەها ماوەیەکی دیکە مامەڵە دەرەکییەکان هەیە کە بریتییـە لـەو مـاوەی کە کڕیار پێویستی پێیەتی بۆ دووبارە فرۆشـتنەوەی شمەکـەکانی لـەپێناوی ئەوەی بتوانێ بیدات، پێویسـتیی بـە پـارەدارکردن هەیـە واتـە پێویسـتی بـە

دڵنیاکردنەوە هەیە، هەردەم نێرەران(مصدرون) ماوەی سێ مانگ بە هاوردەکاران دەدەن بۆ دانەوەی ئەو برە پارەیەی لە ئەستۆیانە.

ج – کرداری هاوسەنگ کردن: مەبەست لە کرداری هاوسەنگ کردن لە بازاڕی دراو گۆڕینەوەدا کڕینی دراوەکانە لەو بازاڕەی کە نرخی دراوەکان تارادەیەك نزمە و فرۆشتنەوەی لە بازاڕەکانی تردا کە تارادەیەك نرخەکان تیایدا بەرزتر بێت، ئەم کردارانەش بە هەمیشەیی ڕوو دەدات، چونکە لەلایەك گۆڕانی ڕێژەیی هەیە لە نرخی بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا و، لەلایەکی تریش بەهۆی بوونی جامبازەکان لە بازاڕدا.

نرخی دراو گۆڕینەوە: (Exchange rate)

(بریتییە لە چەند دانەیەك لە دراوی نیشتمانی لەبەرامبەر نرخی یەك یەکە لە دراوێکی بیانی دەدرێت) بۆ نموونە کاتێك نرخی دراو گۆڕینەوە لە نێوان دۆلارو دیناردا دیاری بکەین دەکاتە ژمارەی ئەو دینارانەی کە پێویستن بۆ کڕینی دۆلارێکی ئەمەریکی، ئەمەش مانای ئەوەیە کەکاتێك ١ دۆلار = ١٢٠٠ دینار ئەوا پێویستمان بە پێدانی ١٢٠٠ دینارە تا دۆلارێك بە دەست بهێنین.

دیاریکردنی نرخی دراو گۆڕینەوە:

١- نرخی دراو گۆڕینەوەی جێگیر

ڕێسای زێڕ تاساڵی ١٩١٤ جێبەجێ دەکرا و بەپێی ئەم ڕێسایە هەر دەوڵەتێك ناوەرۆکی زێڕ بۆ دراوەکەی دیاری دەکات و ئامادەیە بۆ کڕین و فرۆشتنی هەر بڕە زێڕێك بەو نرخە، تاکو ئەو ناوەرۆکە زێڕە بۆ هەر دراوێك جێگیر بێت ئەوا نرخی دراو گۆڕینەوەکەشی جێگیر دەبێت.

بۆ نموونە ئەگەر ناوەڕۆکی زێڕینی بۆ دینارێکی عێراقی = ٢/٥٠ گرام لە زێڕو ناوەرۆکی زێڕین بۆ دۆلارێکی ئەمەریکی = ٥ گرام لە زێڕ ئەوە مانای وایە نرخی دراو گۆڕینەوە لە نێوانیان دا دەکاتە دابەشکردنی ناوەرۆکی زێڕین بۆ یەکێك لە دراوەکان لە سەر ناوەرۆکی زێڕین بۆ دراوەکەی تر.

ئەوا نرخی گۆڕینەوەی دۆلار بە دینار = $\frac{\text{٥ گم}}{\text{٢/٥٠ گم}}$ ٢ دینار

ئەوا نرخی گۆڕینەوەی دینار بە دۆلار = $\frac{\text{٢/٥٠ گم}}{\text{٥ گم}}$ = $\frac{١}{٢}$ دۆلار

ئەمەش مانای ئەوەیە کەئەو بڕە زێڕەی لە ئەمەریکا دەتوانین بەدۆلارێك بیکڕین لە عێراق بەدوو دینار، بیفرۆشینەوە ئەو زێڕەی لەعێراق بەیەك دیناردەکڕدرێت لە ئەمەریکا دەفرۆشرێتەوە بە نیو دۆلار، ئەمەش مانای ئەوەیەکە دیناری عێراقی نرخەکەی کەمترە لە دۆلاری ئەمەریکی، چونکە ناوەرۆکە زێڕەکەی کەمترە لە ناوەرۆکە زێڕەکەی دۆلار.

بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی نرخە جێگیرەکان (زێڕ) پێویستە سێ مەرجی سەرەکی هەبێت کە ئەمانەن:

١- دیاریکردنی بەهایەکی جێگیر بۆ دراوی نیشتمانی بە زێڕ.

٢- سەربەستی هێنان و ناردنی زێڕ .

٣- دڵنیابوون لە گۆڕینەوەی دراوە نیشتمانییەکە بە زێڕ و بەپێچەوانەوە بەبێ کۆت بەگوێرەی تێکڕای جێگیری کێشی یەکەی دراوەکە بۆ زێڕەکە.

٢- نرخی دراو گۆڕینەوەی گۆڕاو (نەرم):

نرخی دراو گۆڕینەوە لە یاسای ڕێسای زێڕدا (نرخی گۆڕینەوەی جێگیر)، ڕێسای نرخی دراو گۆڕینەوە لەم ڕێسایەدا پشت دەبەستێت بە وازهێنان لەنرخی دراو گۆڕینەوە تا بە پێی هێزەکانی خواست و خستنە ڕوو دیاری بکرێت، بەمەش دەزگای نرخ کە خۆی لە هێزەکانی خواست و خستنە ڕوودا دەبینێتەوە، نرخی دراو گۆڕینەوە دیاری دەکرێت بەرامبەر بە دراوەکانی تر بەبێ هیچ دەست تێوەردانێکی دەسەڵاتە نەختینەییەکان لە دەوڵەتدا.

لە هێڵکاری ژمارە (٣) دەتوانین ئەو چۆنیەتییە دیاری بکەین کە نرخی هاوسەنگی پێ دیاری دەکرێت **(نرخی هاوسەنگی ئەو نرخەیە کە کڕیارو فرۆشیار لە هەمان کاتدا ئامادەن ئەو دراوەی پێ بکڕن یان بفرۆشن)**



وێنەی ژمارە (٣) دیاریکردنی نرخی دراوگۆڕینەوە

هێڵە ستوونییەکە نرخی گۆڕینـەوەی یـۆرۆ بـە دۆلار بـەدیار دەخـات و هێڵـە ئاسۆییەکەش بڕی خواست و خستنەڕووی یۆرۆیە.

دیاری نرخی گۆڕینـەوە یـۆرۆ لـە خـاڵی (أ) دا نیشـانە دەکرێـت کـە بـەنرخی هاوسەنگی ناو دەبرێت **(واتە یەکسانبوونی خواست و خستنەڕوو بەیەکەوە لەسەر ئەو دراوە)**. جـا ئەگـەر نرخـی دراو گۆڕینەوەکـە لـە (٤ دۆلارەوە) بـۆ (٦ دۆلار) بەرز بێتەوە، ئەمەش دەبێتە هـۆی زیـادبوونی بـڕی خسـتنە ڕوو و کەمبوونەوەی بڕی داواکراو (خواست)، لەبەر ئەوەی خستنەڕووی گـەورەترە (زۆرترە) لە خواست لەسەر یۆرۆ، ئەمەش جارێکی تر دەبێتە هۆی دابـەزینی نرخی گۆڕینەوەکەی تا دەگاتەوە بە نرخی هاوسەنگی (٤).

بەڵام ئەگەر نرخی دراو گۆڕینەوەکە دابەزێت و ببێتـە (٢دۆلار) ئـەوە دەبێتـە هۆی بەرزبوونەوەی بڕی داواکراو و کەمبوونـەوەی بـڕی خسـتنەڕوو، چـونکە قەبارەی داواکراو زیاترە لە قەبارەی بـڕی وەبـازاڕ خـراو یـۆر، ئـەوە دەبێتـە

هـۆی بەرزبوونـەوەی نرخـی دراو گۆڕینـەوە و جـارێکی تـر بـەرەو نرخـی هاوسەنگییەکە (٤) دەڕوات.

بـەکارهێنانی زاراوەی (**تـەعویم** floating) لەسـەرەتای حـەفتاکان سـەدەی بیستەم بڵاوبۆوە کە مەبەست لێی(**دیـاریکردنی نرخـی دراوە لـە بـازاڕدا بـە پێی هێزەکانی خستنە ڕوو و خواسـت بـێ هـیچ دەسـتتێوەردانی دەسـەڵاتە نەختینەییەکان) ئەمەش پێی دەوترێت** (تەعویمی پـاك)، بـەڵام مەبەسـت لـە (تەعویمی ناپاك) ئەوەیە **(ئەگەر دەسەڵاتە نەختینەییەکان دەست وەریدەنە ناو بازاڕەکانی گۆڕینەوەوە وەك کڕیار یـان فرۆشـیار بەمەبەسـتی کارکردنـە سەر بەهای دراوەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو).**

دەوڵەتیش وەك فرۆشیاری دراوە نیشتمانییەکەی دەسـت وەردەداتـە بـازاڕ بەمەبەستی خستنەڕووی پارە زیاتر، پاشان تا دابەزاندنی بەهاکەی لە پێنـاو دابەزاندنی نرخی نێراوەکـان و بـۆ زیـادکردنی خواسـتی جیهـانی لەسـەریان، یاخود وەك کڕیاری دراوەکەی دەست بە ئامانجی کەمکردنەوەی خستنەڕووی و دواتر بەرزکردنەوەی بەهاکەی تا ڕێگە بگرێت لە چوونە دەرەوەی سەرمایە بۆ دەرەوە.

٣. سیستەمی چاودێری کردنی گۆڕینەوەی دراو:

ئـەم سیسـتەمە بـە شـێوەیەکی بـەرفراوان دەرکـەوت کـە پێشـتر جیهـان بـەخۆوەی نـەدیبوو ئەمـەش پـاش قەیرانـە ئابوورییـە گەورەکـەی جیهـان لەماوەی ١٩٢٩–١٩٣٣ کاتێك کارکردن بەم سیستەمە بڵاوبۆوە لـە ئـەڵمانیاو وڵاتانی دیکەی ئەورووپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات و ئەمەریکای لاتینی.

ئەم قەیرانە بووە هۆی هەرەسهێنانی ڕێسای زێڕی جیهانی بـەخۆوە بینـی لەبەر ئەم هۆکارانە:

أ– ئەم قـەیرانە ئابوورییە گەورەیـە بـووە هـۆی دروسـتبوونی کەمبوونـەوەی قەبارەی بازرگانی دەرەکی، کە ئەمەش بووە هۆی کورت هێنـانێکی گـەورەو بەردەوامی تەرازووی پارەدانی ئەو وڵاتانە.

ب – ئـەم قەیرانـە ئابوورییـە کـاری کـردە سـەر ئـابووری گـەورەترین دوو دەوڵەتی قەرزدەر لەو کاتەدا کە ئەوانیش (وڵاتە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکاو بـەریتانیا) بـوون، ئـەنجامی ئەمـەش لێشـاوی ناردنـە دەرەوەی سـەرمایەی درێژخایـەن لـەم دوو دەوڵەتـەوە بـۆ ئـەو دەوڵەتانـەی کـە تـەرازووی پارەدانەکانیان تووشی کورتهێنان هاتبوو کەمی کرد.

ج – چـوونە دەرەوەی سـەرمایە لـە زۆربـەی دەوڵەتەکانـدا بـەهۆی جـێگیر نەبوونی بـارودۆخی سیاسـی (ڕامیـاری) و ئـابووری بـە ئامـانجی دۆزینـەوەی بازاڕی دیکەی نەختینەیی کە زیاتر جێگیرو دڵنیایی تیا بێت.

پێناسەی(سیستەمی چاودێری گۆڕینـەوەی دراو) دەکرێت بەوەی کـە (بریتییە لە سەرپەرشتیکردنی ڕێکو پێکی میری بۆ بازاڕی دراو گۆڕینـەوەی بیـانی واتـە لەسـەر خواسـت و خسـتنە ڕووی گۆڕینـەوەی بیـانی لەڕێگـەی

ڕێگریکردن لە گۆڕینەوەی دراوی نیشتمانی بۆ دراوەکانی تر بە سەربەستی بکرێت و تەنها لە سایەی ئەو ڕێسا ڕێکخراوانەوە بێت کە دەوڵەت دایناون).

ئامانجەکانی سیستەمی چاودێری گۆڕینەوەی بیانی:

أ- پارێزگاریکردن لە بەهای دەرەکی، دراوەکە بە بەرزتر لە بەها ڕاستەقینەکەی خۆی.

ب – پاراستنی پیشەسازییە نیشتمانییەکان لە کێبڕکێی بیانی چ لە ڕێگەی نەدانی مۆڵەتی گۆڕینەوە بێت یان لە ڕێگەی سەپاندنی نرخێکی بەرز بەسەر بۆ ئەو دراوە بیانیەی کە دەیانەوێت بە دەستی بهێنن.

ج- پشتگیریکردنی پلانەکانی پەرەپێدانی ئابووری بۆ دەوڵەت لە ڕێگەی بەخشینی مامەڵەیەکی لە بارتر بۆ هێنراوە سەرەکی یەکان (بنەڕەتییەکان) کە لە خزمەتی پرۆژەکانی پەرەپێدانی ئابوورییەکە دایەو لە سەر حسابی هێنانی شمەکە ڕواڵەتییەکان یان ناسەرەکییەکان.

ڕامیاری بازرگای دەرەکی (نێودەوڵەتی)

پێناسەکەی: (بریتییە لە کۆمەڵێك ئامراز و کارڕاپەراندن کە دەوڵەت پەنایان بۆ دەبات لە بازرگانیکردنی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر، ئەمەش بە مەبەستی بە دەستهێنانی ئامانجی ئابووری دیاری کراو)، ئەم ئامانجانەش بەپێی جیاوازی پلەی پەرەپێدانی ئابووری جیاواز دەبێت بۆ نموونە لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا ئامانجەکە بە دەستهێنانی خستنەگەڕی تەواوەتییە لە کاتێکدا ئامانج لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان دا بە دەستهێنانی

پەرەپێدانی ئابوورییە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕامیاری بازرگانیـەوە، ڕامیـاری بازرگانیش بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێت کە ئەمانەن:

یەکەم: ڕامیاری بازرگانی سەربەست:

مەبەست لە ڕامیاری بازرگـانی سەربەسـت (ئـەو دۆخەیـە کـە دەوڵـەت دەست ناخاتە نـاو پەیوەندییـە بازرگانییـە دەرەکییـەکان، بـە مانایـەکی تـر کردارەکـانی ئـاڵوگۆڕی نێودەوڵـەتی ئـەنجام دەدرێـت بـە سەربەسـتی بـەبێ بوونی هیچ کۆتێك).

بەڵگە سەرەکییەکانی ڕامیاری بازرگانی سەربەست:

١- زیادبوونی داهاتەکان لە ئەنجامی پسپۆربوونی نێودەوڵەتی: چـونکە ئـەم ڕامیارییە دەبێتە هۆی سەربەستکردنی بازرگانی لە نێوان دەوڵەتەکانداو هـەر دەوڵەتەش پسپۆردەبێت لـەو لقـی بەرهەمهێنانـە دا کـە لەبارییـەکی ڕێـژەیی هـەبێت و جیـای بکاتـەوە لـە دەوڵەتـەکانی تـر، بنـەماکانی بەرهـەمهێنان ئاراستەی ئەو لقە دەکرێت کە توانای بەرهەمداری تیایدا بـەرزە ئـەو لقانـەش بـەجێ دەهێڵێـت کـە بەرهەمـداری تیایـدا نزمـە، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی بەرزبونەوەی پاداشت و داهاتەکانی بنەماکانی بەرهەمهێنان.

٢- لە سایەی سەربەستی بازرگانی دا دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی دامەزراوەو دەزگای قۆرخکاری قورسە، ئەمەش لە بەرئەوەیە کە قۆرخکاری نێودەوڵەتی و هەرێمی تەنها لە سایەی ڕامیاری پاراستن دا دادەمەزرێت.

٣- ڕامیـاری پاراسـتن (بـەکارهێنانی ڕەسـم –بەشـکاری – مـاف پێـدان) پێویستی بە یاسا دارشتنی زۆر هەیە، ئەمەش چـەندین شـوێنەوارو ئـەنجامی جۆراو جۆری ئـابووری لـێ دەکەوێتـەوە، چـونکە پێویسـتی بـە ئیدارەیـەکی عاقلانە و تەرخانکردنی زۆر گەورەو کەسانی پسپۆر هەیە .

٤- سەربەستی بازرگانی پارمەتی گواستنەوەی بنەماکانی بەرھەمهێنان دەدات لە نێوان دەوڵەتەکاندا بەتایبەتی گواستنەوەی دەستی کارو سەرمایە.

٥- لایەنگرانی سەربەستی باس لەوە دەکەن کە رەسمی گومرگی چەندین کەم و کورتی و شوێنەواری ئابووری هەیە، دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی خاوەن کارەکان و بازرگانەکان لە بارودۆخە ئابوورییەکان و هەروەها بەکاربەر ناچار دەکات کە رەسم (باج) ی ناپێویست بدات، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی خەرجییەکانی بژیوی و ئەمانەش هەموویان دەبنە هۆی کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە بازرگانی دەرەکیدا.

دووەم : ڕامیاری پاراستنی بازرگانی:

مەبەست لە ڕامیاری پاراستن (ئەو بارەیە کە دەوڵەت دەسەڵاتی گشتی خۆی بەکاربهێنێت تا کاری پێ بکاتە سەر قەبارەی ئاڵووگۆڕکردنە نێودەوڵەتییەکان یان ئاراستەکانیان یان بەرھەمە ناوخۆییەکان بپارێزێت لە بەربەرەکانی شمەکە بیانییەکان).

بەڵگەکانی لایەنگرانی ڕامیاری پاراستن :

لایەنگرانی ڕامیاری پاراستن پشت دەبەستن بەم بەڵگانەی خوارەوە وەك بەڵگەیەك بۆ بۆچونەکانیان کە پێویستە دەوڵەت دەست بخاتە ناو ڕێکخستنی بازرگانی دەرەکی لەوانەش:

١- پاراستنی پیشەسازییە تازە دامەزراوەکان : ئابووریناسی ئەڵمانی (فردریك لیست) لە کتێبەکەی (ڕژێمی نەتەوەیی بۆ ئابووری ڕامیاری) کە لە ساڵی ١٨٤١ بڵاوکراوەتەوە داوای پاراستنی پیشەسازییە تازە دامەزراوەکان دەکات.

٢- خاوەن کارو ڕێکخەرەکان داوای ئەوە دەکەن کە پێویستە یارمەتی پیشەسازییە نیشتمانییەکان بدرێت و بپارێزرێت، چونکە ئەوە یارمەتی مانەوەی پارە دەدات لە ناوخۆی وڵاتدا، لەبەر ئەوەی پیشەسازییە ناوخۆییەکە یارمەتی دەوڵەت دەدەن کە شمەك لە ناوخۆدا پەیدا بکات لەجیاتی خەرجکردنی لە پێناو لە دەرەوە هێنانیان.

٣- پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت: چونکە یارمەتی دەوڵەت دەدات کە ئەو شمەکە بنەرەتییانە بەرهەم بهێنێت کە ناتوانرێت لە کاتەکانی شەڕو گەمارۆدانی ئابووری بەدەست بهێنرێت، دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵێك لەبەر چاو گرتن هەیە کە پەیوەندیان بەبەرگری نیشتمانییەوە بۆتە هۆی دەرکەوتنی پاراستن.

٤- لایەنگرانی پاراستن دەڵێن سەپاندنی ڕەسمی گومرگی پێویستە، بۆ ئەوەی قەرەبووی (**تعویض**)بەرهەمهێنی ناوخۆی پێ بدرێتەوە لەو جیاوازییەی کەلە نێوان خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆ و دەرەوەدا هەیە.

٥- پاراستن دەبێتەهۆی فراوانکردنی پیشەسازییە ناوخۆییەکان و زیادبوونی خستنە سەر کاری کرێکار تیایاندا، چونکە ئەگەر ڕەسمی گومرگی بەرز لەلایەن دەوڵەتەوە بخرێتە سەر شمەکێکی دیاریکراو ئەوە ئەمە دەبێتەهۆی زیادبوونی خواستی پیشەسازییەکان لە سەر دەستی کرێکار، ئەمەش بەپێی دەوری خۆی دەبێتە هۆکاری چارەسەرو کەمکردنەوەی قەبارەی بێکاری لە وڵاتدا .

ئامرازەکانی ڕامیاری بازرگانی:

أ- رەسمی گومرگی (باجی گومرگی) Tariffs:

ئەو رەسمەیە کە دەخرێتە سەر شمەکە بازرگانیەکان (هێنراو-نێراو) کە بەسنووری نێودەوڵەتی ولاتێکدا تێپەڕ ببێت.

مەبەستەکانی رەسمی گومرگی:

١- لەوانەیە ئەم رەسمانە بە مەبەستی بە دەستهێنانی داهات بێت بۆ خەزینەی گشتی دەوڵەت.

٢- هەروەها باج (رەسم) دەسەپێنرێت بە مەبەستی پاراستن واتە پاراستنی شمەکە ناوخۆییەکان لە بەربەرەکانی شمەکە بیانییەکان.

٣- هەروەها رەسمی گومرگی بە مەبەستی ئابووری دەسەپێنرێت وەك ئەوەی بسەپێنرێتە سەر نێراوەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی چوونە دەرەوەی ئەو شمەکە وەك شمەکی خواردەمەنی.

جۆرەکانی باجی گومرگی:

باجی گومرگی لە رووی کارگێڕییەوە دابەش دەکرێت بۆ:

١- باج بە پێی بەها: ئەو باجەیە کە بە رێژەیەکی سەدی دیاریکراو لە بەهای شمەکەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت وەك ئەوەی ١٠٪ لە بەهای جل و بەرگ بێت و لەوانەشە ئەو رێژەیە لە شمەکێکەوە بۆ شمەکێکی تر بگۆڕێت .

٢- باج بە پێی جۆر: بریتییە لە بڕێك پارەی نەگۆڕ / جێگیر کە دەخرێتە سەر یەکەیەکی ئەو شمەکە وەك ئەوەی بڕی باجەکە (٥ دۆلار) بێت بۆ هەر مەترە قوماشێکی هێنراو، ئەم باجەش بە پێی جۆری شمەکەکەو کوالیتەکەی دەگۆڕێت.

٣- باجی بەناو: ئەو باجەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نرخی بە نیمچە جێگیر بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر نرخی شمەکەکان لە بازارەکانی دەرەوە دابەزێت، ئەوا بەهای باجەکە زیاد دەکەن، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر نرخەکانی لە دەرەوە زیاد بکات ئەوا باجەکە کەم دەکەنەوە.

ب- سیستەمی بەشکاری: بریتییە لە سیستەمێك کە دەوڵەت بە پێ ی ئەوە بڕی هێنراوەکانی دیاری دەکات لەو شمەکە دیاری کراوانەی کە دەشێت بیانهێنێتە ناوەوە لە ماوەیەکی دیاری کراودا، هەروەها مەبەستی سەپاندنی کۆتەکانە لەسەر هێنراوەکان، هەندێك جاریش لەسەر نێراوەکان دەبێت بە شێوەیەك کە دەوڵەت ئەو بڕە دیاری دەکات کە ڕێگەی پێدراوە بهێنرێت یان بنرێتە دەرەوە.

ج- سیستەمی مۆڵەتی هێنراوەکان : لەوانەیە دەوڵەت لە هێنراوەکاندا ملکەچی مۆڵەتی هێنراو بێت و نەیەڵێت بازرگان شمەکێك لە دەرەوە بهێنێت تا لە پێشەوە ڕێگەپێدانی لەدەسەڵاتی گشتییەوە بۆ وەرنەگیرێت و ڕێگەی پێبدات هەڵسێت بەو کرداری هێنانە لەدەرەوە لەوانەیە ئەم سیستەمە بە مەبەستی بڕێکی دیاری کراو بێت بێ ئەوەی بڵاوکردنەوەی بۆ بکرێت دەوڵەت بڕە هێنراوەکە دیاری دەکات لە ڕێگەی پێدانی مۆڵەتەکانی هێنان بە بازرگانەکان. لەوانەشە بەکاربهێنرێت بۆ پاراستنی بازاڕە نیشتمانییەکان لە هێنراوەکانی چەند دەوڵەتێك، ئەمەش بەوە دەبێت کە مۆڵەتەکانی ڕێپێدان ڕەت بکرێتەوە و یان مۆڵەتەکە نەدرێت بەو شمەکانەی کە ئارەزویان لەسەر نییە.

د- کۆمەك کردن: کۆمەك کردن بە یەکێك لە ئامرازەکانی ڕامیاری بازرگانی دادەنرێت کە دەوڵەتەکان دەیگرنە بەر لـە چوارچێوەی شێوازەکانی نرخدا لەوانەیە دەوڵەت بۆ پاراستنی بەرهەمە نیشتمانیەکانی پشت ببەستێت بە پێشکەشکردنی بەخشین و کۆمەك بۆ بەرهەمهێنەکان بەمەبەستی ئەوەی بتوانن شمەکەکانیان بەنرخێکی کەمتر لە تێچوونی بەرهەمهێنانیان بخەنە ڕوو، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی ئەو شمەکانەی کە بۆ فرۆشتن ئامادە کراون تا بتوانرێت ئەو شمەکانەی لە ناوخۆدا بەرهەم هێنراون بەربەرەکانی شمەکە بیانییە هێنراوەکانیان پێ بکرێت.

دوو جۆر لە کۆمەك کردن هەیە :

١- کۆمەك کردنی ڕاستەوخۆ: ئەمەش خۆی لە بەخشینی بڕێك پارەدا دەبێتەوە جا لە سەر بنەمای بەها یان لە سەر بنەمای جۆر دیاری دەکرێت .

٢- کۆمەك کردنی ناڕاستەوخۆ: ئەمەش خوی چەند ماف پێدانێك بە پرۆژەکان دەبینێتەوە کە مەبەست لێی باشترکردنی باری داراییانە، لە نمونەکانی:

أ- لێ خۆش بوون (بەخشین) لە باجەکان: وەك بە دەرکردن لە هەندێك باج یان کەمکردنەوەی تێکڕاکانی یان گێڕانەوەی بەشێك لەوانەی کە دراون یان بەخشینی بەشێك لە قازانجی باجەکان ئەگەر لە مەبەستی دیاری کراو بەکاربهێنرێت وەك زیادکردنی بەرهەمداری پرۆژەکە .

ب- ئاسانکاری دڵنیاکردنەوە: جا ئەوانە بێت کە پەیوەندیان بە قەرزەکانەوە هەبێت یان دابەزاندنی نرخی سووەکان و زیادکردنی قەبارەی قەرزدان و ئاسانکاری لە ماوەی دانەوەی .

ج- پێشکەشکردنی هەندێ کارگوزاری ئەوتۆ کە بەکەڵك گەیاندن بگەڕێتـەوە بۆ پرۆژەکان وەك بەشداریکردنی لە بازاڕو پێشـانگا نێـو دەوڵەتییـەکان و لـە ئەستۆ گرتنی بەشێك لەو خـەرجی یانـەی کـە پێویسـتە بـۆ ئـەو کارانـە وەك خەرجییەکانی گواسـتنەوەی شمەکـەکان و خەرجییـەکانی نیشـتەجێ بـون و کرێی خانوبەرەو تێچوونەکانی هاتووچۆو پڕوپاگەندەکان .

تەرازووی پارە دان Balance of Payments

(تۆمـــارێکی ڕێکخـــراوە بـــۆ هـــەموو مامەڵـــە بازرگـــانی و دارایـــی و نەختینەییانەی کە لەنێوان دانیشـتوانی وڵاتێکـی دیـاری کـراو و دانیشـتوانی وڵاتەکانی تردا ڕوو دەدات لە ماوەیەکی دیاری کراودا کە بەشێوەیەکی گشتی ساڵێکە جا ئەو دانیشتوانانە کەسەکان بن یان پرۆژەکان یان میری بێت) .

گرنکی تەرازووی پارەدان:

أ- پێشکەشکردنی زانیاری گرنگ سەبارەت بەو پلەیـەی کـە دەیبەسـتێتەوە بە ئابووری نەتەوەوە ئەگەر داتای تایبەت لەماوەی یەك بـە دوایـەکی دیـاری کراومـان لـە بەردەسـت دابێـت ئـەوا وردەکـاری زیاترمـان دەسـت دەکـەوێت سەبارەت بە پێش کەوتنی لـەو ماوەیـەو گۆڕانکاریـە بنەڕەتییـەکانی مامەڵـە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان کە ئابووری نەتەوەی پێیا تێپەڕیوە.

ب- هاوکاری دانـەرانی ڕامیـاری ئـابووری دەکـات لـە ئاڕاسـتەکردنی جڵـەوی کاروبـاری دەوڵـەت لەبـەر ئـەوەی لەزۆربـەی کاتـدا کارڕاپەڕاندنـە دارایـیو نەختینەییەکان بەسـتراونەتەوە بـە بـاری (دۆخـی) تـەرازووی پـارەدانی ئـەو دەوڵەتەوە.

ج- ئـەو داتايانـەی (زانياريانـەی) لـە تـەرازووی پارەدانـەوە هـاتووە بـە ئامرازێكی هەڵسـەنگاندن و لێكدانـەوەی زانسـتی دادەنرێـت بـۆ زۆربـەی ئـەو دیاردە ئابوورییانەی كە پەیوەندیان هەیە بە ئابووری جیهانییەوە .

پەیكەربەندی تەرازووی پارەدان:

ئەگەر بمانەوێت تەرازووی پارەدان لەوە زیاتر بێت كە تەنها مافـەكانی دەوڵەتیك لەسەر جیهانی دەرەكی نیشان بدات یان مافـەكانی جیهـان لەسـەر ئەو دەوڵەتە دیاری بكـات و بكرێتـە ئـامرازێكی شـیكردنەوەی ئـابووری ئـەوا پێویستە بە شێوەیەك پۆلین بكرێت كـە بـەپێی چـوار حسـاب جیابكرێتـەوە، هەریەكێك لەم حسابانەش پسپۆرو تایبەتمەند دەبێت لە جۆرێكی دیاری كراو لە مامەڵە نێودەوڵەتییەكان و حسابەكانیش ئەمانەن :

١- حسابی بەگەڕ. ٢- حسابی سەرمایە

٣- حسـابی ڕەوانـەكردنی(حەواڵـەكردنی) یـەك لایەنـە. ٤- حسـابی زێـڕی نەختینەیی.

ئەوا لە خوارەوە ناساندنێك بۆ هەریەك لەم حسابانە دەكەین .

١- حسابی بەگەڕ: لەم حسابەدا بەهای هەموو ئـەو شمـەك و كارگوزارییانـە تۆمار دەكرێـت كـە لـەنێوان ئـەو دەوڵەتـەو جیهـانی دەرەكـی دا ئاڵوگۆڕیـان پێكراوە پێك دێت لە:

أ- تەرازووی بازرگانی: لەم حسابەدا بەهای بازرگانی بینـراو تۆمـار دەكرێـت واتـە تـەنها بازرگـانی شمەكی هێنراوو نێراوە، ئەگەر نێراوەكانی لەشمەك زیاتر بێـت لـە هێنراوەكـانی لەشمـەك ئـەوا دەڵـێین زیـادیی (سـەرڕێژی) هەیـە لـە تەرازووی بازرگانیدا، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو واتە هێنراوەكانی شمەك

زیاتر بێت لە نێراوەکانی شمەك ئەوا دەڵێین کورت هێنانێك هەیە لە تەرازووی بازرگانیدا.

ب- تـەرازووی بازرگـانی نـەبینراو: ئـەم تـەرازووەش لـە نێـراوو هێنـراوی کارگوزاری نەبینراو پێك دێت .

٢- حسابی سەرمایە: لەم حسـابەدا هـەموو ئـەو مامەڵـە نێودەوڵـەتی یانـە تۆمار دەکرێت کە پەیوەندیان هەیە بە موڵکایەتی و قەرزەکانەوە و پێك دێت لە (پشك و قەباڵەو دراو و بـە بانـك سپاردەکان و حەواڵـەکان و قـەرزەکان و قیستەکان و گێڕانەوەیان) . وە پێویسـتە جیاکردنەوەیـەك بکـەین لـە نێـوان مامەڵە درێژ خایەن و مامەڵە کورتخایەنـەکان دا . مەبەسـتمان لـە **(مامەڵـەی درێژ خایەن)** ئەو لێشاوی سەرمایانەیە کە لە وڵاتەوە دەچنە دەرەوە یان بـە پێچەوانەوە یەو ماوەکـەی لـە سـاڵ زیـاتر درێـژە دەکێشـێت و وەبـەرهێنانی ڕاستەوخۆ قەرزی درێژخایەن و قیستەکانی گێڕانەوەیان دەگرێتەوە.

بـەڵام (**مامەڵـەی سـەرمایەی کورتخایـەن**) کـە بەمەبەسـتی ڕاسـت کردنەوەی (پاکۆکردنی) کورتهێنان یـان سـەرڕێژی لـە تـەرازووی پـارەدان دا دەکرێت هەموو ئـەو لایەنانـەی تیـا تۆماردەکرێـت کـە پێویسـتە لەکـەمتر لـە سـاڵێك بدرێتـەوە یـان لەوانەیـە مـاوە کـورت هۆکـارێکی ڕامیـاری یـا گـۆڕانی کۆمەڵایەتی بە دواوە بێت یاخود بۆ هاندانی (مضاربة) (جامبازی دارایی) بێت بە سود وەرگرتن لە جیاوازییە تایبەتییەکانی نێوان نرخی دراوەکان.

٣- حسابی ڕەوانەکراوی(حەواڵەکاری) یەك لایەنە: بریتییـە لـە هـەموو حەواڵەکردنانەی لایەنێك دەیکات جا دارایی بێت یان لە شـێوەی شمـەك بێـت کەلە نێوان دەوڵەتەکان و کەسەکان دا دروست دەبێت، بێ ئەوەی هیچ پـارە

پێدانێك لەسەر لایەنی دووەم دروست بكات (پەیدا بكات) وەك دیاری– قەرەبوو – بەخشین.

٤- حسابی زێڕی نەختینەیی: پێویستە جیاوازی بكەین لەنێوان ئەو زێڕەی كەكەسەكان و كۆمپانیاكان و دەوڵەتە بەرهەمهێنەكان هەیانە وەك شمەك مامەڵەی كڕین و فرۆشتنیان پێ دەكرێت و پێی دەوترێ (زێڕی نا نەختینەیی) وەك هەر شمەكێكی ئاسایی هێنراو و نێردراو لە تەرازووی بازرگانیدا تۆمار دەكرێت.

(حسابی زێڕی نەختینەیی) لە زێڕی نەختینەیی و یەدەگی دراوە بیانییەكان پێك دێت كە دەتوانرێت بگۆڕدرێنەوە.

وەزێڕ بایەخێكی تایبەتی هەیە لای زۆربەی دەوڵەتان، چونكە دانراوێكی نەختینەییە و هۆكارێكی پێدانی ئەوتۆیە كە قبوڵكردنێكی جیهانی لە سەرەو هەموو دەوڵەتێك دەتوانیت لەرێگەی ناردنە دەرەوەوەی ئەو زێڕەوە هەر دراوێكی بیانی بوێت بە دەستی بهێنێت .

هاوسەنگیو لاسەنگی لە تەرازووی پارەدان

هۆیەکانی لاسەنگ بونی تەرازووی پارەدان:

چەند هۆکارێك هەیە کە دەبێتە هۆی لاسەنگ بونی تەرازووی پارەدان لەوانەش:

١- شڵەژانە ماوە کورتەکان: ئەم شلەژانانە کاتێك پەیدا دەبن کە بەروبومە کشتوکاڵییەکان توشی نەخۆشی ببن بە تایبەتیش ئەوانەی کە دەوڵەت لەناردنە دەرەوەدا پشتیان پێ دەبەستێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لاسەنگ بون لە تەرازووی پارەدانەکەدا وەهەروەها ئەم لاسەنگییە لە کاتەکانی شەڕیشدا ڕوو دەدات کە کاتێك خواست لە سەر کەرەستە خاوەکان زیاد بکات و نێراوی دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی زیاد بکات یان نێراوی دەوڵەتە بەشداربووەکانی شەڕەکە کەم بکات .

٢- گۆڕانکاری لە داهاتی نەختینەیی: دەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان دوو جۆر گۆڕانکاریدا یەکێکیان ئەوەیە کە بەسەربەخۆ لە یەك دەوڵەتدا ڕوو بدات یان ئەوەی کە لە نێوان کۆمەڵێك دەوڵەتدا ڕوو بدات.

ئەگەر گۆڕانێکی سەربەخۆ لە داهاتی یەك دەوڵەتدا ڕووی دا (وەك ئەوەی دەوڵەتەکە لە دۆخی هەڵاوسان یان داکشانەوە بێت) بۆ نموونە ئەگەر هەڵاوسان تێیدا ڕووی دا ئەوە مانای ئەوەیە کە خواستی هەمووەکی لە سەر شمەك و کارگوزارییەکان زیاترە لە بەرهەمهێنانی هەمووەکی ناوخۆیی، دۆخێکی وەك ئەمەش دەبێتە هۆی کورتهێنان، چونکە خواستە زیادەکە بادەداتەوە سەر هێنراوەکان، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی کەلە کۆمەڵێك دەوڵەتدا بەشێوەیەکی هاوبەش ڕوو دەدات ئەوا چالاکی ئابووری بەرز

دەکاتەوە یان نزم بکاتەوە لە کاتی بوونی پەیوەندی بازرگانی لەنێوان ئەو کۆمەڵە دەوڵەتەدا، ئەوا لەوانەیە گرفت لە تەرازووی پارەدانەکانیان دروست بکات ئەگەر بەکارهێنان و داهات لە یەکێك لەم دەوڵەتانەدا کەم بکات و بەتایبەتیش ئەگەر ئەو دەوڵەتە بایەخێکی گەورەی هەبێت لە ئابووری نێودەوڵەتییدا، ئەوا هێنراوەکانی کەم دەکات و بەشێك لە بەکاربردنی ناوخۆی ئاراستەی ناردنە دەرەوە دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە سەررێژییەك لە تەرازووی پارەدانەکەی دا بە دەست دێنێت، بەڵام سەررێژیی بۆ ئەو دەوڵەتە بریتییە لەکورتهێنان بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە هاوبەشیان لەگەڵ کرد لە بازرگانیی کردندا.

٣- گۆڕانە پەیکەربەندییەکان: گۆڕانی پەیکەربەندیی تەنها تایبەت دەبێت بەیەك کەرت لە ئابووری نەتەوەیی و لەوانەیە ئەوە لە لایەنی خواست یان لایەنی خستنە ڕوو ڕووبدات، چونکە لەوانەیە هەلومەرجەکانی خستنەڕوو بگۆڕێت کاتێك دەرامەتە سروشتییەکان بەرەو کەمبوونەوە بچن (بەهۆی بەکارهێنانی زۆرەوە) و تێچوونی پیشەسازی بەرز بێتەوە یان کاتێك داهێنراوێك بێتە کایەوە یان چاکترکردنی شێوازەکان و ڕێگەکانی بەرهەمهێنان هەبێت و ببێتەهۆی کەمکردنەوەی تێچوونەکان یان بەرهەم هێنراوی نوێ بخرێتە بازاڕەوە بۆ نموونە بەکارهێنانی ڕیشاڵی دەستکرد بە شێوەیەکی گەورە کاری کردەسەر بازاڕە، جیهانییەکانی ئاوریشم و خوری و لاستیکی دەستکرد، بێجگە لەو گۆڕانە پەیکەربەندییانەی لە پەیوەندییەکانی خواست وخستنەڕوو ڕوویان دا گۆڕانی پەیکەربەندیی تریش هەیە کەلە تێکڕای لێشاوی سەرمایەی نێودەوڵەتی دا ڕوو دەدات، چونکە دۆزینەوەی دەرامەتی نوێ و گرنگ لە دەوڵەتێك وای لێ دەکات کە هێنانی سەرمایەی

بیانی کەم بکاتەوە یان هەر پێویستی پێی نەمێنێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە مەرکەزی (بنەڕەتی) ئەو دەوڵەتە بگۆڕێت لە دەوڵەتێکی قەرزدارەوە بۆ دەوڵەتێکی قەرزدەر بەهۆی وە بەرهێنانەکانی دەرەوەی یان بەهۆی کەم بوونەوەی بوونەکانی (اصول) لە دەرەوە کە سوودو قازانجی پێ دەگەیەنێت ولەم دۆخانەدا لاسەنگی پەیکەربەندیی لە تەرازووی پارەدان دا دەردەکەوێت جا بەهۆی لایەنی خستنەڕووەوە بێت یان خواستەوە بێت یان گۆڕان لە ئاستی بژێوی یان توانای دەوڵەتەکە بۆ قەرزکردن یان قەرزدانەوە بێت.

شێوەکانی کورتهێنانی تەرازووی پارەدان :

کورتهێنانی تەرازووی پارەدان چەندین شێوەی هەیە کە گرنگترینیان بە کورتی ئەمانەن :

١- کەمیی بەرهەمهێنان لە بەروبوومێکی بنەڕەتیدا لەوانەیە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی قەوارەی نێراوەکان.

٢- دۆزینەوەی کەرەستەی خاوی پیشەسازی لە دەرەوە دەبێتە هۆی دەست هەڵگرتنێکی هەمووەکی یان بەشێك لەو خواستەی کە لەسەر کەرەستە خاوە سروشتییە نیشتمانییەکان هەیە لەلایەن بیانییەکانەوە.

٣- ڕوودانی بێ بازاڕی لە دەرەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خواست لە سەر بەرهەم هێنراوەکانی ئابووری نیشتمانی.

٤- بەرزبوونەوەی ئاستی نرخەکان لە ناوخۆ بە پلەیەکی زیاتر لە بەرزبوونەوەکەی لە دەرەوە ڕێدەگرێت لە چالاکی ناردنە دەرەوە.

٥- جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدان لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان هێنراویان لە ئامێرو کەرەستە هونەرییەکان لە دەرەوە زیاد دەکات.

٦- چوونە دەرەوەی سەرمایەی نیشتمانی لە ئەنجامی نەمانی متمانە لای خاوەن سەرمایەکان بەهۆی ترسیان لە خۆماڵیکردن یان دەست بەسەراگرتن یان شڵەژانی ڕامیارییەوە.

چارەسەری لاسەنگی لەتەرازووی پارەداندا :

زۆربەی ئابووریناسەکان لە سەردەمێکی زووەوە هەوڵیان داوە کە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە:(ئایا هێزێکی خودی و لە خۆوە هەیە کە هاوسەنگی بۆ تەرازووی پارەدان بگێڕێتەوە؟) باسی چۆنیەتی گێڕانەوەی ئەو هاوسەنگییە بۆ تەرازووی پارەدانەکە دەکەن لە ڕێگەکانی:

١– هاوسەنگکردن لە ڕێگەی دەستێوەردانی دەوڵەتەوە.

٢– هاوسەنگکردن لە ڕێگەی میکانیزمی بازاڕەوە.

١- هاوسەنگکردن لە ڕێگەی دەستێوەردانی دەوڵەتەوە:

زۆربەی کات دەوڵەت بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگبوون بە تایبەتی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا لە ڕێگەی کۆمەڵێك کار ڕاپەڕاندنەوە دەست دەخاتە ناو کاروبارەکان بە ئامانجی چارەسەرکردنی کورتهێنان و لەوانەش:

أ– دەوڵەت پشك و قەباڵە ناوخۆییەکانی بە بیانییەکان دەفرۆشێت، چونکە لە بەرامبەریدا دراوی بیانی دەست دەکەوێت و بۆ پارەدارکردنی کورتهێنان لە تەرازووی پێدانەکەی.

ب– فرۆشتنی ئەو پشك و قەبالأنەی کە دەوڵەت هەیەتی لە دەزگا بیانییەکان لە دەرەوە بە هاولأتیانی ئەو وڵاتە تا دراوی بیانی دەست بکەوێت.

ج– فرۆشتنی هەندێ زەوی و زاری ناوخۆ بە بیانییەکان لەپێناو بە دەستهێنانی دراوی بیانی دا.

د– فرۆشتنی بەشێك لە یەدەگی زێڕ بە دەرەوە.

هـ– لەوانەیە دەوڵەت لە دەزگا داراییە بیانییەکان وەك بانکی نێودەوڵەتی، یان سندوقی دراوی نێودەوڵەتی یان لەوڵاتە بیانییەکان قەرز وەربگرێت.

و- کەمکردنـــەوەی قـــەبارەی هێنـــراوە بینـــراو و نـــەبینراوەکان لـــە ڕێگـــەی جێبـەجێکردنی ئامرازەکـانی رامیارییـە بازرگانییـە جـۆراو جۆرەکانـەوە وەك سیسـتـەمی بەشـکاری یـاخود سیسـتـەمی گـومرگی لـە پێنـاو کەمکردنـەوەی خەرجکردنەکان بە دراوی بیانی و لـە هـەمان کاتیشـدا هـانی نێـراوە بینـراوو نـــەبینراوەکانی دەدات بـــە ئامـــانجی گێڕانـــەوەی هاوســـەنگی لـــە تـــەرازووی پارەدان دا.

٢-هاوسەنگکردن لە ڕێگەی میکانیزمی بازاڕەوە:

أ- هاوسەنگکردن بە ڕێگەی کلاسیکییەوە (میکانیزمی نرخەکان):

ئەم بیرۆکەیە بە شێوەیەکی سەرەکی لە بیرۆکەی کلاسیکییەکان (قوتابخانە کلاسـیکییەکان) کلاسـیکی نوێیەکانـدا بـڵاو بـۆوە و، فەیلەسـوفی ئینگلیـزی (**داڤید هیۆم**) بە یەکەم کەس دادەنرێت کە بیردۆزێکی تایبەت بـە هاوسـەنگ کردنی هەر لەخۆوەی بۆ تـەرازووی پـارەدان داڕشـتووە، ئەمـەش لـە ڕێگـەی کاریگەری گۆڕانەکانی ئاستی نرخی شمەکەکان و ئەم جۆری ڕاسـتکردنەوەیە سەردەمی ڕێسای دراوە زێڕینەکان دەگرێتەوە کە لە گرنگترین خاسیەتەکانی سەربەستی هێنان و ناردنی زێڕەو هاوسەنگبوونی تەرازووەکەش سێ مەرجی سەرەکی پێویستە:

١- جێگیری نرخی دراو گۆڕینەوە.

٢- پلەی کارپێدانی تەواوەتی بۆ بنەماکانی بەرهەمهێنان لە دەوڵەت دا.

٣- سەربەستی لە گۆڕانی نرخی شمەك و کارگوزارییەکان.

گریمان دەوڵەتێك هەیە ڕێسای زێڕ پەیڕەو دەكات و لە دۆخی كورتهێنان دایە، ئەمەش مانای ئەوەیە خواست بۆ دراوی بیانی گەورەترە لە بڕی خستنەڕووی و بەگەیشتن بە خاڵی چوونە دەرەوەی زێڕ، ئەوا ئەو دەوڵەتە هەڵدەستێت بە ناردنە دەرەوەی زێڕ بۆ دەرەوەو كەمبوونەوەی بڕی هەڵگیراویش دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی شمەك و كارگوزارییەكان لە ناوخۆدا بەپێی بیردۆزی بڕی پارە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە هۆكارێكی بزوێنەر دادەنرێت بۆ نێراوەكان و ڕاگرێكە بۆ هێنراوەكان و لە پاشاندا تەرازووی پارەدانەكە بەرەو هاوسەنگبوون دەچێت.

ب- هاوسەنگكردن لە ڕێگەی نرخی دراو گۆڕینەوە:

ئەم ڕاستكردنەوەی تەرازووی پارەدانە تایبەتە بە سیستەمی دراوە كاغەزییەكان كە لە ماوەی ساڵانی (١٩١٤ - ١٩٤١) لەخۆوە دەگرێت، دەكرێت نرخی ئاڵوویرەكان بەشێوەیەكی مەزن لە بەشداری لە گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ تەرازووی پارەدانەكە بكات، لە ڕێگەی هەمواركردنەوەی(تعدیل) نرخە ناوخۆیی و بیانییەكان بۆ شمەك و كارگوزارییەكان بەو شێوەیەی یارمەتی هاوسەنگبوون بدات لە نێوان هێنراوەكان و نێراوەكاندا.

گریمان دەوڵەتێك هەیە تووشی كورتهێنان بووە لە تەرازووی پارەدانەكەیدا، بۆیە ئەم دەوڵەتە بەهای دراوە نیشتمانییەكەی كەم دەكاتەوە بەرامبەر بە دراوە بیانییەكان ئەوا لەم حاڵەتەدا بەهای دراوە بیانییەكە بەرز دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە نرخی شمەكە بیانییەكان گران ببن لە چاو ناوخۆدا، بەمەش هێنراوەكان كەم دەكات لە

دەرەوە، هــەروەها شمەكــە ناوخۆييــەكانيش هــەرزانتر دەبێــت لــە چــاو بيانييەكاندا، هەر بۆيە خواستيان لەسەر شمەكە نيشتمانييەكان زياد دەكات و بەمەش نێراوەكانى دەوڵەت بـۆ دەرەوە زيـاد دەكـات و هێنراوەكـانيش لـە دەرەوە كەم دەكات و بـەم شـێوەيە هاوسـەنگى دەگەڕێتـەوە بـۆ تـەرازووى پارەدانەكە.

ج- هاوسەنگ كردن لە ڕێگەى داهاتەكانەوە (ميكانيزمى نوێ):

ئەم ڕێگەيە بۆ هاوسەنگبوون پشت بە بيردۆزەى (كينز) دەبەستێت كـە لـە سـەرەتادا پێويسـتە نرخـى دراو گۆڕينـەوە، هـەروەها نرخـى شمەكـەكان و خستنەگەڕى تەواوەتى بۆ بنەماكانى بەرهەمهێنانيش جێگير بێت، نـاوەرۆكى ئـەم هاوسـەنگبوونەش بـەوە پوختـە دەكرێـت كـە لاسـەنگى لـە تـەرازووى پارەدان دەبێتە هۆى گۆڕان لـە ئاسـتى بەرهـەمهێنان و دەسـتى كـاردا، ولـە كـاتى كورتهێنانـدا ئاسـتى چـالاكى ئـابوورى لــە نـاوخۆى وڵاتـدا بــەرەو نزمبوونەوە دەچێت، ئـەوەش لـە ئـەنجامى دابـەزينى خواسـت لـە سـەر ئـەو بەرهەمــە پيشەســازييانەى كــە بــۆ ناردنــە دەرەوە ئامــادەكراون، هــەروەها دابەزينى خواست لە سەر نێراوەكان پاشان دەست دەكـات بـە كەمبوونـەوەو بەرتەسك بوونەوەيى كورتهێنانى تەرازووى پارەدانە كە دەچێت تا دەگاتەوە بە هاوسەنگبوون بۆ جارى دووەم.

هێڵکاری تەرازووی پـــارە دان



تێ بینی : نیشانەی (+) ئەوە نیشان دەدات کە دراوەکە لە حسابی خاوەن قەرز تۆمار دەکرێت ٠

نیشانەی (--) ئەوە نیشان دەدات کە دراوەکە لە حسابی قەرزدار تۆمار دەکرێت.

پرسیارەکانی بەشی دووەم

١. **پێناسەی ئەمانە بکە:**

(بازرگـان – بازرگـانی – بـازاڕی دراو گۆڕینـەوە – نرخـی دراو گۆڕینـەوە – ڕامیاری بازرگانی دەرەکی – تەعویم – تەرازووی پارەدان).

٢. **باس لە گرنگییەکانی بازرگانی دەرەکی بکە؟**

٣. **ئەو جیاوازییانە کامانەن کە لە نێوان بازرگانی ناوخۆو دەرەکی دا هەیە.**

٤. **ئـەو بنەمایانـە کامانـەن کـە پسـپۆڕی نێودەوڵـەتی لەسـەر دادەمەزرێت.**

٥. **ئەو گریمانانە کامانەن کە ریکاردۆ بیردۆزەکەی لەسەر داڕشتووە.**

٦. **ئەرکە سەرەکییەکانی بازاڕی دراو گۆڕینەوە کامانەن؟**

٧. **ئەو ئامانجانە کامانەن کە سیستەمی چاودێریکردنی دراوی بیانی هەوڵی بەدەست هێنانی دەدات؟**

٨. **پێناسەی ڕەسمی گومرگ بکەو مەبەستەکانی دیاری بکە؟**

٩. **مەبەستمان لە کۆمەك کردن چییە؟ جۆرەکانی دیاری بکە؟**

١٠. **هۆکارەکانی لاسەنگ بوونی تەرازووی پارەدان کامانەن؟**

ليستى زاراوەكان

ئینگلیزی	عەرەبی	كوردی
Trade	التجارة	بازرگانی
Export	الصادرات	نێردراوەكان
Import	الاستيرادات	هێنراوەكان
The theoty of absolutes	نظرية التكاليف المطلقة	بیردۆزەی لەباری رەها
The theoty of Comparative costs	نظرية التكاليف النسبية	بیردۆزی تێچوونی رێژەیی
Forign Exchange Market	سوق الصرف الاجنبي	بازاڕی دراوگۆڕینەوەی بیانی
Exchange Rate	سعر الصرف	نرخی دراو گۆڕینەوە
Tariffs	الضريبة الكمركية	باجی گومرگی
Floating	التعويم	تەعویم
Balance of Payments	ميزان المدفوعات	تەرازووی پارەدان

سەرچاوەكانی بەشی یەكەم و دووەم

١. د. اسماعيل عبدالرحمن و د. حربي محمد عريقات/مفاهيم ونظم أقتصادية دار وائل للنشر/٢٠٠٤.
٢. د. خالد و د.احمد حسين/ مبادى اللأقتصاد الكلي /دار وائل للنشر/٢٠٠٤.
٣. د. كريم مهدي الحسناوي، مبادئ علم الاقتصاد، جامعة بغداد، ١٩٩٠.
٤. مصطفى سلمان وآخرون، مبادئ الاقتصاد الكلي، دار المسيرة، ٢٠٠٠.
٥. عبدالله عباوي، مبادئ الاقتصاد، مطبعة سلمى، ١٩٧٨.
٦. د. خزعل البيرماني، الدخل القومي والاستخدام، الجزء الثاني، جامعة بغداد.
٧. د. حسين عمر، مبادئ المعروفة الاقتصادية، منشورات دار ذات السلال، ١٩٨٩.
٨. د. غازى صالح الطائي/ الأقتصاد الدولي، دار الكتب، موصل، ١٩٨٩.
٩. د. سامي عفيفي حاتم/دراسات في الأقتصاد الدولي، دار المصرية اللبنانية، ١٩٩٥.
١٠. د. صلاح الدين نامق، التجارة الدولية، دار المعراف مصر.
١١. د. محمد عبدالعزيز، اقتصاديات التجارة الخارجية، دار الجامعة المصرية.
١٢. د. كريم مهدي الحسناوي وآخرون، اقتصا للصف السادس الادبي، مطبعة ابوغريب، ٩٩.
١٣. د. رفعت المحجوب، الاقتصاد السياسي، دار النهضة العربية، ١٩٧٧.
١٤. د. مهدي رضوان، التجارة الدولية.

بەشی سێیەم
رامیارییە ئابوورییەکان

رامیاری ئابووری بەوە پێناسە دەکرێت کە (**کۆمەڵێك کار راپەراندنە دەوڵەت ئەنجامی دەدات بە ئامانجی ئەوەی کار بکاتە سەر چالاکی ئابووری، رامیاری ئابووریش بەوە ناسراوە کە زۆر نەرمە، چونکە بەپێی سروشتی سیستەمی ئابووری و ئەو قۆناغی پێشکەوتنەی کە سیستەمەکە پێی گەیشتووە**).

ئامانجەکانی رامیاری ئابووری:

رامیاری ئابووری هەوڵ دەدات چەند ئامانجێك بهێنێتە دی کە گرنگترینیان ئەمانەیە:

١-بەدیهێنانی پەرەپێدانی ئابووری:

لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا رامیاری ئابووری تەرخان کراوە بۆ پارێزگاریکردن یان خێراترکردنی پەرەپێدانی ئابووری، هەروەها بەشداریش دەکات لە پێکهێنانی سەرمایەدا لە رێگەی رەخساندنی ئەو هەلومەرجە لەبارانەی کە کەرتی تایبەتی کاری تیا دەکەن.

بەلام لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکاندا ئامانجی گرنگی رامیاری ئابووری بریتییە لە هێنانەدی پەرەپێدانی ئابووری، ئەمەش لەرێگەی ئەو هەوڵانەوە دەبێت کە میری دەیدات لەپێناو چاکترکردنی رادەی کەڵك وەرگرتن لە دەرامەتە ئابوورییەکان و بەرزکردنەوەی بەرهەمداری یەکەی کارو پشتگیریکردنی گۆرینی بەردەوام لە بواری تەکنەلۆجیا و بەشداریکردن لە

پێکهاتنی سەرمایەدا لە رێگەی کۆکردنەوەی پاشەکەوتە نیشتمانییەکان، بێجگە لەمانەش هەوڵ دەدات یارمەتی دارایی و هونەری لە دەرەوە دابین بکات، هەروەها کار بۆ پێشخستنی هاتوچۆ و گواستنەوەو پەرەپێدانی دەرامەتە کشتوکاڵییەکان دەکات تا بەهۆیانەوە کاربکاتە سەر پاشەکەوت و وەبەرهێنان.

٢- بەدیهێنانی سەقامگیریی ئابووری:

لەرێگەی خستنەکاری رامیارییەکانی دارایی و نەختینەیی بۆ چارەسەری هەڵاوسان کە زۆربەی دەوڵەتەکان دەگرێتەوە، بێجگە لەوەی دەیەوێت رێگە لەروودانی داکشانەوەو بێ بازاری بگرێت.

٣-پاراستنی ئابووری نیشتمانی لە کێبڕکێی دەرەکی:

بە تایبەتیش پاراستنی پیشەسازییە تازە دامەزراوەکان تا بتوانێت پەرەبسێنێت و کارامەیی زیاد بکات و جۆری بەرهەمەکەشی باشتر بکات.

جۆرەکانی رامیارییە ئابوورییەکان:

١- ڕامیاری دارایی:

زاراوەی ڕامیاری دارایی بەشێوەیەکی گشتی ئەوە دەگەیەنێت کە میری هەڵدەستێت بە نەخشەدانان بۆ خەرجیەکان و دابینکردنی رێگەکانی پارەدارکردنیان، لە ئامرازە ناسراوەکانیشی (باجەکان و بوجەو قەرزە) کە لە رێگەی باجەکان و کورتهێنان و سەررێژی بوجەوە دەوڵەت چەند بوارێکی فراوان دەهێنێتە کایەوە بۆ ئاراستەکردنی خواستی کاریگەر(الطلب الفعال) و نزیك کردنەوەی داهاتی کەسەکان و راستکردنەوەی بنەماکانی ئابووری تا رێگەخۆش بکات لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندن دا.

ئامانجەکانی ڕامیاری دارایی:

ڕامیـــاری دارایـــی هـــەوڵ دەدات چـــەند ئامانجێــك بەدەســـت بهێنێــت کــە گرنگترینیان ئەمانەیە:

أ- گەیشتن بەئاستی خستنەگەڕی تەواوەتی.

ب- گەیشتن بەتێکڕای روو لە زیادبوون لە پەرەپێدانی ئابووری دا.

ج- بەدیهێنانی جێگیربوون لە ئاستی گشتی نرخەکاندا.

د- کارکردن بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەو دووبارە دابەشکردنەوەی داهات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە.

٢- ڕامیاری نرخ:

بریتییە لە کۆمەڵێك کارڕاپەراندن کە لە ڕێگەیەوە نەخشەکێشانی نرخەکان و دیاریکردن و کارتێکردنی نرخەکان دیاری دەکرێت تا بە دڵنیاییەوە ئامانجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بهێنێتەدی.

ئامانجەکانی ڕامیاری نرخ:

أ- کاربکریت بۆ پێشخستنی بەرهەمهێنان لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە.

ب- کـــار بکرێـــت بـــۆ بەرزکردنـــەوەی ئاســـتی بەرهەمـــداری لـــە دەرامەتـــە ئابوورییەکاندا.

ج- دابینکردنی پێداویستی بەکاربەرەکان و تێرکردنی ئارەزووەکانیـان و کـار بکرێت بۆ کەمکردنەوەی بەکاربردن.

د- کار بکرێت بۆ هاندانی پاشەکەوت و وەبەرهێنان بەرەو ئەو بوارانـەی کـە لـــە خزمـــەتی بەرهەمهێنانـــە پێویســـتییەکاندایەو بـــۆ دابینکردنـــی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە.

٣- ڕامیاری بازرگانی:

بریتییه لـه کۆمەڵـه هۆکارێك کـه دەوڵـەت لـه بازرگـانیکردنی دەیگرێتەبـەر لەچوارچێوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی چەند ئامانجی نەتەوەیی دیاری کراو. ئەو ئامانجانەش بـەپێی رادەی پەرەسـەندنی ئـابووری دەوڵەتـەکان دەگۆڕێـت بـۆ نموونـه لـه دەوڵەتـه پێشـکەوتووەکاندا ئامانجەکە لە چوار چێوەی لێکدانەوەکانی (**کینز) دا** دەبێـت کـە داوا دەکـات خستنەگەڕی تەواوەتی بهێنرێتەدی، بەڵام لە دەوڵەته تازه پێگەیشتووەکاندا به ئامانجی هێنانەدی پەرەپێدانی ئابووری ئاراستە دەکرێت.

ئامانجەکانی ڕامیاری بازرگانی:

أ-ئامانجی ڕامیاری:

سیسـتەمە ئابووریيـە جۆراوجۆرەکـان پـەنا دەبەنـە بـەر دانـانی کۆمـەڵێك کارراپەراندن و یاساو ڕێسا کە لە ڕێگەیانەوە بازرگانی دەرەکـی خۆیـان ڕێـك دەخەن.

لـە سیسـتەمی سـەرمایەداریدا ئـەم کارڕاپەڕاندنانـە بـۆ پشـتگیریکردن لـە بازارەکان دەکرێن، هەروەها لەم وڵاتانەدا جەخت دەکرێت لەسـەر پشـتگیری کردنی کەرتی تایبەتی وەك لەو کۆمپانیا هاوبەشە گەورانەدا دەردەکەوێت کە ئـەرکی هـاوردە و نـاردنی جێبـەجێ دەکـەن، هـەروەها کـار دەکـەن بـۆ ئازادکردنی دراوە نیشتمانییەکانیان بێ هیچ چاودێرییەك، بەمەش ئـەو بنـەما سەربەسـتانە دادەنرێـت کـە بازرگـانی دەرەکـی پـێ ڕێکدەخـەن لـەپێناو پشتگیریکردنی سیستەمی سەرمایەدارییاندا.

ب- هاوسەنگی لە تەرازووی پارەداندا:

زیادبوونی کورتهێنان لە تەرازووی پارەدان بە تایبەتیش لە دەوڵەتە تازە پێشکەوتووەکاندا ناچاریان دەکات نەخشەکانیان بەشێوەیەك دابڕێژن کە هاوسەنگی لە تەرازووەکانیاندا دروست بکات، ئەمەش لەڕێگەی زیادکردنی نێردراوەکانیان و قەرزکردن لە دەزگا داراییەکانەوە دەبێت تا جیاوازی نێوان نرخی هێنراو و نێردراوی پێ پڕبکاتەوە.

ج- خستنەگەڕی تەواوەتی:

ئەمەش ئامانجێکی ئاشکرای ڕامیاری بازرگانییە بەتایبەتیش لە دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا، چونکە کار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییان بەشێوەیەك دەڕوانێتە بێکاری کە پەتایەکی ڕامیاری ترسناکە.

د- هێنانەدی پەرەپێدانی ئابووری:

زۆربەی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان پاش ئەوەی سەربەخۆی ڕامیارییان بەدەست هێنا پاش جەنگی جیهانی دووەم ڕوویان کردە بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ڕۆڵەکانیان ئەوانەی کە لە ساڵانێکی دوورو درێژ لەژێر پاشماوەی دواکەوتووی ئابووری و ئیستعماردا بوون، ئەم وڵاتانە پەنایان بردە بەر دارشتنی ڕامیارییەکی تایبەت بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکانیان و ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییانە بەشێوەیەك کە سەررێژییەکانیان لە دراوی بیانی دا بۆ بهێنتە دی تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن ئەو پێداویستییانە بکڕن لە شمەکی سەرمایەداری کە بۆ هێنانەدی پەرەپێدانی ئابووری پێویستن.

هـ- خۆشگوزەرانی ئابووری:

مەبەســت لــەم ئامانجــە بــەدیهێنانی دادپــەروەری کۆمەڵایەتییــە لــەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا بەشێوەیەك کە دەوڵەمەندەکان ئەرکێکی زیاتریان بکەوێتە ئەستۆ وەك لە هەژارەکان بۆ نموونە لەوانەیە دەوڵەت رەسمی گومرگی بخاتە سەر چەند شمەکێکی رواڵەتکاری بەرێژەی ٢٠٠٪ لە نرخی شمەکەکان تا رادەی بەکارهێنانیان کەم بکرێتەوەو داهاتێکش کۆ بکاتەوە لە داهاتە بەرزەکان، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە دووبارە دابەشبوونی داهات لەنێوان هاولاتیان بهێنێتە کایەوەو شمەکە پێویستەکانیش بهێنتە ناوەوە کە بۆ زۆرینەی خەڵکن.

٤- رامیاری نەختینەیی:

بریتییە لە هەموو ئەو کارڕاپەڕاندنانەی کە لە لایەن میری و بانکی ناوەندی و خەزێنــەوە دەگیرێنەبــەر، بەمەبەســتی کارکردنــە ســەر بــڕی پــارە و پەیداکردنی پارەو بەکارهێنانی پارە و متمانەپێدان بە ئامانجی گەیشتن بە ئامانجێکی ئابووری دیاری کراو وەك ئامانجی ئیشگێڕانی تەواوەتی.

ئامانجەکانی رامیاری نەختینەیی:

ڕامیاری نەختینەیی هەوڵ دەدات چەند ئامانجێکی دیاری کراو بە دەست بهێنێت کە دەتوانرێت لەمانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە :

أ- هێنانەدی ئاستێکی بەرز لە کارپێدان: ئابووریناسەکان هەموویان کۆکن کە پێویستە دابینکردنی ئاستێکی بەرز لە کارپێدان بە ئامانجێك دابنرێت کە

ڕامیاری نەختینەیی هەوڵی بۆ دەدات، مەبەستیش لەم ئامانجە ئەوەیە کە دەسەڵاتە نەختینەییەکان ئاگاداری جێگیرکردنی چالاکی ئابووری لە بەرزترین ئاستی گونجاو لە خستنەگەڕی دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکان، پێویستە لە سەر دەسەڵاتە نەختینەییەکان هەموو ئەو کارڕاپەڕاندنانە پەیڕەو بکەن کە ئابووری دوور دەخەنەوە لە بێکاری و ئەو شوێنەوارانەی داکشانەوانەی کە لە بەرهەمهێنان و داهات و بارگرژی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوو دەدات لەو کارڕاپەڕاندنانەش بەرزکردنەوەی قەوارەی خواستی هەمووەکی بۆ ئاستی پێویست لە خستنەگەڕی ئەو دەرامەتە بەرهەمهێنەکیانەی سوودیان لێ وەرنەگیراوە.

ب–جێگیرکردنی ئاستی نرخەکان: ئەم مەبەستەش لەوەدا کۆدەکرێتەوە کە کار بکرێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانە توندو تیژ و بەردەوامەکانی ئاستی نرخەکان، چونکە ئەوانە لەگەڵ خۆیاندا چە ندین گۆڕانکاری لە بەهای پارەدا دروست دەکەن و دواتر کاریگەری خراپ دەکەنە سەر ئاستی دابەشکردنی داهات و سامان تەرخانکردنی دەرامەتە ئابوورییەکان بەسەر لقەکانی بەرهەمهێناندا.

ج–هاندانی پەرەسەندنی ئابووری: کاریگەری ڕامیاری نەختینەیی لە هاندانی پەرەسەندنی ئابووریدا لەوەوە دەردەکەوێت کەکار بکاتە سەر وەبەرهێنان، چونکە ئەو گۆڕانکارییانەی ڕامیاری نەختینەی دەیهێنتە کایەوە لە یەدەگە نەختینەیەکانی بانکە بازرگانییەکان کار دەکاتە سەر بڕی خستنەڕووی پارە،ئەمەش گۆڕانێکی هاوشێوە لە نرخی سوودا دێتە کایەوە کە ئەمیش بەپێی ڕۆڵی خۆی قەبارەی وەبەرهێنانی تایبەت دیاری دەکات.

د-چاکترکردنی تەرازووی پارەدان: تەرازووی پارەدان بۆ هەموو ولاتێك پەیوەندی نەختینەیی و دارایی و بازرگانی ئەو ولاتە دەردەخات لەگەڵ ولاتەکانی تری جیهاندا، ئەم تەرازووە کاتێك لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتەدا دەبێت کە وەرگرتووەکانی لە دراوی بیانی (گرانبەها) دەرەوە زۆرتر بێت لە پێدانەکانی بە دەرەوە وە پێچەوانەکەشی راستە.

هەموو دەوڵەتەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە تەرازووی پارەدانەکانیان بەلای بەرژەوەندییەکانیاندا بێتە خوارەوە لەهەر پلەیەکی پێشکەوتنی ئابووری دابن تا بتوانن پارێزگاری بکەن لەو یەدەگی زێرو دراوی گرانبەهایانەی کە هەیانە کورتهێنانیش لە تەرازووی پارەداندا مانای ئەوەیە کە ئەو ولاتە دراوێکی بیانی زیاتر دەدات لەوەی کە وەریگرتووە ئەمەش شوێنەواری خراپ لەسەر بەهای دەرەکی دراوە نیشتمانییەکەی دروست دەکات.

٥-رامیاری کشتوکاڵی:

مەبەست لە رامیاری کشتوکاڵی ئەو کارراپەراندنانەیە کە دەوڵەت ئەنجامی دەدات و چەندین رێگەو شێوازی چاکسازی کشتوکاڵی گونجاو دەگرێتە خۆی کە دەتوانرێت بەهۆیانەوە بەرزترین رادەی خۆشگوزەرانی بۆ کارگەرانی کەرتی کشتوکاڵ لەرێگەی زیادکردنی بەرهەم و چاکترکردنی جۆرەکانیان و بەردەوام بوون لەسەر ئەو چاکتر کردنانە دابین بکات.

ئامانجەکانی ڕامیاری کشتوکاڵی:

أ- چاکترکردنی ئابووری کشتوکاڵی بە ئامانجی بەشداریکردنی گەورەترو بەبایەختر لە ئابووری نەتەوەییدا.

ب-بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیانی کارکەرەکانی ئەم کەرتە.

ج- دابینکردنی پێداویستییەکانی کەرتی پیشەسازی لەکەرەستەی خاوی کشتوکاڵی.

د- ناردنە دەرەوەی بەشێك لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە ئامانجی بەدەستهێنانی دراوی بیانی کە بۆ هێنانە ناوەوەی ئەو شمەکانەی لە کرداری پەرەپێدانی ئابووری پێویستن.

پێداویستییەکانی ڕامیاری کشتوکاڵی:

ڕامیاری کشتوکاڵی ناتوانێت ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی بەدەست بهێنێت ئەگەر ئەم پێداویستییانەی بۆ دابین نەکرێت:-

١) پێویستە ڕامیاری کشتوکاڵی لەلایەن دەسەلاتێکی میری یان نیمچە میرییەوە دەرکرا بێت و بەرنامەیەکی کردارەکی ئەوتۆی هەبێت کە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەنجامدانی بکات.

٢) پێویستە ڕامیاری کشتوکاڵی ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی خۆی هەبێت و هەوڵی بەدەستهێنانیان بدات، کە ئامانج و ئارەزووی زۆرینەی خەڵك بنوێنێت.

٣) ڕامیاری کشتوکاڵی پێویستی بە ئامرازی دیاریکراو هەیە تا ئامانجەکانیان بە کەمترین ئەرك و تێچوون بەدی بێنێ.

٤) لەکاتی دیاریکردنی ئامرازو کارڕاپەراندنەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، پێویستە ڕەچاوی ئەو هەلومەرجە ناوخۆییانە بکرێت کە ڕێگر دەبێت لە بەجێبەجێکردنی بەرنامەکەدا.

پرسیارەکانی بەشی سێیەم

١. پێناسەی ئەمانە بکە:

(رامیاری ئابووری، رامیاری دارایی، رامیاری نرخ، رامیاری بازرگانی، رامیاری کشتوکاڵ).

٢. ئامانجەکانی رامیاری ئابووری کامانەن؟

٣. ئامانجەکانی رامیاری دارایی کامانەن؟

٤. ئامانجەکانی رامیاری نرخ کامانەن؟

٥. ئامانجەکانی رامیاری نەختینەیی کامانەن؟

٦. پێویستیەکانی رامیاری کشتوکاڵ کامانەن؟

سەرچاوەکانی بەشی سێیەم

١. د. اسماعيل عبدالرحمن و د. حربي محمد عريقات/مفاهيم ونظم أقتصادية دار وائل للنشر/٢٠٠٤.

٢. د. خالد و د.احمد حسين/ مبادى اللأقتصاد الكلي /دار وائل للنشر/٢٠٠٤.

٣. د. عبدالوهاب مطر الداهري/ الأقتصاد الزراعي/ مؤسسةدار الكتب١٩٨٠.

٤. د. عوض فاضل / النقود والبنوك/ مطبعة وزارة التعليم العالي ١٩٩٠.

٥. د. جلال عبدالرزاق و د. خزعل الجاسم/ الأقتصاد/ مطبعة ابو راغب١٩٩٧.

٦. د. غازى صالح الطائي/ الأقتصاد الروبي/ دار الكتب للطباعة والنشر ١٩٩٩.

٧. د. سامي عفيفي حاتم/دراسات في الأقتصاد الرويي/دار الميسرية اللبنانية١٩٩٥.

بەشی چوارەم

دواکەوتن و پەرەپێدانی ئابووری

دواکەوتن

UNDER DEVELOPMENT

هـزری ئـابووری هاوچـەرخ پێناسـەی زۆری بـۆ دواکـەوتن لـەخۆ گرتـووە، هەندی لەوانە ئەو ولآتە بەدواکەوتوو دادەنێن کە ئابوورییەکـەی لـە بنەڕەتـدا پشـت بـە پیشەسـازی کەرەسـتەی خـاوی (وەك کشـتوکاڵ و کانزاکـاری) ببەستێت، هەندێکی دیکە بە ئابووری پاشکۆ (کلکایـەتی) نـاوزەدی دەکـەن، یاخود ئابووری سەرچاوە(کەرەستەی خاو) ببەستێت.

بـەڵام مانـای فـراوان و بـەربڵاوی دواکـەوتوویی بـەگوێرەی رای ئابووریناس (**تۆدارۆ** M. P. Todaro) (بریتییە لەو بارە ئابوورییـەی کـە بـە نزمـی ئاسـتی بژێوی ژیان هاوشان لەگەڵ هەژارییەکی بەرەو خوار نیشـانە دەکرێ، ونزمـی سـەرمایەس تاکەکـەس، نزمـی ڕێـژەی گەشـەکردنی ئـابووری، نزمـی ئاسـتی بـەکاربردن، خزمـەتگوزاری تەندروسـتی کەمـە و بـەش ناکـا، ڕێـژەی بـەرزی لەدایکبوون، کەمی سەربەستی هەڵبژاردنی ئەو چالاکییانەی کـە دەبنـە هـۆی پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی مرۆڤی بەکاربەر).

تایبەتمەندییەکانی دواکەوتوویی ئابووری:

١-کەمی سەرمایە:

زۆربەی ئەو ولآتانەی ئابوورییان دواکەوتووە ئەوانەن کە هەندێك یان هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنانیان(بەمانا سەرمایەدارییەکەی)نییە، لەوانەش سەرمایە، بەشی پێویستی پارەدارکردنی پرۆژەکانی پەرەپێدان ناکات، بۆیە لەژێر رۆشنایی ئەم کەموکورتییەدا ئابووریناس(**نرکسە Nurkse**)دەڵێ: **(دەوڵەت بە دواکەوتوو دادەنرێت لە بەر ئەوەی هەژارە)**.بۆ روونکردنەوەی ئەم بیرۆکەیەش (نرکسە) پشت بەم شیکردنەوەیە دەبەستێ:

کەمبوونەوەی سەرمایە یان کەڵەکەبوونی لە بازاڕی دراودا بەستراوە بە لایەنی خواست و خستنەرووی هەمووەکییەوە. خسستنەرووی سەرمایەش زۆربەی کات نزمە بە هۆی لاوازیی ئارەزووی سنوورەکی بۆ پاشەکەوتکردن یان زێدەرۆییکردن لە ئارەزووی سنوورەکی بۆ بەکاربردن، ودابەزینی داهاتەکانی رەخساو بۆ خەرجکردن، لە دەرەنجامی تێکچوونی بەرهەمی کەرتە سەرەکییەکانی ئابووری دێتەکایەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی بازنەیەکی داخراو، هەروەك لەم هێڵکارییەدا روون کراوەتەوە:



٢- دواکەوتوویی ئامراز و ڕێگاکانی بەرهەمهێنان:

لاسەنگی پەیکەربەندی کە ولآتـانی دواکـەوتووی پـێ جیـا دەکرێتـەوە خۆی لە سـەرەتایی هۆکارەکـانی بەرهـەمهێنان دەبینێتـەوە، بـۆ نموونـە لـە کـەرتی یەکەمـدا (کـەرتی کشـتوکاڵدا) شـێوازی بەرهـەمهێنان پشـت بـەکاری دەستی و بەکارهێنانی ئاژەڵ دەبەستێت، بە دەگمەن پرۆژەی پەرەپێدان بۆ چاك کردن و ڕەخسـاندنی زەوییـەکان بـۆ کشـتوکاڵکردن ئـەنجام دەدرێ بـۆ ئەوەی ئەو ئەنجامە چاوەڕوانکراوەی لێ بێتەدی.

دواکەووتنی شێوازەکانی بەرهـەمهێنان لـەم ئابووریانـەدا دەگەڕێتـەوە بۆ: نەبوونی هۆیەکانی تەکنیکی تـازەی هـاوردە تـا بەرهەمهێنـەکان بـەکاری بێنن.

خراپــی و نــەگونجانی بــارودۆخی ئــابووری و کۆمەڵایــەتی و ڕۆشــنبیریش یارمەتیدەرن بۆ دروستبوونی ژینگەیەك (بارێك)ی وا کە ناهێڵێ تەکنــەلۆژیای تازە لەکرداری بەرهەمهێناندا بەکاربێ.

لەم ڕوانگەیەوە شــارەزایانی نەتــەوە یــەکگرتووەکان لــە توێژینەوەکانیانــدا ئاماژە بەوە دەکەن کە وڵاتانی دواکەوتوو دەتوانن بەرهەمــەکانیان لەکــەرتی کشتوکاڵ بەڕێــژەی ٥٠٪ زیــاد بکــەن لەماوەیــەکی مامناوەندیــدا، ئەگــەر ئــەو وڵاتانە توانیان شــێوازەکانی تــازەی بەرهــەمهێنان بێــنن و ڕێگاکــانی تــازەش بەکار بێنن بۆ پاراستنی بەروبوومی چاندراویان لە دەردو بەڵاکانی ژینگەیی.

یەکێك لەنیشــانە دیارەکــانی کــەرتی کشــتوکاڵی لــە وڵاتــە دواکەوتووەکانــدا بریتییە لە بــەرزی ژمــارەی (ڕێــژەی) بێکــاران لــە کــرداری بەرهــەمهێنان، بــە بەراورد(لەچاو) سەرجەمی هێزی کارگــەری ئــابووری نەتــەوەیی، کــە ئەمــەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیاردەی بێکاری شاراوە (ژێــر پــەردە) کــە ئەمــەش خۆی لەخۆیدا نزمی بەرهەمی یەك دۆنمی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها ناوەنــدی بەرهەمداری تاکە کەسیش لــە کشــتوکاڵدا نــزم دەبێتــەوە، چــونکە بەرهــەمی سنوورەکی جوتیارەکە سفر دەبێت یاخود سالب.

هاوبەشیکردنی کەرتی کشتوکاڵی لــەکرداری کەڵەکەبوونــدا زۆر نــزم دەبــێ، چونکە ئەگەر زیادەی ئابووری هاتــەدی ئــەوا لەلایــەن خــاوەن زەوییەکانــەوە ئاراستە دەکرێ، یان بەرەو بەکاربردنی خۆشــگوزەرانی یــانیش لــە دەرەوەی کەرتەکە دەکات بێ ئەوەی هاوبەشی بکات لەکرداری بوژانەوەو گەشەپێدانی شێوازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی.

دواکەوتوویی شێوازەکان و ڕێگاکانی بەرهەمهێنان کاریگەری خراپی لەسەر ئابووری هەیە، کە دەتوانن گرنگترینیان بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:-

١. بوونی بێکاری ئاشکرا لە لادێکان لە شێوەی (بێکاری خۆویست و خۆنەویست) دەردەکەوێت.
٢. زاڵبوونی دیاردەی کۆچکردن لە لادێوە بۆ شار کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بێکاری و فراوانبوونی دیاردەی کاری (لابەلا).
٣. نزمی دابینکردنی کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی بۆ دامودەزگا پیشەسازییەکان.
٤. کەم توانابوون لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە.
٥. توانای کڕین لای زۆربەی دانیشتوانی لادێ نزم دەبێت بەهۆی کەمی بەرهەم و خراپ دابەشکردنی داهات.
٦. دواکەوتوویی هەریەك لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەمهێنان لەکەرتی کشتوکاڵیدا کاریگەریەکی خراپیان لەسەر کەرتەکانی تری ئابووریدا دەبێت.

٣- گەشەکردنی دانیشتوان:

پەرتووکە ئابوورییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ڕێژەی هەژاری و تێکڕای گەشەکردنی دانیشتواندا هەیە، شایانی باسە هەمیشە نەهامەتییە خراپەکانی ئابووری دەکەوێتە سەر شانی چینی هەژاری کۆمەڵگە، چونکە ئەم چینە لەبنەڕەتدا بەدەست بێ مولکی و نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە دەناڵێنن، هەر بۆیەش زۆربەی جار

ئەوانە لەپێشەنگی قوربانیانی بێکارین بەهۆی سستی گەشەکردنی ئابووری، ئافرەتانیش بەشێوەیەکی تایبەتی شوێنەواری ئەو بێکاری و رێوشوێنە ئابوورییە لێك ترازاوانەی تر هەڵدەگرن کە دەوڵەت دەیانگرێتەبەر، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی دروستبوونی بازنەیەکی تری داخراو تا ئەو پلەیەی کە خێزانە قەبارە گەورەکانیش دەناڵێنن بەدەست هەژاری بەردەوام و نەبوونی یەکسانی لە کۆمەڵگەدا.

هەروەها گەشەکردنی دانیشتوان دەبێتە هۆی دیاردەیەك کە لە زانستی ئابووری پێی دەگوترێ دەرکەوتنی دیاردەی زیادبوونی خەرجییە گشتییەکان و کەمبوونەوەی پارەدارکردن لە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەك فێرکردن و تەندروستی و لەناوبردنی پیسبوونی ژینگەو زیادبوونی هاوردەنی بۆ دوورکەوتنەوە لەو مەترسیانەی کە دەبنە هەڕەشە بۆ ئاسایشی خۆراکی دەوڵەت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان زۆرجار دەبێتە هۆی زیادبوونێکی بەرچاوی ئەوانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵ کەمترە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی کەسانی بەکاربەر لە کۆمەڵگەدا، کە هێشتا توانای بەرهەمهێنانیان نییە، جا ئەگەر ئەو نزمبوونەوەیە هەستپێکراوەی لە بەهیوابوون بەژیان وەربگرین لەوانەی کە تەمەنیان لە(٤٠) ساڵ کەمترە، ئەوسا دەردەکەوێ کە نزمبوونەوەی ساڵەکانی بەرهەمهێنان بەرەو (سفر) دەڕوات، ئەم دیاردەیە لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا دەبێتە هۆی فراوانبوونی کەلێنی هەڵاوسان، چونکە ئەم وڵاتانە بەدەست دواکەوتوویی هەردوو لایەنی پیشەسازی و کشتوکاڵیەوە (وەك یەك) دەناڵێنن.

٤-بڵاوبوونەوی بێکاری: Unem ployment

ئابووریناسانی جیهانی سێیەم کۆکن لەسەر بوونی بێکاری شاراوە (**ژێر پەردە**) لە وڵاتانی دواکەوتوو لە گشت کەرتەکانی بەرهەمهێناندا، ئەم جۆرە بێکارییەش زیاتر لەکەرتی کشتوکاڵی بەدیار دەکەوێ، چونکە ئەم کەرتە کەرتی پێشەنگە و زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگەش بۆ بەدەستهێنانی هەلی کارکردن و وەبەرهێنان پشت بەم کەرتە دەبەستن. جا لە رووی تیۆرییەوە ئەگەر ژمارەیەکی زۆری کارکەران لەم کەرتەدا وازیان هێنا ئەوا کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان نابێ، چونکە بەرهەمهێنانی سنوورەکییەکەی دەکاتە پلەی سفر بە هۆی لاوازی پەیکەربەندی پیشەسازی لە کەرتەکانی تری بەرهەمهێناندا، ناتوانرێ ئەو ژمارە زۆرەی بێکاران دابمەزرێندرێ و کاریان پێبدرێ.

ئەم جۆرە بێکارییە لە ئابووری دواکەوتوودا دەبێتە هۆی کۆچکردن لە لادێ بۆ شار، بۆ بە دەستهێنانی هەلی کارکردن کە ئەمەش دەبێتە هۆی زۆربوونی دیاردەی بێکاری لە شاردا، چونکە ئەم بەشەی جوگرافیەی شارەکان خۆی لە بنەڕەتدا بە دەست دیاردەی بێکارییەوە دەناڵێنێ، وڵاتانی دواکەوتوو لەسایەی ئەم دیاردەیەدا بە دەست بێکاری کراوە(بێکاری خۆویست یان بێکاری خۆنەویست) دەناڵێنن، هەر وەك ئابووریناسە رۆژئاواییەکان ئەم ناوەیان لێ ناوە، کەرێژەی ١٠ — ٢٠٪ هێزی کارکەران دەگرێتەوە، جا رێژەی بێکاریش لە نێو لاوانی خوێندەواردا بەرزترە، بە تایبەتی لە لادێ، چونکە ئەم بێکارانە هیچ دەرامەتێك یان توانایەکیان نییە بۆ چاککردنی باری ئابووریان بە بەراورد بە هاوشانە بێکارەکانیان لە شاردا، کە کرێیەکی کەم وەردەگرن، ئەم دیاردەیەش پەیوەندی بە گیروگرفتی هەژارییەوە هەیە لە

وڵاتە دواکەوتووەکاندا، هەر بۆیەش دامەزراندن وخستنە سەرکار جێگایەکی سەرەکی داگیرکردووە لە لێکۆڵینەوەی دیاردەی بێکاری و چۆنێتی چارەسەرکردنی لەم وڵاتانەدا.

٥ - دواکەوتوویی پەیکەربەندی کۆمەڵایەتی:

زۆرجار لەپشت دیاردەکانی دواکەوتنی ئابوورییەوە، دیاردەیەکی دیکە هەیە کە بریتییە لە دیاردەی لاوازی (حەتمیەتی) رۆشنبیریە، واتە رۆشنبیری گشتی تاکەکان رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لەسەر پلەی دواکەوتن دابەزینی ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەیە، کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی زۆر لەو دەرەنجامانەی کە وا دەکەن هەلی گونجاو نەڕەخسێت بۆ بە دیهێنانی پەرەپێدان و دەبێتە هۆی بەردەوامی حاڵەتی دواکەوتن، و گرنگترین دەرئەنجامەکانی دواکەوتوویی پەیکەربەندی کۆمەڵایەتی ئەمانەن:

١-کاریگەری دابو نەریت لە سەر خەرجی بەکاربردنی هەمووەکی، کە زۆربەی کات ئارەزووی سنوورەکی بەکاربردن زۆر بەرز دەبێتەوە و خەرجکردنیش بەرەو بە کاربردنی خۆشگوزەرانی و بەمەبەستی شانازی بە خۆکردنە.

٢-داب و نەریتەکان رۆڵیان هەیە لە شێوازی پاشکەوتکردندا، کاتێ پاشکەوتکردن ئاراستەی لایەنەکانی بەرهەم نەهێن دەکرێ وەکو جامبازی لە کڕین و فرۆشتنی زەوی وزار وکانزا گرانبەهاکان و زیادکردنی پشتێنەی (رصید) دراو.

٣-تەمبەڵی و هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی فاکتەری کات بە شێوەیەکی دروست لەو بوارانەی سوودبەخشن بۆ وەبەرهێنان بەکار نەهێنرێ.

٤- نزمی ئاستەکانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و نزمی ئومێدی تاکەکان، وا لە تاکەکان دەکات بە کەمترین ئاستی خۆشگوزەرانی ژیان رازی بن و ، بۆ چاککردنی بارودۆخی ئابوورییان و فێربوونی هونەری نوێی بەرهەمهێنان لە کەرتەکانی بەرهەمهێنانی پێشەنگدا گرنگی بە وەبەرهێنانی تواناکانیان نەدەن.

٥- بە هۆی حوکمی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئافرەت هان نادرێ بەشداری لە چالاکییە ئابوورییەکان بکات.

٦-بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و نزمی ئاستی فێربوون وا دەکەن توانای تاکەکان لەبواری بەرهەمهێنان و لێهاتوویی کارگێڕی لە کۆمەڵگەدا لاواز بێت. نەخوێندەواری دەبێتە هۆی لەدەستدانی هۆشیاری تەندروستی و زیادبوونی پیسبوونی ژینگەو بڵاوبوونەوەی دەرد و نەخۆشی لە وڵاتانی دواکەوتوو.

٦- پاشکۆیەتی ئابووری:

ئابووریناسانی قوتابخانە پەیکەربەندییەکان(Structural School) کۆکن لە سەر ئەوەی کە بازرگانی دەرەکی سەرچاوەیەکی گرنگی پاشکۆیەتی ئابووری وڵاتانی دواکەوتووە (**ئابووریناس پریبش Prebish**) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی پەیکەربەندیی (الهیکلیة) لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی، پێیوایە وڵاتە دواکەوتووەکان تەنها لە بازرگانی چەند کەرەستەیەکی سەرەتایی پسپۆڕن کە ئەمەشە دەبێتە هۆی پاشکۆیەتی ئەم وڵاتانە لەو گۆڕانکارییانەی لە ئاڵوگۆڕی شمەك لەبازارەکانی جیهانیدا روو دەدەن. .(TOT) Terms of trade

هەروەها (پرێبیش) لە توێژینەوەکانی گەیشتە ئەو دەرەنجامەی ئەو گۆڕانانەی کە لە نرخی کەرەستە خاوەکان لە بازاڕەکانی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی روودەدەن بەشێوەیەکی بەردەوام لە بەرامبەر شمەکە بەرهەمهێنراوەکانی بەریتانیادا لە دابەزین دان، بەگوێرەی رای ئەم قوتابخانەیەش هۆی سەرەکی دابەزینی رێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی وڵاتە دواکەوتووەکان بۆ ئەو پێوانە جیاوازانەی نەرم نواندنی داهات بۆ خواست لەسەر بەرهەمەکانی وڵاتانی پەیوەندیدار(وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی)، هەروەها بۆ سەرکەوتنی تەکنەلۆژی لەسەر خستنەرووی شمەك لە بازرگانی جیهانیدا دەگەڕێتەوە.

داواکاری وڵاتانی پێشکەوتوو لەسەر شمەك و کەرەستەی سەرەتاییەکانی وڵاتە دواکەوتووەکان لە رووی داهاتەوە نەرمی تیا دەنوێنرێ، و بەپێی **یاسای ئەنگڵ**(Engle Law) لە وڵاتە پیشەسازییەکان خواست لەسەر کەلوپەلی خۆراکی تارادەیەك نزم دەبێتەوە لەگەڵ ئەو زیادبوونەی کەبەسەر داهاتدا دێت، بۆیە ئەم وڵاتانە پەنا دەبەنە بەر کەمکردنەوەی داهاتەکانیان لە کەرەستەی سەرەتایی و کەلوپەلی خۆراك.

جگە لەمەش ئەم وڵاتانە لە میانەی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەی کەبەدەستیان هێناوە توانیان بڕێکی زۆری دەرامەتی سروشتی بەرهەمبهێنن کە پێشتر لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا دەیانهێنا بەرێگایەکی پیشەسازی، لەبەر ئەم هۆیە دابەزینی خواست دەبینین لەسەر زۆر لە کەرەستە سەرەتاییەکان بەتێپەربوونی کات لە بازارەکانی جیهانیدا، لە بەرامبەریشدا زۆربوونی خواستی شمەکی وەبەرهێنەکی و کەلوپەلی خۆراك دەبینین لەلایەن وڵاتە دواکەوتوەکاندا لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا بەهۆی فراوانبوونی کەلێنی

هەڵاوسان لە بازاڕی شمەك داو پێویست بوونی پیشەسازییە ناوخۆییەکان بە کەلوپەل و بڕینی پەیوەندی و هاموشۆ لەلایەن وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کە ئەمانە دەبنە هۆی پلەیەکی بەرزی نەرمی نواندن.

لەلایەنی خستنەڕووەوە، وڵاتە پیشەسازییەکان بەهۆی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەی کە بەدەستیان هێناوە توانیویانە زیادبوونێکی بەهێز لەبەرهەمهێناندا بەدەست بێنن لە کەرتە پێشەنگەکانی ئابووری دا، لەم روانگەشەوە وڵاتە پیشەسازییەکان توانیان زۆر بەهێزەوە بەرگری لەپێگەی رکابەرایەتیان بکەن بەهۆی خستنەڕووی شمەك و کاڵای جۆراوجۆری زۆر پێشکەوتووی نرخ گونجاو.

ئەم پەرەسەندنە وای لە وڵاتە پیشەسازییەکان کرد کە نرخەکانی خۆی بسەپێنێ و رامیاریەکانی نرخی جۆراوجۆریش بگرێتە بەر، چونکە بەهۆیەوە قازانجێکی زۆری لێوە دەست دەکەوێ.

ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی وڵاتە پیشەسازییەکانیش پەرەسەندوترە لەچاو(بەبەراورد)لەگەڵ ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی وڵاتە دواکەوتوەکان، لەمەشەوە هاوردەنی نەختینەیی لەبازرگانی دەرەکیدا هاوبەشی ناکات لە کرداری پەرەپێدانی ئابووری لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو لەئابووریدا.

پەرەپێدانی ئابووری

چەمکی پەرەپێدان:

پێش ئەوەی ئاماژە بە پێناسەی پەرەپێدانی ئابووری بکرێت، پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان هەردوو دەستەواژەی (پەرەسەندنی ئابووری) و (پەرەپێدانی ئابووری) کە تەنانەت وایان لێ هاتووە یەك مانا ببەخشن، **(پەرەسەندنی ئابووری)** ئاماژە دەکات (زیادبوونی بەردەوامی داهاتی راستەقینەی تاکەکەس لە دەوڵەتێکدا بەهۆی چاککردنی بەردەوام لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەگشت بوارەکاندا)، کەچی **(پەرەپێدانی ئابووری)** (واتە کرداری چاك کردنی چۆنایەتی لە ژیانی مرۆڤدا). لە بابەتی پەرەپێداندا پەرتووکە ئابوورییەکان ئاماژە بەبوونی چەند دیاردەیەکی گرنگی پەرەپێدان دەکەن کە پێویست دەکات لێرەدا بەم خاڵانە باسیان بکەین:

١. بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و خزمەتگوزاریی تاکەکەسەکان لە میانەی کرداری پەرەسەندنی ئابووری .

٢. رەخساندنی بارێکی گونجاو بۆ نەشونماکردنی هەست کردنی تاکەکەس بە خۆشگوزەرانی لەمیانەی بنیادنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابووری و دام و دەزگایی کە ئامانجیان رێزگرتنی شکۆمەندی (کرامة) هاووڵاتییە.

٣. زیادکردنی سەربەستی مرۆڤ لەمافی دەستنیشان کردن لەمیانەی فراوانکردن و جۆراوجۆرێتی کردن لە حەزو ئارەزووەکانی تاکەکەس، وەك زیادکردنی جۆرەکانی شمەکی بەکاربەرەکی و کارگوزاری.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی پەرەپێدان لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا لە سەر دەوڵەت پێویستە ڕێو شوێنی کرداری و هۆشیارکەرەوەی پلان بۆ داڕێژراو بگرێتە بەر بۆ گۆڕانکاری و بازدان لەشێوەو ناوەڕۆکەوە ئەمیش لەڕێگای سازکردنی تەقەلاو توانا جۆراوجۆرەکان لە پلانێکی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە.

پێویستییەکانی پەرەپێدانی ئابووری:

١. کەڵەکەکردنی سەرمایە:

پێکهێنانی سەرمایە ئەو کاتە دێتە بەرهەم کەوا کۆمەڵگە ڕێژەیەك لە داهاتی بەگەڕ پاشەکەوت بکاو وەبەربهێنرێ بۆ بەدەستهێنانی برێکی زیاتری بەرهەم و داهات. بێگومان کارگە تازەکان ئامێرو مەکینەکان و کەرەستە خاوەکان دەبنە هۆی زیادکردنی ماددی سەرمایەی دەوڵەت (بەهای راستەقینەی پوختی سەرتاپایی سەرجەم شمەکە سەرمایەدارەکانی لەرووی مادییەوە بەرهەمیان هەبێ) کە لەوانەیە ئابووری لەئاستی بەرهەمهێناندا فراوانتر بکات.

ئەو وەبەرهێنانە بەبەرهەم و راستەوخۆیانە هاوکات وەبەرهێنانی تری زیادەشی شان بەشان لەگەڵدا دەڕوات کە لە پەرتوکە ئابوورییەکان بە(ژینگەی کۆمەلایەتی و ئابووری) ناسراوە، وەك ڕێگاوبان، کارەبا، پالاوگەکانی ئاو، گەیاندن و هاوشێوەیان کە یارمەتی دەرن بۆ بەیەکەوە گرێدانی جموجۆڵە ئابوورییەکان و کرداری پەرەپێدانیش ئاسان دەکات، ئەو نموونەکە جێبەجێکاری خوارەوە یارمەتی تێگەیشتنی ئەم بیرۆکانە دەدەن.

ئەگەر وەبەرهێنان لە دەزگایەکی کشتوکاڵی (وەك کڕینی تراکتۆر) بۆ نموونە ببێتە هۆی زیادکردنی بەرهەمی هەمووەکی لە کێڵگەدا، بەڵام بەبێ هۆیەکانی گواستنەوەی تازە جوتیار ناتوانێ شمەکە بەرهەمهێنراوەکەی ساغ بکاتەوەو بیخاتە روو بۆ فرۆشتن لە بازاڕەکاندا، بۆیە ئەم وەبەرهێنانە لەوانەیە هیچ شتێکی زیادە نەخاتە سەر بەرهەمهێنانی نەتەوەیی.

چەند ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆی وەبەرهێنان هەن لە دەرامەتە نەتەوەییەکان وەك بنیادنانی دەزگا بۆ ئاودانی زەویەکان کە دەبێتە هۆی چاککردنی زەویە کشتوکاڵییەکانی وڵات کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەرهەمداریی بۆ هەر دۆنمێك زیاتر دەکات، جا بۆ نموونە ئەگەر توانرا بۆ (١٠٠) هکتار زەوی کشتوکاڵی کە هەمان بڕی بەرهەمی (٢٠٠) هکتار زەوی دێمەکار (کە پشت بە باران دەبەستێ) بدات بەدەستەوە، کەواتە بنیادنانی مەکینەش بۆ ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکان وا دەکات کە بڕی بەرهەمی ئەو زەویانەی کە دێمەکار نین دووهێندە بێ. بەهەمان ڕێگاش دەتوانرێ بەرهەمداری زەویە کشتوکاڵییەکان زیاد بکری ئەگەر بێت و دەرمانی لەناوبردنی مێرووە زیانبەخشەکان بەکار بهێنری ، هەموو ئەو جۆرە وەبەرهێنانانە ئەو ڕێگاو پێناوە ماددیانە دەنوێنن بۆ چاك کردنی شێوەی زەوییەکان کەخۆی لەخۆیدا دەبێتە زیادکردنی بەرهەمداری زەوی بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە.

٢. وەبەرهێنانی سەرمایەی مرۆڤی :

وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆڤدا بۆی هەیە ببێتە چاکترکردنی هەڵسوڕاندنی کارگێڕی بەرهەمی هێزی کارگەر، دەتوانێ هەمان کاریگەری

یاخود زیاتریش ببینێ ئەگەر ژمارەیەکی تری زۆرتری ئاسایی تاکەکان بەکار بهێنرێن لە کرداری بەرهەمهێناندا.

فێرکردن و مەشق پێدانی تاکەکان بۆ کارامەیی و شارەزایی دەبێتە هۆی زیاتر کردنی لێهاتوویی تاکەکەس بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ وەبەرهێنانە راستەوخۆکان لە ئامرازو ئامێرەکان و شێوەکانی لەوجۆرە، هەروەها مەشق پێدانی مامۆستاو وانەبێژە بەتواناکان لەگەڵ بوونی سەرچاوە و کتێبی جۆراوجۆری ئابووری بۆی هەیە کاریگەری گەورەیان هەبێ لە چۆنایەتی و رابەرایەتی تاکەکان بۆ هاوبەشیکردن لەزیادکردنی بەرهەمهێناندا، وەبەرهێنان لە دەرامەتە مرۆییەکان و رەخساندنی سەرمایەکی مرۆیی لێهاتوو هەمان کاریگەری هەیە وەك زیادکردنی چۆنایەتی و بەرهەمداری دەرامەتە رەخساوەکان (ئاودانی زەویەکان و بەکارهێنانی دەرمانی لەناوبردنی مێروو)، بەڵام ئەو خاسیەتە گرنگەی کە ناتوانری وازی لێ بهێنری و پەیوەندی بەدەست نیشانکردن لەنێوان دوو شتدا هەیە (واتە لەنێوان بەکاربردن لە ئێستاو بەکاربردن لە ئاییندە)، کورتەکەشی واز هێنانە لە شتێك کە (وەبەرهێنان) زیاد دەکات بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا بەرهەمی زیاتر گڵ بداتەوە.

وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆڤیدا پێویستیەکی حەتمییە بۆ ئەو وڵاتە دواکەوتووانەی کە ئابوورییەکانیان ئاراستەی پەرەپێدانێکی ئامانج بۆ دارێژراو دەکەن.

٣. رەگەزی تەکنەلۆژیا:

پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بەگرنگترین ئەو هۆکارانە دادەنرێت کە پەرەپێدانی ئابووری پێ دەبوژێتەوەو چەندایەتی بەرهەمی پێ زیاد دەکری ،

به واتایەکی تر پێشکەوتنی تەکنەلۆژی یارمەتی بەکارهێنانی ڕێگاو ئامرازە نوێیەکان و ئابوورییەکان دەدات بۆ ڕاپەڕاندنی پرۆژە سوودبەخشەکانی پەرەپێدان. کەواتە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی دەتوانری وا بەکار بهێنری کە بەرهەمداری پێ بەرزبکرێتەوە لە پیشەسازییە بەکارهاتووەکان لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا.

بیردۆزەکانی پەرەپێدان و پەرەسەندنی ئابووری:

هزری کلاسیکی (ئابووری کۆن) لەسەر بنەڕەتی سیستەمی ئابووری لیبراڵی وەستاوە، کە تیایدا موڵکایەتی تایبەتی تاکەکان و، بازاڕی رکابەرایەتی ئازادو، بوونی حاڵەتی بەکارخستنی تەواوی دەرامەتەکان خۆی دەسەپێنێت، ئەم هزرە (بیرە) کلاسیکیەش بڵاوبوونەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی لەکاتی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپادا لەبارودۆخێکدا کە سەپاندنی ئەم هزرەی تێدا هاتەدیو شانبەشانی ئەم گۆڕانکاریانە دەڕۆیشت کە لەگەڵ واقعی ئابووری ئەوێ دا ڕوویاندا.

پاش شۆڕشی پیشەسازی ، هزری کلاسیکی ڕووی کردە دۆزینەوەی هۆکارە شاراوەکانی پشتەوەی پەرەسەندن بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە داهاتی نەتەوەیی، لەهەمان کاتدا شیکردنەوەی کەرتی (بەشی) ئابووریشیان لەبەرچاو گرت، چونکە شیکردنەوەی داهات لەسەر ئاستی داهاتی هەمووەکی یان فەرامۆش کردبوو، کلاسیکەکان باوەڕیان بە دابەشکردنی ڕێژەیی داهات هەیە بۆ (کرێ و موڵکانەو سوو) چونکە کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر کرداری پەرەسەندن، بەهەمان شێوەش بەرهەمهێنانی نەتەوەیی دابەش دەبێت لەنێوان بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵیی، گرنگیدانی

کلاسیکەکان (ئابووریناسە کۆنەکان) جەخت لەسەر شیکردنەوە ئابوورییەکان دەکەن کە پەیوەندی هەیە پاڵپێوەنانی ڕەوڕەوی ئابوری بەرەو پەرەسەندن.

لــە زاناکــانی قوتابخانــەی کلاســیکی کــە گرنگیــان بەبابــەتی بەرەوپەرەسەندن داوە لە ڕێگای توێژینەوەکانیان، ئەمانەن:

١. ئادەم سمث:

(سمث) پێیوایە کە پەرەسەندن بەشێوەیەکی کەڵەکە سەندوو دێتەدی لەمیانەی پسپۆربوون و کاردابەش کردنەوە، کە بەهۆیەوە دەتوانری داهێنان و بەرهەمداری کرێکار لە ئابووری دا بەگشتی زیاد بکرێ، بۆ ئـەوەی ئەمـەش بێتە دی پێویستە چەند مەرجێك برەخسێنرێت وەك سەرمایە و بازاڕ.

فراوانکردنی پێکهێنانی سەرمایەش کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی دەرگا والا بکات لە بەردەم پسپۆربوون و کار دابەشکردن، جا بۆ ئەوەی سەرمایەش پێك بێت پێویست دەکات کە پاشەکەوتکردن رووەو وەبـەرهێنان ئاراستـە بکرێ کـە ئەمـەش خـۆی لـەخۆی دا دەبێتـە زیـادکردنی بەرهـەم و داهـات و ئاڵوگۆڕ، پاشانیش زیادبوونی پاشەکەوت و پێکهێنانی سەرمایە.

بـــازاڕیش بـــەلای (سمـــث)ەوە کـــارێکی هاوشـــانی پســـپۆربوون و کاردابەشکردنە، چونکە قەبارەی بازاڕ ڕێگا خۆش دەکات بۆ زیادکردنی پلەی پسپۆڕسازی و کاردابەش کردنەوە لەڕێگای زیادکردنی بەرهەم و فراوانکردنـی گۆڕینەوە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و جیهانی دا.

٢. دیڤید ڕیكاردۆ:

(ڕیكـاردۆ) كشـتوكاڵ بـە كەرتـە پێشـەنگەكانی ئـابووری نەتـەوەیی دادەنێت، چونكە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی ئاساییشی خۆراك بۆ دانیشـتوان، كشتوكاڵیش بەلای (ڕیكاردۆ) دەچێتە ژێر باری یاسای سوود داكشان كە كار دەكاتە سەر ڕێژەی بەرهەم و سوو.

(ڕیكاردۆ) كرداری پەرەسەندن شی دەكاتەوە لـە ڕێگـای دابەشـكردنی كۆمەڵگە بۆ سێ كۆمەڵەی سەرەكی و ئەو پەیوەندیەی كە دروست دەبـێ لـە ئـەنجامی دابەشـبوونی ڕێـژەیی داهـات بەسـەر ئـەم كۆمەڵانـە كـە خـۆی لـە (**سەرمایەدارەكان و كاركەران و خاوەن زەوییەكان**) دەبینێتەوە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم دابەشبوونەدا،(ڕیكاردۆ) لەدابەشـكردنی داهـات بـۆ بەشـە سـەرەكیەكان دەكۆڵێتـەوە كـە ئـەویش ئـەو دەسـهاتانەیە كـە ئـەم كۆمەڵانـە بەدەسـتی دێـنن، وئـەم گەشەسـەندنەش كـە لـە هـەر یەكێكیانـدا ڕوودەدات ئـــەوا دەستنیشـــانی كـــرداری پەرەســـەندنەكە دەكـــات، ئـــەم دەسهاتانەش بریتین لەو (كرێیانـەی كـە دەدرێـن بەكاركـەران و موڵكانـە كـە خاوەن زەویەكان وەری دەگرن و، ئەو سوودەی كـە سـەرمایەداران دەسـتیان دەكەوێ) بەهۆی هاوبەشی كردنیان لە پارەداركردنی كرداری بەرهەمهێناندا.

موڵكانەو سوو بەشێوەیەكی سەرەكی بە دەسهاتی پوخت دادەنـرێن و سەرچـاوەیەكی گـرنگن لـە كـرداری پێكهێنـانی سـەرمایەدا كـە هاوبەشـە لـە كرداری پەرەسەندن دا، هۆیەكەشـی ئەوەیـە كـە ئـەم شـێوازە هـەر بەتـەنها توانای پاشەكەوت كردنی هەیە لـەڕێگای دووبـارە وەبەرهێنانـەوەی سـوو بـە ئامــانجی بەدەســتهێنانی زۆرتــرین بــڕی ســوو، ســوو لــەڕێگای كــرداری ڕكابەرایەتی دا رووەو كەمبووەنەوە دەچێ و لەوانەیە ئابووریش ڕووەو

وەستاوی بچێ بەهۆی نزمبوونەوەی بەشە ڕێژەیی سوو و زیادبوونی بەشە ڕێژەیی هەریەك لە موڵكانەو كرێی داهات.

٣. جۆزێف شۆمپیتەر:

بیردۆزەكەی (شۆمپیتەر) لە پەرەپێدانی ئابووریدا بەشێوەیەكی سەرەكی پشت بە ڕۆڵی (ڕێكخەر) دەبەستێ كە دەتوانی ببێتە پاڵنەری ڕەوڕەوەی پەرەسەندن بۆ پێشەوە لەڕێگای نوێكردنەوە، نوێكردنەوەش بەلای ئەم ئابووریناسەوە بریتییە لە:

١. هێنانەناوەوەی جۆری تازەی شمەك.
٢. هێنانەناوەوەی شێوازی تازە بۆ بەرهەمهێنان.
٣. كردنەوەی بازاڕی تازە بۆ ساغكردنەوەی شمەكەكان.
٤. كردنەوەی سەرچاوەی تازە بۆ كەرەستە سەرەتاییەكان.
٥. ڕەخساندنی قۆرخكاری (مۆنۆپۆل) یان شكاندنی ئەو قۆرخكارییەی كە دەستی گرتبوو بەسەر بازاڕدا.

بەپێی ئەم بیردۆزە، (ڕێكخەر كەسێكی بەرچاو و ڕاهاتوو نییەو ئامانجیشی بەدەست خستنی قازانج نییە، بەڵكو پاڵنەری دەروونی دیاری كراوی هەیە وەك خۆتەرخانكردنی بۆ ركابەرایەتی و حەز لە داهێنان و، كار دەكات بۆ سەركەوتن نەك بۆ ئەوەی لەبەرهەمی ئەو سەركەوتنە بخوات، بەڵكو سەركەوتن هەر بەتەنها بۆ خۆی).

كرداری پەرەپێدان لای شۆمپیتەر لەشێوەی شەپۆلی نارێك و پێك ڕوودەدات، چونكە ئابووری سەرمایەداری تووشی بارگۆڕانی ئابووری دەبێت كە هەندی كات لە برەوسەندن دایە هەندێ كاتی تریش وەستاوی و بێ

بـازاڕی ئـابووری بـەدواوە دێـت، هاوکـات ئـەم شـەپۆلانە داهێنـانی تـازەی لەتەکدایە بەرەو بوژانەوە و برەوسەندن کە ئەمەش خۆی لـەخۆی دا دەبێتـە هۆی بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی و تاکەکەسی.

بیردۆزی شۆمپێتەر پشت بە کۆمەڵە ئەگەرێك دەبەستێت، گرنگترینییان:

١. بوونی کێبڕکێیەکی تەواو.
٢. باری بەکارخستنی تەواوەتی.
٣. کـرداری پـارەدارکردنی پەرەسـەندن لـەرێگای پشـتگیری بانکەکانەوە.

پەرەپێدانی هەرلەخۆوە (التنمیە التلقائیە):

ئادەم سمث کە یەکێکە لە زانایانی قوتابخانەی کلاسیك بـە پێشـەنگی ئەوانە دادەنرێت کە بانگهێشتی (پەرەپێدانی هـەر لـەخۆوە) دەکـەن ئـەویش لـەژێر رۆشـنایی دەسـت وەرنـەدانی دەوڵـەت لـە چـالاکییە ئابوورییـەکان، پەرەپێدانی ئابووریش بەپێی رای (سمث) کاتێ روودەدات کە ئەگەر تاکەکان کاری ئابووری ئازادیان بۆ برەخسێ، جا لەبەر ئەوەی تاکەکان بەشێوەیەکی ژیرانـە رەفتـار دەکـەن و لـەرێگای جموجۆڵـە ئابوورییەکانیشـیان تـا بکـرێ هـەوڵی بـەدیهێنانی ئەوپـەڕی قـازانج دەدەن بـە کـەمترین تێچـوون کەبەشێوەیەکی هەرلـەخۆوە بێتـە دی، وەك ئـەوەی کـە دەستێکی شـاراوە هـەبێ لـە پاڵنـانی ڕەوڕەوەی ئابوورییەکـە بـۆ خولانـەوە تـا بـەم شـێوەیە گەیشـتووە، ئـەم بەرژەوەندییـە کەسـێتییەش لەیـەك کاتـدا لەگـەڵ ئـەو بەرژەوەندییە گشتییەدا دێتە دی کە دەوڵەت هەوڵی هێنانەدی بۆ دەدات.

بیرۆکــەی (دەســتی شــاراوە) بــرەوی پــێ درا لــە لایــەن گــەورە سیاســتمەداران و بیرمەنــدەکان بــە تایبــەتی لــەنیوەی دووەمــی ســەدەی هەژدەهــەم لــە ئــەورووپا، ســەرکەوتنێکی بەرچاویشــی بەدەســت هێنــا لەگەشەپێدان و بووژانــەوەی سیســتەمی ســەرمایەداری ، وبــەردەوامیش بــوو تــاکو قەیرانــە ئابووریەکــەی مــاوەی نێــوان ١٩٢٩ – ١٩٣٢ ودەرکــەوتنی بیروبۆچــوونەکانی ئابووریناس (کینــز) کــە داوای دەســت خســتنە نــاوەوەی دەوڵــەتی دەکــرد لــەپاڵ دەستپێشــخەری تاکەکەســی بــۆ بــەردەوامی پەرەسەندنی ئابووری .

پەرەپێدانی هەرلەخۆوە لە ئابوورییە دواکەوتوەکانــدا قورسە ئەگەر مەحاڵیش نەبێت بەهۆی ئەو کۆسپە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاریانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێی کرد، بەڵام پەرەپێدانی هەر لە خۆوە گونجاوە بۆ ئابووریە پێشکەوتوەکان بەهۆی چەند هۆکارێك کە پەیوەندیان بە سیستەمی رامیاری وئابووری وکۆمەڵایەتیەوە هەیە کە گەلانی ئەم ناوچە جوگرافیەی جیهان هەیانە.

پلاندانانی ئابووری Economic Planning

چەمکی پلاندانانی ئابووری:

بەگشتی جیاوازی هەیە لە ڕا وبۆچوونەکان دەربارەی پێناسەیەکی ووردی پلاندانان،چونکە ئابووریناسانی پەرەپێدان وپلاندانان پەنادەبەنە بەر پێوەری جۆرا وجۆر بۆ شیکردنەوەی پلاندانان بەهۆی هەندێ کاری پەیوەستە بە ئامانج لە بەکارهێنانی ڕێگای پلاندانان و سیستەمی باوی ئابووری لە وڵاتەکەدا،هەندێ لەوانە پلاندانانی ئابووری بەم شێوەیەپێناسە دەکەن:

(شـێوازێکی زانسـتییه کـه بـه هۆیـەوه دەوڵـەت دەسـت لـه چـالاکی ئابووری وەردەدات بە ئامانجی خستنەگەڕ و رەخساندنی دەرامەتی مرۆڤی و دارایـی و مـاددی لـه پێنـاو ڕاپەرانـدنی برێکـی دیـاریکراو لـه وەبەرهێنانـه بەرهەمـدارەکان و ئاراسـتەکردنیان بـۆ هێنانـەدی خێراتـرین پەرەسـەندنی ئابووری له داهاتی نەتەوەیی) .

ئەمەش له سـەر بنـەمای هێنانـەدی هاوسـەنگی وگونجانـدن لـه نێـوان بەرهەم وپێداویستی وپاشانیش بەکاربردن که له کۆتاییـدا دەبنـه هـۆی زیـاد بـوونی ناوەنـدی داهـاتی تاکـه کـەس و ڕووبەڕووبونـەوەی پێداویسـتییه کۆمەڵایەتییەکان به پێی سیستەمی بژاردە له کارە هەرە پێشەکاندا.

مەرجەکانی پلاندانانی ئابووری:

پلاندانانی ئابووری پێویسته له سەر کۆمەڵێك بنەماو بیروباوەڕ و مەرج دابنرێ که دەتوانرێ له مانه کورت بکرێنەوە:

١-سەرتاپاگیری (سەرتاسەری):

پێویسته پلانی ئابووری سەرتاپاگیر و بەیەکەوە بەستراو بێت، بـه لـه بـەر چـاوگرتنی چـالاکییه ئابوورییـەکان لـه کەرتـەکانی تـردا، چـونکه هـەر چالاکییەك لەم چالاکییانه کاریگەری راستەوخۆی هەیه له سەر چالاکییەکانی تردا، بەمـەش پلانـی ئـابووری سـەرکەوتن مسـۆگەر ناکـات، ئەگـەر شـێوازی سەرتاپاگیری له لێکدانەوەکانی خۆیدا نەگرێتەبەر، چونکه بەمانا فراوانەکەی ڕێگای نموونەیی دەنوێنێ له ئاراستەکردنی ئابووری هەمووەکیدا.

٢- ڕیالیزمی (واقیع بینی):

پێویستە پلانی ئابووری لەگەڵ واقعی ئابووری دەوڵەتدا بگونجێ بە شێوەیەك كە ئامانج و هیوا خواستراوەكانی پلانەكە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو واقیعەی كە هەیە، لە هەمانكاتدا توانا بەرجەستەكراوەكان و ئەو كۆسپانەش كە دەبنە ڕێگر لە بەردەم جێبەجێكردنی پلانەكەدا لە بەر چاو بگیرێن.

٣-هەماهەنگی (گونجاندن):

پلانی ئابووری پێویستی بە سەرەتای هەماهەنگی(گونجاندن)هەیە لە سەر ئاستی ئامانجەكانی پلانەكە و ئەو شێوازانەی كە پێویستن بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە، پێویستە هیچ دژە بۆچوونێك نەبێ لەنێوان ئامانجەكان هەندێكیان لەگەڵ هەندێكی تردا، لە هەمانكاتدا لەگەڵ شێوازەكانیش، وسەبارەت بەئامانجەكان و شێوازە جۆراوجۆرەكانی هێنانەدی ئەم ئامانجەش هەر بەم جۆرەیە، بۆیە هەماهەنگی(گونجاندن) بە بڕبڕەی پشتی پلان دادەنرێت وبە ئاسانی جێبەجێكردنیشی هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بێ ئەوەی كۆسپ و تەگەرەی بێتە پێش.

٤-مەركەزیەتی پلاندانان و نا مەركەزیەتی جێبەجێكردنی:

مەركەزیەتی پلاندانان واتا بوونی دەزگایەكی ناوەندی كە هەڵسێ بە دەركردنی بڕیارە بنەڕەتییەكان بۆ دانانی پلانەكە، و ئەم بڕیارانەش پەیوەستن بە شێوازی بەكارهێنانی دەرامەتە ڕەخساوەكان (بەردەستەكان) وگونجاندنیان و كاریگەرییان لە گۆڕانە ئابوورییەكان بە هەماهەنگی لەنێوان پلانە جۆربەجۆرەكانی یەكە بەرهەمهێنەكان، بەڵام نامەركەزی جێبەجێكردن واتا دەسەڵاتی مەركەزیش تا ڕادەیەكەكی زۆر بوار دەڕەخسێنێ بۆ یەكە بەرهەمهێنەكان كە بە سەربەستانە بەشداری بكەن لە دارشتن و

جێبـەجێکردنی پلاندانەکـەدا، بڕیـاری سـتراتیژی بـۆ دەسـەڵاتی دەزگـای مەرکـەزی دەگەڕێتـەوە، چـونکە خـاوەنی ئـەو کـادیرە تەکنیکیانـەن کـە شارەزاییەکی تەواویان لەمەڕ بارودۆخی ئابووری نەتەوەیی و پێویستییەکانی پلانەکەدا هەیە.

٥-نەرمی نواندن لە پلاندا:

پلانی ئابووری پێویستە نەرم و نیانی تیا بنـوێنرێ بـۆ ئـەوەی بتـوانی ئامانجـە دەستنیشـان کراوەکـان بێنێتـە دی و بـواریش بڕەخسـێنێ بـۆ سەرپەرشتیارانی پلاندانانەکە بۆ ئەوەی بەدەم گۆڕانکارییە لە ناکاوەکانـەوە بچن کە لەوانەیە لەکاتی جێبەجێکردنی پلانەکەدا رووبدات و لەوانەیـە ببێتـە بەربەست لەبەردەم جێبەجێ نەکردنی بەباشترین شێوە.

بۆ نموونە لەکاتی رووداني کارەساتە سروشـتی و جەنگـە کتوپڕەکانـدا ئیتر دەرامەتە پێویستیەکانی پلانەکە لەکورتی دەدەن(کەم دەبنـەوە)، هـەر بۆیە وا چاکە پلانی ساڵانە دابڕێژرێت کە بەهۆیەوە دەتوانرێ ئەو گۆڕانکـاری و دەسـتکاری کردنانـەی کـە پێویسـتن ئـەنجام بـدرێن بـۆ ئـەوەی پلانەکـە هاوشانی ئەم بارودۆخە نائاساییە بڕوات و لەگەڵیدا بگونجێت.

٦- پابەندبوون:

پابەنـدبوون یەکێکـە لـە نیشـانە سـەرەکیەکانی پلانـدانان، بـۆ دڵنیـابوونیش لەسـەرکەوتنی پلانـی ئابووریـدا پێویسـتە هـەموو تاکـەکانی کۆمەڵگـە(بـێ جیـاوازی) پابەنـد بـن بـە سـەرەتاکانی پـلان و هاوکـاری و بەشـداریکردن لـە کـرداری سەرخسـتنیدا، چـونکە ئامانجەکـەی هێنانـە دی ئامانجەکانی بەرژەوەندی گشتییە.

٧-بەردەوامیەتی:

کاتێ پلانی ئابووری دەچێتە قالبی جێبەجێکردنەوە پێویستی بە بەدواداچوون و توێژینەوەی بۆ بکرێ بۆ دڵنیابوون لە بوونی ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ لەکارنەکەوتن و نەپچڕانی بەردەوامییەکەی تا دەگاتە ئەو ئامانجەی کە بڕیاری بۆ دراوە، چونکە پلان پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە فاکتەری کات هەیە، جا بۆیە پلانە ماوە درێژخایەنەکان پێویستیان بە پلانی تەواوکەری ماوەکورت خایەن و ماوە مام ناوەند هەیە بۆ مسۆگەر بوون و دڵنیابوون لە نەرم نواندنی پلانەکە، بەمەش دەتوانرێ بەدواداچوون بۆ چۆنێتی بەڕێوەچوونی پلانەکەو کۆمەك کردنی بەو دەرامەتانەی کە لێ براوە.

٨-بەدواداچوون:

ئەو دەسەڵاتدارانەی کە سەرپەرشتی پلانی ئابووری دەکەن پێویستە لەسەریان دەستوورێك دارێژن بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابن کە ئەم پلانە بەپێی ئەو رێسایانەی کە نەخشەی بۆ کێشراوە دەڕوات بەڕێوە، پاشانیش بۆ هەڵوەستەکردن لەوەی تا چەند ئامانجە خوازراوەکان و ئەوانەشی کە هەوڵی هێنانەدی بۆ دەدرێت هاتونەتە دی. ئەم بەدواداچوونەش بەدرێژایی ماوەی تێپەڕبوونی پلانە ئابووریەکە بەردەوام دەبێت.

ئامانجەکانی پلانداناني ئابووری:

لەگەڵ دەست پێکردن بە دارشتنی پلان پێویست دەکات ئەو ئامانجانەش دەست نیشان بکرێن کە پلانەکەی لەپێناودا دادەرێژرێت کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئامانجە هەرە گرنگەکان لەپێشەوە دادەنێ و

پاشانیش ئامانجی ئـابووری تـر بەهـەمان ڕێچـکە بەدوایـەوە دێـن، لەوانەشـە بایەخەکە (**بۆ زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی و هێنانەدی یەکسانی بێت لـە دابەشـکردنی بەسـەر ئەنـدامانی کۆمەڵگـەدا، یـاخود نزمکردنـەوەی بێکاری بۆ ڕێژەیەکی شیاو لەگەڵ پارێزگاری لـە سـەقامگیری ئاسـتی گشتی نرخ لە وڵاتدا**).

پاش دەستنیشانکردنی ئامانجەکان بەپێی ئەو ڕێچکەیەی پلانەکەی بۆ دارێـژراوە، ئـیتر داڕشـتنی ئامانجـە ئابوورییـەکانی کـە بـریتین لـە ڕادەی پەرەسـەندنی ئارەزوومەندانـەو پێشـتر ئامـادەکراو لـە لایـەن ئەنجومـەنی پلاندانانەوە دەست پێ دەکات، جا ئەگـەر ڕای شـارەزایانی بـریتی بێـت لـە زیـادکردنی ناوەنـدی داهـاتی تاکەکـەس وەك ئامـانجێکی پێشـووتر، ئـەوا بێگومان دەبێ داڕشتنی بڕی پەرەسـەندنی بـەدواوە بێـت، لەوانەشـە سـاڵانە ٣٪ بێت (وەك نموونە).

ئامانجـەکانیش ڕۆڵـی سـتراتیژییان هەیـە، چـونکە بـەو ڕێگایـەوە ئامرازەکانی ڕامیاری ئابووری دەست نیشـان دەکرێـت (جـا نەختینـەیی یـان دارایـی بێـت) لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانەوە، هـەروەها دەرامـەتی پێویسـتیش تـەرخان دەکرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە پلان بۆ دارێژراوەکان.

قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی پلان:

هەروەك ڕوون و ئاشکرایە کە ئامانجی سەرەکی پلانـدانانی ئـابووری بریتییـە لە گواستنەوەی جۆراوجۆرێتی ئابوورییەوە لەوبارەی کە ئێسـتا تیایدایـە بـۆ بارێکی ئابووری زیاتر فرەهاتی (خۆشگوزەرانی) بەستراو بەو ئامانجانەی کـە لە کۆتایی ماوەی پلانەکەدا دێنەدی.

لــە گــرنگترین ئــەو هۆکارانــەش کــە بەتــەواوەتی کاریگــەریان هەیــە لــە جێبــەجێکردنی پلانــدا: (**هۆکــارە دەرەکیــەکان وەك شــەڕو جــەنگ و کارەساتە سروشتییەکان، وهۆکارە ناوخۆییەکان وەك قورس وگرانی هەڵبــژاردنی شــێوازەکان و بەســتنەوەیان بــە جۆراوجــۆرێتی ئامانجەکان، لەگەڵ بوونی ڕەهەندی کاتی پێویست بۆ تەواوکردنی پلانەکە**).

کۆکردنەوەی زانیارییەکان:

ئەنجومەنی پلاندانان ستراتیژیەتێکی تایبەتی هەیە بۆ ئامادەکردنی پــلان کــە هــەر لــەژێر ڕۆشــنایی ئەوەشــەوە پلانەکــە دەچــێتە قــاڵبی جێبەجێکردنــەوە، جا لــەکۆی ئــەو ستراتیژیانەو بــۆ جێبــەجێکردنی پلانــی ئابووری بەباشترین شێوە ئەوەیە کە: لەسەر ئەنجومەنی پلاندانانەکە لەرووی مەیدانییــەوە هەڵســێ بــە پێوانــەکردنی دەرامەتــە رەخســاوەکانی وڵات و، پێشکەشــکردنی ئــەو لێکۆڵینــەوەو توێژینەوانــەی کــە بنــەما زانســتییەکان دەڕەخسێنن بۆ بڕیارەکانی ئەنجومــەنی پلانــدانان، یــەکێ لــەو کارانــەش کــە دەکەوێتــە ئەســتۆی ئەنجوومــەنی پلانــدانان(یــاخود دەســتەی پلاندانان) بریتییە لە ئامادەکردنی ئــەو روونکردنەوانــەی کــە واقعــی ئــابووری دەگرێتە خۆی لــەڕووی دابەشبوونی دیمــۆگرافی و هێــزی کارکــەر و بەرهــەم و داهات و گۆڕانکارییە ئابوورییە هەمووەکییــەکانی تــر، ئــەم روونکردنەوانــەش لەوپــەڕی گرنگیــدان، چــونکە ســەرکەوتنی پلانەکــە لەســەر ڕادەی راســت و دروستی ئەو روونکردنەوانە وەستاوە.

ئەمە جگە لەوەی کە ئەنجومەنی پلاندانان ستراتیژیەتێکی تایبەتی پیادە دەکات بۆ ئامادەکردنی پلانەکە بۆ ئەوەی بچێتە قالبی جێبەجێکردنەوە، جا لە کۆی گرنگترین ئەم ستراتیژیانە:

ستراتیژییەکانی پلاندانان:

١-دارشتنی ئامانج:

دوای ئەوەی لەرووی مەیدانییەوە پێوانەیەکی وردی دەرامەتە ئابوورییەکانی نەتەوەیی کرا، ئیتر ئەنجومەنی پلاندانان لەژێر رۆشنایی ستراتیژیەتی پەرەپێدانی مەودا دووردا ئامانجە ئابوورییە هەمووەکییەکان دەستنیشان دەکات بەلەبەرچاوگرتنی نەبوونی دژە بۆچوونی ئامانجەکانی هەندێکیان بەهەندێکی تریانەوە، جا بۆ نموونە سەقامگیری ئاستی گشتی نرخ لەوانەیە یەك نەگرێتەوە لەگەڵ ئامانجی ئاستێکی نزمی بێکاری، پاش لێکۆڵینەوەی ئەگەرەکان ئیتر ئەنجومەنی پلاندانان ستراتیژیەکەی خۆی دەخاتە بەردەم دەسەڵاتدارانی باڵا بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو چەسپاندنی پلانەکە.

٢- لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی چوارچێوەی دەستپێکی (سەرەتایی) پلان:

پاش دەستنیشانکردنی ئامانجە سەرەتایی و یەکەمینەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی باڵاوە، ئیتر ئەنجومەنی پلاندانان هەڵدەستێ بە قالب گرتنی ئامانجەکان ئەویش لەرێگای وەرگێرانی بۆ نیشانە ماددیەکان کە هەر لەسەر ئەم بنەرەتەوە کاروانی ئابووری بەرەو پەرەسەندن دەبات.

نیشانە ئابوورییەکانیش لەم قۆناغەدا زیاتر روون وئاشکراترن، بۆ نموونە زیادکردنی داهاتی نەتەوە پێویستی بە پەرەسەندنی پێکهێنەرەکانیەوە هەیە

که بریتین له زیادکردنی شمەك بەهەموو شێوكانی و کارگوزاریش بەهەموو جۆرەکانی ، پاش دەستنیشانکردنی ئامانجە دەستپێکە ماددیەکان ئیتر ئەنجومەنی پلاندانانیش هەڵدەستێ بە دارشتنی ئامانجەکانی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان بۆ پیشەسازییە پێشەنگەکان لە ئابووریدا.

ئامانجە دەستپێکە ماددیەکان سیمایەکی ئاراستەکراوی هەیە کە لەسەری دەروات، ولەوانەیە وا پێویست بکات کە نیشانە ئابوورییەکان دەستکاری بکرێن کە خۆی لەخۆیدا بەستراوە بە رادەی دەنگەوەهاتنی تواناو هێزە رەخساوەکان لە ئابووری دا وەك پێویستییەکانی پلاندانان.

٣- گفتوگۆکردنی پلان:

دوای تەواوبوونی دەسپێکی پلانەکە، ئیتر دەستەی ناوەندی پلاندانان پلانەکە دەخاتە بەردەم ئاستی وەزارەتەکانەوە بەمەبەستی گفتوگۆکردن وپیشاندانی تێبینییەکان بەشێوەی نووسراو، ئەم تێبینیانەش یارمەتیدەرن بۆ دەرخستنی پلانەکە بۆ ئەوەی زیاتر روونتر بێت لەسەر ئاستی کەرتی پەیوەندیدار، ئەم کردارەش لەیەك کاتدا لەسەر ئاستی وەزارەتەکانەوە بۆ ئاستەکانی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی هەر کەرتێك بەرێوە دەچێ.

لەلایەن خۆیانەوە پرۆژەکانی بەرهەمهێنان رای خۆیان بەشێوەیەکی روونتر دەربارەی پلانەکە ودەربارەی هەموو پێویستییە دارایی و دەرامەتەکان و سەرچاوەکانیان دەردەبرن، ئەمە جگە لە دانانی بازاری ناوخۆ و دەرەکی لەلایەنی خواستەوە لەسەر بەرووبوومە دروستکراوەکان. پلانی ئابووری لەپاڵ دەستکاری و پێشنیارەکان جارێکی تر رێگا دەگرێتە بەر لە ئاستی پرۆژەکانەوە بۆ کەرتە پەیوەندیدارەکان و لەوێشەوە بۆ وەزارەتە پسپۆرکارەکان بۆ ئەوەی ئەویش لەلایەن خۆیەوە جارێکی تر بگاتەوە

دەستەی پلاندانانی ناوەندی کە ئەمەش هەڵدەستێ بە کرداری هەماهەنگی لەنێوان ئامانجە جۆراوجۆرەکانی کەرتەکان و پاشانیش دارشتنی پلانەکە بەتەواوەتی لەهەموو لایەنێکەوە.

٤-قۆناغی جێبەجێکردنی پلان:

دوای ئەوەی کە پلانی ئابوورییەکە تەواو کراو ئامادەبوو بۆ جێبەجێکردن، ئیتر دەستەی پلاندانانی ناوەندی هەڵدەستێ بەبەرزکردنەوەی دۆسیەی(فایلی) پلانەکە بۆ سەرکردایەتی رامیاری دوای بەدەستهێنانی رەزامەندی، ئیتر پلانەکە دەخرێتە بەردەم دەسەڵاتی یاسادانان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکری ، پاشانیش یاسایەکی بۆ دەردەکات(یاسای پلان) بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ جێبەجێکردن.

شێوازەکانی پلاندانان وگرنگییەکەی:

بۆ جێبەجێکردنی پلانی ئابووری تا بکرێ بە کەمترین تێچوون و لەچوارچێوەی ماوەو کاتێکی دیاریکراودا، شارەزایانی پلاندانان پەنایان بردە بەر پیادەکردنی شێوازەکانی چەندایەتی بۆ نەخشەکێشانی باشترین رێگا تا بەهۆیەوە بگەنە هێنانەدی ئامانجە ئاوات خوازراوەکان بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی گشتی ئابووری ، وە لە گرنگترین ئەم شێوازانەش:

١-حیسابە نەتەوەییەکان.

٢-بوجە ئابوورییەکان.

٣-نموونە ئابوورییەکان .

پرسیارەکانی بەشی چوارەم

١. دواکەوتوونی ئابووری چییە؟
٢. Todaro چۆن پێناسەی دواکەوتوویی دەکات؟
٣. خاسیەتەکانی دواکەوتویی ئابووری چین؟
٤. چۆن دەتوانرێت کەمی سەرمایە شی بکەینەوە؟
٥. باس لە بازنە بەتاڵەکان بکە بۆ کەمی سەرمایە.
٦. بۆچی پاشەکەوتکردن دەبێتە قەیران لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا ؟
٧. هۆکارەکانی زۆربوونی دانیشتوان چین لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا ؟
٨. خاسیەتە دیارەکانی کەرتی کشتوکاڵ چین لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا ؟
٩. دیاردەی زیادبوونی خەرجی گشتی چین ؟ ئایا ئەم دیاردەیە کاریگەریەکی خراپی لە سەر ئابووری لە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا هەیە ؟
١٠. بێکاری دیار (ئاشکرا) Open Unemployment چییە ؟
١١. جیاوازی چییە لە نێوان پەرەسەندنی ئابووری و پەرەپێدانی ئابووری ؟
١٢. پێویستییەکانی پەرەپێدانی ئابووری باس بکە .
١٣. نوێبوونەوە چییە ؟
١٤. لەسەر پەرەپێدانی هەر لەخۆوە بدوێ، و چۆن لە بیرۆکەی دەستی شاراوە گەیشتووی ؟
١٥. چۆن لە بیرۆکەی ئادەم سمث گەیشتووی بۆ پەرەسەندنی ئابووری ؟
١٦. جیاوازی چییە لەنێوان بیردۆزی ریکاردۆ و شۆمپیتەر ؟
١٧. پلاندانانی ئابووری چییە ؟
١٨. مەرجەکانی پلانی ئابووری بنووسە ، و باسی هەموویان بکە .
١٩. ئامانجی پلانی ئابووری چییە ؟
٢٠. ئەو رێگایانە چین کە بە هۆیەوە پلانی ئابووری پێ جێبەجێ دەکرێ؟
٢١. ئامانجەکانی پلاندانانی ئابووری چییە؟

سەرچاوەکانی بەشی چوارەم

١. د. جلال محمد علي احمد ، التنمية الاقتصادية ، بغداد ، ١٩٧٨ .

٢. د. عبدالحميد القاضي ، دراسات في التنمية والتخطيط ، القاهرة ، ١٩٨٠ .

٣. د. عبدالرحمن زكي ابراهيم ، التخطيط الاقتصادي ، الاسكندرية ، ١٩٩٥ .

٤. د. عبدالغفور حسن كنعان المعماري ، نظريات و تجارب التخطيط الاقتصادي، الموصل ، ١٩٩٣ .

٥. د. عبدالمنعم السيد علي ، دور السياسة النقدية في التنمية الاقتصادية ، القاهرة، ١٩٧٥.

٦. فايز محمد علي ، قضايا التنمية و التحرر الاقتصادي في العالم الثالث ، بيروت ، ١٩٧٨ .

٧. د. فليح حسن خلف ، التنمية الاقتصادية ، بغداد ، ١٩٨٨ .

٨. د. محمد فاضل محمد عزيز قفطان ، التنمية الاقتصادية ، بغداد ، ١٩٨٤ .

٩. د. محمود عبدالفضيل ، دراسات في التخطيط ، القاهرة ، ١٩٧٣ .

١٠. د. مهدي علي الوحيد و د. هلال ادريس مجيد ، مقدمة في التنمية و التخطيط ، بغداد ، ١٩٨٨ .

١١. افريت هاجان ، اقتصاديات التنمية ، مركز الكتب الاردني ، عمان ، ١٩٨٨ .

١٢. M. P. Todaro، "Economic Development" ، 7th ed.، New York، 2000.

بەشی پێنجەم
دارایی گشتی
PUBLIC FINANCE

زانستی دارایی گشتی یەکێکە لە لقەکانی زانستی ئابووری کە بایەخ بە لێکۆلینەوەی چالاکیەکانی حکومەت لەبواری ئابووری و ئەو ئامرازە زۆرە جێگرەوانە دادەنرێن بۆ پارەدارکردنی خەرجییە جۆربەجۆرەکانی حکومەت، هەندێ لە زانایانی هاوچەرخی ئابووری هەوڵێکی زۆریان بۆ ئەم لقە تەرخان کردووە لە بەر گرنگیەکەی و بەمشێوەیە پێناسەیان کردووە:

" ئەو زانستەیە کە بە چڕی تاوتوێ گۆڕانکاریەکان سەبارەت بە باجەکان و سیاسەتی بوودجەی دەوڵەت دەکات"

ئەم شیکردنەوە ئابوورییە ئەرکەکانی حکومەت دەگرێتەوە لەهەر وڵاتێکی پێشکەوتوو بێت یان تازە پێگەیشتوو لە خۆدەگرێ وسروشتی خەرجییانەش دەگرێتەوە کە لەم چالاکییە ئابوورییە گشتییە هەمەجۆرەکان خەرجی دەکات.وئەو شێوازە زۆرانەی بە مەبەستی بە دەستهێنانی دەسهاتەکان بەکاریان دێنێ .

بۆیە لێکۆڵینەوە لە بارەی هەر زانستێك پێویستی بە پێناسەیەکی دیاریکراو هەیە کە چوارچێوە وئامانجەکانی دەست نیشان بکات، وچوارچێوە وئامانجی هەر زانستێکیش بە پێی گۆڕانی ماوە و کاتەکەی و جیاوازی نووسەرەکان دەگۆڕدرێت، هەمان شتیش لە بارەی زانستی دارایی گشتییەوە دەگوترێ، کە چوارچێوەکەی فراوانتربووە بەهۆی فراوانبوونی، رۆڵی دەوڵەت وبۆچوونی زانایانی دارایی گشتی جیاوازن لەدیارکردنی ئامانجەکان. کاری دارایی دەوڵەتی پاسەوان تەنها بریتی بوو لە بەدەست هێنانی دەسهاتی گشتی لە

پێناو خەرج کردنیان لەو سێ ئەرکەی دەوڵەت" ئاسایشی ناوەخۆ وبەرگری و دادپەروەری " ئەمەش لە شێوەی بوودجەیەکی هاوسەنگدا بێ کورت هێنان وهیچ جۆرە سەرریژییەك. زاناکانی ئەم قوتابخانەیە بانگهێشتی:

١- کەمکردنەوەی خەرجیە گشتییەکان ودوورکەوتنەوە لە زێدەخەرجی وبەفیرۆدان .

٢- ئەو باجانەی دەسەپێنرێنەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بێت.

بۆیە دەکرێ زانستی دارایی گشتی لەبەر رۆشنایی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە چالاکی ئابووریدا بەمشێوەیە پێناسە بکەین: **(ئەم زانستەیە کەوا بایەخ بە چالاکی دارایی دەوڵەت دەدات لە بوارەکانی دەسهات و خەرجییە گشتییەکان و بودجەی گشتی و بەکارهێنانی رامیاری دارایی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگەدا).**

پەیوەندی زانستی دارایی گشتی بە زانستەکانی ترەوە:

هەموو زانستەکان بە شێوەی جیاجیا و کەم تا زۆر پەیوەندییان لە نێواندا هەیە، هەمان شتیش دەگوترێ لە بارەی دارایی گشتییەوە کە پەیوەندییەکی پتەوی بە زانستەکانی ترەوە هەیە ئەم زانستە کە لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەولەت وبەرفراوانبوونی رۆلی کاریگەری لە کۆمەلگادا سەری هەڵدا، ورۆڵی کاریگەری لە سەر کۆمەڵگە هەیە و زانستێکی کۆمەلایەتییە و پەیوەندییەکی بەهێزی بە لقەکانی دیکەی زانیارییەوە هەیە، کە لەم خالانە خۆی دەنوێنێ:

یەکەم - پەیوەندی زانستی دارایی گشتی بە زانستی ئابوورییەوە:

زانستی دارایی گشتی بەشێکە لە زانستی ئابووری، کە تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ ئەوەی زانستێکی تایبەت وجیاواز بێت لە لقەکانی دیکەی زانستە ئابوورییەکان.

لەگەڵ ئەوەی زانستی ئابووری (Economics) هەوڵدەدا ئەو دەرامەتە ئابوورییە سنووردارەی هەیە بە سەر پێداویستییە بێ سنوورەکانی تاکەکان تەرخانی بکات و میکانیزمی بازار (چۆنیەتی خواست و خستنەروو) بەو پەری تواناییەوە کاردەکات لە رێگای کەرتی تایبەت کاری بەکارهێنانی دەرامەتەکان لە بەرهەمهێنان و دابێنکردنی زۆربەی شمەك وخزمەت گوزارییەکان کە بەشمەکی تایبەت ناسراوەدابینیان بکات . یان میکانزمی بازار بە بەوپەری تواناییەوە کارناکات بۆیە حکومەت دەبێت ئەم جۆرە شمەك و خزمەتگوزاریانە کە بەشمەکی گشتی ناسراون دابینیان بکات، واتە ئابووری

بەگشتی بایەخ بە پڕکردنەوەی سەرجەم پێداویستییەکان دەدات، کەچی دارایی گشتی تەنها بایەخ بە پێداویستیە گشتیەکان دەدات وە ئەگەر زانستی ئابووری بایەخ بە تەرخانکردنی دەرامەتە ئابوورییەکان بدات بۆبەکارخستنی گشتی وتایبەتی، ئەوا زانستی دارایی گشتی بایەخ بەدووبارە دابەشکردنەوەی ئەو دەرامەتانە دەدات. وئەرکەکانی دارایی گشتی بریتین لە بەدی هێنانی هەمان ئامانجەکانی ئابووری کەئەوانیش تەرخان کردنی دەرامەت بە باشترین شێوە، ودابەشکردنی داهات وسامان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە وبەدی هێنانی سەقامگیری وپەرەسەندنی ئابووری.

دووەم - پەیوەندی زانستی دارایی گشتی بە زانستی رامیاریەوە:

زانستە رامیاریەکان Political Sciences بایەخ بە رژێمەکانی حوکم و پەیوەندیەکانی نێوان دەسەڵاتە گشتیەکان لە ناوخۆیاندا لەلایەك و پەیوەندیان بە هاوڵاتیانەوە لەلایەکی دیکەوە دەدەن، بەڵام زانستی دارایی گشتی بایەخ دەدات بە چالاکی دارایی دەوڵەت لە بوارەکانی خەرجی ودەسهات و بوودجەدا وە بەکارهێنانی رامیاری دارایی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئابووری وکۆمەلایەتیەکان.

پەیوەندی نێوان هەردوو زانستەکە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکێیە، دەسهات و خەرجیە گشتیەکان و بوودجەی گشتی ئاوێنەی رەنگدانەوەی فەلسەفەی ئەو رژێمە رامیاریەن کە هەیە لە پێناوی بەدەستهێنانی ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکاندا، بۆیە قەبارەی دەسهات وخەرجییە گشتیەکان لە وڵاتانی سەرمایەداری جیاوازی هەیە لە گەڵ وڵاتانی سۆشیالستی، هەروەها جیاوازیش هەیە لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە سەرمایەداری دیموکراتین یاخود دیکتاتۆرین، یاخود وڵاتێکی سۆشیالستی مەرکەزی یاخود نا

مەرکەزییە لـە بەڕێوەبردنـدا، کەواتـە سیسـتەمی سیاسـی کـار دەکاتـە سـەر دارایی گشتی دەوڵەت وئەو ئەرە داراییانەی کە دەتوانیّ بە دەستی بیّنیّ.
کردارە داراییەکان لە بەڵگەنامـە ئاماریەکانـدا تۆمـار دەکرێن ئـەم زانیاریانـە بەڵگەی بەهێز دەبەخشنە زانستە سیاسییەکان، کـە ڕێگـە بـە شـیکردنەوەی بابەتیانە بۆ ناوەرۆکی سیاسەتە جۆراو جۆرەکـان دەدات لـە ڕوونکردنـەوەی ئەم خەرجیانەی دەوڵەت خـەرجی دەکـات بـۆ هـەر چـالاکییەك ، بـۆ نموونـە دەتوانی بڕی ئەو خەرجیانە بزانیّ کە دەوڵەت بۆ بواری بەرگری یان فێرکردن یان تەندروستی یان توێژینەوەی زانستی خـەرجی کـردووە ، هـەروەها ڕێگـە دەدات بـە بـەراووردکردنی ئاسـتی ئـەو خەرجیانـەی لـە ماوەیەکـەوە بـۆ ماوەیەکی تر لە چوارچێوەی هەمان دەوڵەتدا، ودەتوانریّ قەرزی گشتی وەك پێوانەیـەك بـۆ ڕادەی متمانـەکردنی هاولاتیـان بـە حکومـەت بـە کـاربهێنریّ، ئەویش لە ڕێگەی وەرگرتنی قەرز یاخود وەرنەگرتن .
جێبەجیّ کردنی هەر بڕیارێك کە دەوڵەت دەری دەکات ، پێویسـتی بـە پـارە هەیە، چونکە دەرکردنی هـەر بڕیارێـك لـە لایـەن دەوڵەتـەوە گـەر دەرامـەتی نەبیّ بۆ جێبەجێکردنی ئەوا بەهاونرخێکی نـابیّ، بۆیـە هەنـدیّ کـەس پێیـان وایە کە دارایی گشتی هۆیەکی سەرەکییە بۆ سەرکوتکردن کـە دەسـەلاتداران دژی بیّ دەسەلاتەکان بە کاری دێنن، کـە ئـەم دوو دەسـتەیەش پێکهێنـەری کۆمەڵن و بە چاو پۆشین لەو سیستەمە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییـەی هەیەتی.
سیستەمی ڕامیاری دەکەوێتە ژێر کاریگەری دارایی گشتی، چونکە بارودۆخی دارایـی کاردەکاتـە سـەر ڕەوشـی ڕامیـاری دەوڵـەت ، چـەندەها وڵات سـەربەخۆیی سیاسـیان لەدەسـتداوە دووچـاری شـۆڕش بونەتـەوە بـە هـۆی

شپرزەیی دارایی گشتی وجێگیر نەبوونی ، واتە روودانی گرفتێکی دارایی دەبێتە هۆی نەمان و لادانی حکومەت، بەمەش زانستی دارایی گشتی ئەو زانستەیە کە بایەخ بە دارایی دەوڵەت دەدات و زانستی رامیاری بایەخ بەحکومەت و دەزگاکانی رامیاری دەدات .

سێیەم- پەیوەندی زانستی دارایی گشتی بە زانستی یاساوە:

یاسا(Law) ئامرازێکی رێکخستنە بەدەست یاسادانەرەوە بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە ئەمەش بەدانانی رێساکان کە پێویستە لە هەموو بوارەکانی چالاکیە مرۆییەکاندا پابەندبن پێوەی لەوانەش بواری دارایی کەوا ئامرازەکانی دارایی گشتی لە خەرجی و داهات و بوودجەکە شێوەی رێساکانی یاسایی وەردەگرێت .

جا لە شێوەی دەستووربێت یان یاسا یاخود سیستەم یان فەرمانی کارگێری، ئەمەش شارەزایی لە هونەری یاسایی هەبێ بۆ تێگەیشتنی رێساکان و شیکردنەوەیان کە لەوانەیە بچێتەوە ناو یاسایەکی دیکە لە یاسا گشتی و تایبەتییەکاندا. بەم جۆرە دارایی گشتی پەیوەندیەکی پتەوی هەیە لەگەڵ یاسادا، چونکە هیچ چالاکیەکی دارایی بەبێ یاسا بوون و مانای نابێ، بۆ نموونە ناتوانرێ باج یان هەر سەرچاوەیەکی دیکەی دەسهات بە بێ یاسا بە دەست بێت، هەروەها ناتوانرێ هیچ جۆرە خەرجییەکی گشتی تەرخانبکرێ بە بێ یاسا، وەهەروەها بڕیاردان لە سەر بوودجەی گشتی بە بێ یاسا نابێ.

چوارەم - پەیوەندی زانستی دارایی گشتی بە زانستی ئامارەوە:

زانستی ئامار (علم الأحصاء) بایەخ بە زانیاری و رەنووسە مەزندەکراوەکان و پێوەرەکـانی روون کردنـەوە دەدات زانسـتی ئامـار (Statistics) لـەم سەردەمەدا بەئامرازێك دادەنرێ کە هیچ توێژەرێك لەهەر لقێکی زانستی بێ ناتوانێ دەستبەرداری بێت.

لـە بـواری دارایـی گشـتیدا تێبێنـی دەکرێـت کـەوا خـەرجی و دەسـهات و بوودجـەی گشـتی بـەر لـە جێبەجێکردنیانـدا تـەنها مەزەنـدەکراون (خـەملێنراون)، بـەلام ئامـار هەلدەسـتێت بـە پێشکەشـکردنی زانیارییـە مەزەندەکراوەکان لە خەرجییە گشتییەکاندا و دابەشکردنیان بەسەر چالاکیە جیاجیاکاندا.

هـەروەها مەزەنـدەی دەسـهات لەسەرچـاوە جیاجیاکانیـدا پێشـکەش دەکرێت، سـەرەرای مەزنـدەکردنی توانـای باجـەکان و، لەکۆتاییدا زانسـتی ئامار زانیاری گرنگ و پێویست دەداتە بڕیار بەدەستانی رامیـاری دارایـی کـە پەیوەسـتە بـە داهـاتی نەتـەوەیی خەملێنـدراو و چۆنیەتی دابەشـکردنی و قووچەکی دانیشتوانی بابەتی تر، بەمجۆرە پەیوەندی نێوان ئەم دوو زانستە پتەو دەبێت .

لەمانەی سەرەوەدا بۆمان روون دەبێتەوە کەوا پەیوەندیەکی پتەو هەیە لە نێـوان زانسـتی دارایـی گشـتی و زانسـتەکانی ئامـاژە پێکـراوە، هـەروەها زانسـتەکانی دیکـەی وەك ژمێریـاری و ماتماتیـك و کۆمەلناسـی و .....تـر . بابەتی ئەم زانستانە هەموویان لە خزمەتی مرۆڤدان و بەشێوەیەکی بەهێز لـە رەفتارو ئامانجدا بەیەکەوە گرێدراون سەرەرای ئەوەش لەگـەڵ پەرەسـەندنی شێوەی ژیانی و رەفتاری مرۆڤ پەرەدەسێنی.

جیاوازی دارایی گشتی و دارایی تایبەتی:

(پرۆژەی تایبەتەکان) هەمیشە بۆ بەدەستهێنانی قـازانج هەوڵدەدەن وتاکە پێـوەر کـە ئـەم پرۆژانـە لـە دارشـتنی پرۆگرامـەکان و نەخشـەدانانی پلانەکانیان پشتی پێ دەبەستن، بۆیە ڕێساکانی دارایی گشتی تـەنها لەسـەر بوارە گشتییەکان جێبەجێ دەکرێ ، واتا لەسەر ئەم پرۆژانـەی کـە دەوڵـەت سەرپەرشتی دەکات بۆ دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵەکییەکان.

(پـرۆژە گشـتییەکان) لەسـەر بنـەمای خزمەتگوزاریـە گشـتییەکان وبیرۆکـەی دامەزرانـدنی ئابووریـیەکی گەشـەکردوو دامـەزراوە لـە بنەڕەتـدا ئەوپەڕی بەرژەوەندی گشتی بـەدی بێنی، ئـەم مەبەسـتانەی کـەوا دەوڵـەت ئامانجیەتی لەوانە ڕەخسـاندنی دەرفـەتی کارکردنـە بـۆ تاکـەکان کـەوا سـاڵ بـەدوای سـاڵ ژمارەیـان زیـاتر دەبێـت وهـەروەها لەوانەیـە مەبەسـت سـوود وەرگرتن بێت لە پەرەپێدانی پیشەسازی نوێ بۆ ئەوەی بگاتە کاروانی وڵاتـە پێشـکەوتووەکان، بۆیـە بیرۆکـەی پـرۆژە گشـتیەکان لەسـەر بنـەمای بەدەستهێنانی قازانج بەماناتەسکەکەی ناگەیەنێ وەك لە پرۆژە تایبەتیەکاندا هەیە.

لێرەدا چەند جیاوازیەك هەیە لـە نێوان دارایی گشتی و دارایی تایبەتیدا گرنگترینیان ئەمانەن :

١ - لەباری شێوازەوە:

سەرەتا دەوڵەت خەرجیەکان دەست نیشـان دەکـات دواتـر بـڕی ئـەم دەسهاتە دیاری دەکات بۆ ئەوەی خەرجیەکانی پێ پڕ بکاتـەوە وەپێویسـتە لەکاتی ئاساییدا دەسهاتەکان لە خەرجیەکان زیاتر نەبن بۆ ئـەوەی تاکـەکان بێبەش نەبن لەم سامان و داراییەی کەوا دەوڵەت پێویستی پێ نییە، ئەوەش

به بڕینی باجەکان کەوا خەرجیان نەکردووە، بەڵام تاك سەرەتا دەسهاتەکەی مەزەندە دەکات ئینجا لە سنووری ئەم دەسهاتەوە خەرجیەکانی دەکات، ئەم جیاوازییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا توانای دەوڵەت لە قەرزکردن فرەوانترە لە چاو توانای تاکدا ومتمانەی قەرزدەران بە دەوڵەت گەورەترە لە متمانەیان بۆ تاکەکان .

٢ - لەبارەی ئامانجەوە:

ئامانجی دەوڵەت لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان زۆربەی جار قازانج نییە، بەڵکو ڕەچاوکردنی هەندێ شتی ترە وەك ڕەخساندنی دەرفەتی کەڵك وەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکان بەبێ جیاوازی ، ئەمە ئەوە ناگەینێ کەوا دەوڵەت دەرامەتی دەست نەکەوێ بۆ بوودجە لە ئەنجامی سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی هەندێك لە پڕۆژەکان.

٣- لە بارەی ڕێکخستنەوە:

شێوازەکانی ژمێریاری دەوڵەت لەگەڵ ئەو شێوازانەی کە تاك پەیڕەوی دەکات جیاوازە، چونکە دەوڵەت لەسەری پێویستە هەموو پابەندییەك لە تۆمارە حکومییەکان بکات و ئەو دەسهاتەش کەلەماوەی ساڵی داراییدا دەستی دەکەوێ دیاری بکات. بەڵام پرۆژە تایبەتییەکان لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی خەرجی یاخود دەسهات بەڕێوە دەچێت بۆ ئەوەی هەر ماوەیەکی ژمێریاری تەنها بە خەرجی و دەسهاتەوە دیاری بکات تاکو باری دارایی پرۆژە بزاندرێت لە ماوەی ساڵێکی داراییدا .

٤- لەبارەی خاوەنداریەتی:

هەروەها دارایی گشتی لەگەڵ دارایی تایبەتدا لە شێوەی خاوەنداری جیاوازیان هەیە. چونکە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە پرۆژە گشتییەکان موڵکی تاکە کەسێك یان کۆمەڵێك نییە، بەڵکو موڵکی

هەموو کۆمەڵگەیە، بەڵام پرۆژە تایبەتییەکان موڵکی تاکە کەسێك ویان کۆمەڵێك کەسە ، بۆیە مەبەستی چالاکیەکانیان لەهەر یەکێکیان جیاوازە .

بابەتەکانی دارایی گشتی:

بەر لەوەی لە بابەتەکانی دارایی گشتی بکۆڵینەوە، پێویستە ئەرکەکانی دارایی گشتی روون بکەینەوە، چونکە گرنگی خۆی هەیە، سەرنەکەوتنی بازاڕ لە دابینکردنی هەندێك شمەکدا بەرفراوانبوونی رۆڵی دەوڵەتی هاوچەرخ وسەرهەڵدانی هەندی پێداویستی کە پێویستە دەوڵەت دابینی بکات ئەمەش دەبێتە هۆی فراوان بوونی خەرجیەکانی حکومەت و فراوان بوونی دەسهاتە گشتییەکان، ئەمەش وادەکات رۆڵ وکارو ئەرکەکان کە دارایی گشتی پێی هەڵدەستێت رۆشنایان بخرێتەسەر بۆ ئەوەی کاربکەنە سەر ئابووری و ئاستی خۆش گوزەرانی کۆمەڵگە .

ئەرکەکانی دارایی گشتیش ئەمانەن :

یەکەم – ئەرکی تەرخانکردن: Allocation Function

کاتێك سیستەمی بازاڕ ناتوانێت هەندێك لە شمەکەکان دابین بکات ئەوا دەوڵەت هەڵدەستێ بەدابینکردنی ئەم شمەکانە کە پێیان دەوترێت شمەکە گشتییەکان ودابینکردنی ئەم شمەکانە پێویستی بە تەرخانکردنی دەرامەتە

ئابوورییەکان هەیە لە نێوان شمەکە تایبەتییەکان و شمەکـە گشـتییەکاندا، و دواتـر دابەشـکردنی ئـەو دەرامەتـە دیاریکراوانـە بـۆ بەرهـەمهێنانی شمەکـە گشتییەکان کە ئارەزووی لەسـەرە وە تـەرخانکردنی دەرامەتـەکان پێویسـتە تەرخانکردنێکی لەباربێ بۆ بـەدیهێنانی بـەرزترین پلـەی خۆشـگوزەرانی بـۆ کۆمەڵگە، واتە تەرخانکردنێکی نموونەیی بێت.

دووەم – ئەرکی دابەشکردن: Distribution Function

دابەشــکردنی داهــات وســامان لــە هــەر کۆمەڵگەیەکـدا پشــت بــە دابەشکردنی خاوەندارێتی دەرامەتە ئابوورییەکان (زەوی ، سەرمایە ، کـار و ڕێکخستن) دەبەستێت. دابەشکردنی داهات و سامان لەوانەیە بگونجێت یان نەگونجێت لەگەڵ بنەماکانی دادپەروەری لە کۆمەڵگـەدا. زۆربـەی نووسـەران لەسەر ئەوە کۆکن کـە پێویسـتە هـەموار (تعـديل) هـەبێت کـە وەك دووبـارە دابەشکردنێکە Redistribution بە مەبەستی دابینکردنی گونجـاوترین ئاسـتی خۆشــگوزەرانی بــۆ خــاوەن داهاتــە نزمــەکان. بــەم شــێوەیە گرنگیــدان چارەســەرکردنی بــاری گشــتی دادپــەروەریی وداهــات لەبــەرزترین پایــەی دابەشـکردن (خـاوەن داهاتـە زۆرەکـان) گوازراوتـەوەە بـۆ چارەسـەرکردنی شێوەی داهات لە نزمترین پایە (خاوەن داهاتە کەمەکان).

سێیەم – ئەرکی سەقامگیرکردن:Stabilization Functio

دارایی گشتی هەڵدەستێ بەهێنانـەدی ئـەم ئەرکـە ئـەویش لـە ڕێگـای بەهێنانەدی خستنەگەڕی تەواو (التشغيل الكامل) و لەگەڵ پلەیـەکی گونجـاو لە سەقامگیری لە بەرهەمهێنان و ئاستی گشتی نرخەکان. واتا ڕۆڵەکەی وەك رامیاریــەك لــە چارەســەرکردنی کێشــەکانی بێکــاری و هەڵاوســان بــەدیار

دەکەوێت، بەڵام ئابووری ئازاد (ئابووری بازاڕ) دەتوانێ نەخستنەگەری تەواو بهێنێتەدی ونە ئاستی گشتی نرخەکان سەقامگیر دەکات بە شێوەیەکی خۆیەکی. هەربۆیە ئابووری ئازاد دووچاری بارگۆڕان لە بەرهەمهێنان و نرخدا دەبێتەوە وتووشی بێکاری و هەڵاوسان دەبێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، یان پێکەوە تووشی بێکاری و هەڵاوسان دەبێت (هەڵاوسانی داکشاو) لەبەر شکست هێنانی سیستەمی بازاڕ.

چوارەم – ئەرکی گەشەپێدان Growth Function

ئەرکی دارایی گشتی تەنها بە گەیاندنی بەرهەمی نەتەوەیی بۆ ئاستی خستنەگەری تەواو و کەمکردنەوەی بێکاری و هەڵاوسان تەواو نابێت، بەڵکو هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی پەرەسەندنی ئابووری Economic Growth دوو سەرچاوەش هەیە بۆ گەشەکردن ئابووری، کە ئەمانەن:

- گەشەپێدانی دەرامەتە ئابوورییەکان Growth of Economic Resources
- گۆڕانی(پێشکەوتنی) تەکنەلۆژی Technical Change (Progress)

بۆنموونە: رامیاری دارایی دەتوانێت کار بکاتە سەر تێکڕای پاشەکەوتکردن لە رێگای:

١. گۆڕینی تێکڕای باج.
٢. ئارەزووبوون لە وەبەرهێنان لە رێگای لێخۆشبوون لەباج و ئەو بەخشین و کۆمەکانەی پێشکەش بە وەبەرهێنەکان دەکرێن لە هەندێك بواری چالاکی ئابووریدا بە ئامانجی هاندانی وەبەرهێنان.

بابەتەکانی دارایی گشتی:

یەکەم: پێداویستییە گشتییەکان: Public Wants (Goods)

بۆ جیاکردنەوەی پێداویستی گشتی و پێداویستی تایبەتی نووسەرانی دارایی گشتی خەڵکیان بۆ دوو جۆر دابەش کردووە:

١- پێداویستییە تایبەتییەکان: Private Wants

ئامانجی تاکەکەسی لە چالاکییە ئابوورییەکان بەدەستهێنانی شمەك و خزمەتگوزارییە بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی. لەوانەیە ئەم پێویستییە تاکە کەسێك بەتەنیا هەستی بکات، ئەم هەستەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازی هەیە، هەروەها لەهەمانکاتدا پێداویستی بۆ شمەك و خزمەتگوزارییەك لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازە، ئەم جۆرە شمەك و خزمەتگوزاریانەش پێیان دەگوترێت (شمەکی تایبەت) کە بە دەستهێنانیان لەوانەیە تایبەت بن بەکەسێکەوە، ئەو کەسە بەرپرسیارە لەدابینکردنی ئەوکەلوپەلە لە بازاڕ بەرامبەر ئەو پارەی دەیداتە فرۆشیارەکە.

میکانیزمی بازاڕ زۆر چالاکانە کار دەکات بۆ دابینکردنی ئەم شمەك و خزمەت گوزارییانە وکەرتی تایبەت خۆی تەرخان دەکات، هەروەها شان بەشانی کەرتی تایبەت دەوڵەتیش لە ڕێگای دەزگاکانیەوە هەڵدەستێ بە دابینکردنیان وەك شمەکی تایبەت دەفرۆشرێنە کڕیاران، نموونە لەسەر ئەم شمەکە تایبەتیانە (ئینجا لە لایەن کەرتی تایبەتەوە کرابن یان لەلایەن کەرتی گشتییەوە) وەك خۆراك ، خانوو ، خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن و تەندروستی و پزیشکی ...هتد .

٢- پێداویستییە گشتییەکان (کۆمەڵایەتییەکان) Wants Social

لەگـەڵ دەرکـەوتنی دەوڵـەت پێداویسـتی بـۆ بەدەسـتهێنانی شمـەك و خزمەتگوزارییـەکانی تـر سـەریان هەڵـدا، ئەمـەش بـەم پێیـەی کـەوا تـاك لـە کۆمەڵێکی مرۆیی ڕێکخراودا دەژێت پێی دەگوترێت (پێداویستییە گشتییەکان) کە (بریتییە لەو پێداویستیانەی جۆرە سروشتێکی کۆمەڵایەتیان هەیە، چونکە هـەر لـەو کۆمەڵگەیـەدا هەڵـدەقولێت ئـەم شمـەك و خزمەتگوزارییانـە تاکـەکان هەستی پێدەکـەن ئـەوا پێداویسـتی کۆمەڵـەکین، کـەواتا ئـەم جۆرەپێویستیانە بوونیان نییە گەر تاکەکان لە کۆمەڵگەکاندا نەبن ئەم شمـەك و خزمەتگوزاریانـە پێشکەش بە هەموو تاکەکان دەکرێت نەوەك تەنها تاکە کەسێك بەم پێیە پێیان دەگوترێت (شمەکە کۆمەڵایەتییەکان) یـان شمەکـە گشـتییەکان، ئـەم شمـەك و خزمەتگوزارییانە لەوانەیە تاکە کەسێك نەتوانێ بە تەنها بەدەستی بهێنی، هـەتا ئەگـەر بـە دەستیشـی بهێنێـت ئـەوا نـاتوانێ بـە تـەواوی پێداویسـتییەکانی پڕبکاتەوە و دواتر ناتوانێت تێچووەکەی لەئەستۆ بگرێت لێرەدا بازاڕ بە چالاکی کارناکـات بـۆ دابینکردنـی ئـەم جـۆرە شمـەك وخزمەتگوزارییانـە، واتـە بـازاڕ شکسـتی هێنـاوە. بۆیـە لەسـەر دەوڵـەت پێویسـتە دەسـتەبەری ئـەم شمـەك وخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییانە بکات،یان کەرتی گشتی بە ناچـاری بەرهـەمیان دێنێت ، بۆ نموونە تـەنها دەزگاکـانی کـەرتی گشـتی هەڵدەسـتێ بـەدابینکردنی خزمـەتگوزاری ئاسـایش و بـەرگری و دادپـەروەری، هـەروەها کـەرتی گشـتی و تایبەتی پێکەوە پێشکەشی دەکەن، بەڵام دەوڵەت نرخەکەی دەدات، بۆ نموونە پوختەکردنی هـەوای پـیس کـەوا هـەوای پوختـەکراو بـۆ گشـت تاکـەکان دابـین دەکرێت بەبێ ئەوەی هیچ پارەیـەك بـدەن یـان ڕوونـاك کردنـەوەی شـەقامەکان یاخود پاککردنەوەیان لە بەفر و یان ڕاماڵینیی تۆز وخۆڵ.

پێوەرەکانی دارایی گشتی بۆ دیارکردنی سروشتی پێداویستییە گشتییەکان:

١ - سروشتی پێوەری سروشتی ئەو لایەنەی هەڵدەستێ بە پڕکردنەوەکە:

پشت بەو دەستە دەبەستێ کە بە پڕکردنەوەی پێداویستییە گشتیەکە هەڵدەستن نەوەك بە خودی پێداویستیەکە، ئەگەر دەولەت یان دەسەلات یان یەکێك لە دەزگاکانی هەڵسان بەپرکردنەوە لە رێگای خەرجیە گشتیەکانەوە ئەوا بەپێداویستیەکی گشتی دادەنرێ وپێچەوانەش راستە.

٢- پێوەری سەرچاوەی هەستکردن بە پێداویستییەکان:

ئەگەر سەرچاوەی هەست پێکردنەکە تاکە کەس بوو ئەوا پێداویستیەکە تایبەتییە، بەپێچەوانەوە دەبێتە پێداویستی گشتی ئەگەر سەرچاوەی هەستپێکردنەکە بە کۆمەڵ بێت.

٣- پێوەری گەورەترین کەڵك بەکەمترین تێچوون:

تاکەکەس هەوڵدەدات پێداویستیەکانی بەکەمترین تێچوون پڕبکاتەوە یاخود زۆرترین رادەی پڕکردنەوە بە کەمترین خەرجی بەدی بێنێ، بەلأم پێداویستی گشتی ئەم یاسایە نایگرێتەوە.

٤- پێوەری ڕۆڵی کۆنی دەوڵەت:

ئەم پێوەرە دەگەرێتەوە بۆ ئەرکی دەولەت، بۆیە پێداویستییەکان دەبنە گشتی لە چوار چێوەی دەولەتی پاسەوان کە ئەرکی بەرگری و ئاسایش و دادپەروەری لە ئەستۆ بوو، کە ئەمەش بۆ دەولەتی پلاندانەر زیاترە، کە بە بەرپرسیاریەتی لە هاوسەنگی ئابووری کۆمەلأیەتیدا لە کۆمەلگە هەڵدەستێ.

٥- پێوەری سروشتی پێداویستییەکە و سروشتی ئەو لایەنەی کە هەڵدەستێ بەپڕکردنەوەی:

دیاری کردنی پێداویستییە گشتییەکان پشت بە دوو بنەما دەبەستێت کە پێویستە پێکەوە گرێدرابن بۆ ئەوەی سیفەتی گشتگیری پێ بدرێ، کە ئەم دوو بنەمایەن:

١. دابینکردنی پێداویستی کەڵکی کۆمەڵیان هەبێ.

٢. دابینکردنی پێداویستییەکان بخرێتە سروشتی رۆڵی دەوڵەت.

دووەم – خەرجیە گشتیەکان: Public Expenditure

١– چەمکی خەرجیە گشتییەکان:

دەتوانرێ بەم شێوەیە خەرجیە گشتییەکان پێناسە دەکرێت:

(برە پارەیەکی نەختینەیە لە لایەن کەسێکی گشتییەوە خەرج دەکرێت بە مەبەستی بەدیهێنانی کەڵکێکی گشتی).

لەم پێناسای سەرەوە ئەوە دیار دەکەوێت کە خەرجی گشتی خۆی لەم سێ پێکهاتەی (رەگەز) خوارەوە دەنوێنێت:

١–خەرجی گشتی برە پارەیەکی نەختینەییە.

٢–خەرجی گشتی کەسێکی گشتی ئەنجامی دەدات.

٣–مەبەست لە خەرجییە گشتییەکان بە دیهێنانی کەڵکێکی گشتییە.

أ- خەرجی گشتی بڕە پارەیەکی نەختینەییە:

پەرەسەندنی چالاکییە ئابوورییەکان وایکرد لە سیستەمی(شت بەشت گۆڕینەوە) بگۆڕێت بۆ سیستەمی ئابووری، لێرەدا بەکارهێنانی پارە بووە هۆکارێك بۆ ئالوگۆڕکردن. دەوڵەت پارە بۆ بەدەستهێنانی شمەك و خزمەتگوزاری گشتی و پێشکەشکردنی باربۆ وکۆمەك ودانەوەی سوو وقەرزەکە بە کاردەهێنێت . بۆ نموونە : دەوڵەت پارەی نەختینە بە کاردێنێ بۆ پێدانی مووچە و کرێ و کڕینی شمەك و پێدانی یارمەتییەکان و سووی قەرز و ئامێر و باڵەخانە و... هتد. واتە خەرجییە گشتییەکانیش دەبێ بە پێی یاسا بکرێن.

ب - خەرجی گشتی کەسێکی گشتی ئەنجامی دەدات:

پێویستە ئەو بڕە پارەیەی کە بەکار دەهێنرێت بۆ مەبەستی بە دەستهێنانی شمەك و خزمەتگوزارییە گشتییەکان ئەو خەرجیانە لە ئەستۆی دەوڵەت دەربچن بە پێی فەرمانی کەسێکی یاسایی گشتی، ئەو کەسانەش بریتین لە دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی یان حکومەتی ناوخۆیی، بەڵام بۆ نموونە ئەگەر کەسێك قوتابخانەیەك یان نەخۆشخانەیەك دروست بکات وپێشکەشی دەوڵەتی بکات، ئەوا ئەو خەرجکردنە نابێتە خەرجییەکی گشتی، لە بەر ئەوەی لە لایەن کەسێکی یاسایی گشتی یەوە دەرنەچووە .

ج - مەبەستی خەرجییە گشتییەکان بە دیهێنانی کەڵکی گشتییە:

ئەو دوو مەرجەی پێشەوە پێویستن بە دیارکردنی خەرجییە گشتیەکان، بەڵام هێشتا مەرجەکانی خەرجی گشتی ناهێنێتە دی، بۆیە

پێویستمان بە مەرجی سێیەم هەیە بۆ بڕیاردان لە سەر خەرجیەکان بۆ ئەوەی ببێتە خەرجی گشتی، ئەویش بریتییە لە ئامانجی بەرژەوەندی گشتی.

ئەگەر کەسێك پارە خەرج بکات بە مەبەستی کڕینی شمەکێك یان خزمەتگوزاریەك بە مەبەستی تێرکردنی پێداویستیەکانی خۆی ، هەر وەها گەر بەرهەمهێنێك پارە خەرج بکات بۆ بەرهەمهێنانی شمەکێك یان خزمەتگوزارییەك بە مەبەستی بەدەستهێنانی بەرزترین رادەی قازانج ، ئەمە بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسێکە نەك بەرژەوەندی گشتی، بەڵام ئەگەر دەوڵەت پارە بۆ دابینکردنی شمەك و خزمەتگوزاری گشتی یان بۆ کۆمەك و یارمەتییەکان خەرج بکات، ئەوا بە مەبەستی بە دیهێنانی کەڵکی گشتییە و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزارانییە لە کۆمەڵگەدا.

٢-ڕێسای خەرجییە گشتییەکان:

پێویستە خەرجیەکانی حکومەت لە بوارە جیاجیاکاندا بەپێی ڕێسا یان بنەماکان ڕەچاو بکات بۆ ئەوەی خەرجییەکان ببنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

چەند ڕێسایەك هەیە لەوانە:

یەکەم – ڕێسای کەڵکی تێچوون:

بەپێی ئەم ڕێسایە پێویستە:

أ– کۆمەڵگە زۆرترین پوختەی کەڵك یان دەسکەوتی لە خەرجیە گشتییەکانی دەوڵەتی بەرکەوێ، ئەمەش ئەو ئاستەیە کە خەرجیەکانی حکومەت تیایدا

ڕادەی کـەڵکی سـنوورەکی کۆمەڵایـەتی لەگـەڵ ئاسـتی خـۆش گـوزەرانی کۆمەڵگە یەکسان دەبێت .

ب- پێویستە پلاندانەر ئـەو ڕێسـایە لـە بـەر چاو بگرێـت جـا چ بـۆ خـەرجی شمەك و کارگوزاری گشتی یان بـۆ پارمەتیـدان یـان بـۆ وەبـەرهێنانی گشـتی بێت. بەواتایەکی تر پێویستە ڕادەی کەڵکی سنوورەکی کۆمەڵایەتی بـۆ هـەر دینارێکی خەرجکراو لە هەر بوارێك لە بوارەکانی خەرجییە گشتییەکان دەبێ یەکسان بێت.

ج- لە خەرجییە گشتییەکان ڕەچاوی دابەشکردنی جـوگرافی بکرێـت بەسـەر ناوچە و هەرێمەکان.

د-نابـێ بەدەسـتهێنانی بـەرزترین پوختـەی کـەڵك لەگـەڵ بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی تـەرخانکردن و دابەشـکردن و سـەقامگیری و پەرەسـەندن دژ بەیەکبن.

دووەم - ڕێسای ئابووریانە لە خەرجکردندا:

ئەمەش ڕێسایەکی کلاسیکییە(کۆنە) کە دەڵێـت بـە شـێوەیەکی ئابووریانـە خەرجییـە گشـتییەکان بـەکاربێت و بـەفیڕۆ نـەدرێت، کـە دەوترێـت بـە شێوەیەکی ئابووریانە ئەمە مانای ئەوە نادات کە ڕادەیـەك بـۆ خەرجییـەکان دابنرێت یان کەم بکرێتـەوە گـەر هۆکـاری پێویسـت هـەبوو بـۆ خـەرجکردن. بەڵکو مەبەست ئەوەیە خەرجیەکان بە شێوەیەکی دروست ئاراسـتە بکـرێن و دژایەتی زێدە خەرجکردن و بەفیڕۆدان بکرێ، هەوڵبـدرێ زۆرتـرین داهـات بـە کەمترین تێچوون بەدەست بێت.

زێدە خەرجکردن دوو ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە، لە لایەکەوە بە فیڕۆدانی بڕێکی زۆر لە پارە بە کاری ناپێویست، لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی بێهێزبوونی متمانەی خەڵك بەدارایی گشتی دەوڵەت و خۆشاردنەوەیان لە باجدان.

دیاردەی زێدە خەرجکردنی حکومەت جۆراوجۆرن کە لەوانەیە لەگشت بوارەکانی خەرجی گشتی روویدات، بەتایبەتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، لەوانەش:

١- دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەر وکرێکار لە دام ودەزگا حکومییەکان کە زۆر زیاترە لە پێویستی ئەم دەزگایانە.

٢- گرنگیدان بە بنیادنانی باڵەخانەی مەزن و داپۆشینی دەزگا و فەرمانگە حکومییەکان بەشتی گرانبەها و بەکرێگرتنی باڵەخانەو ئۆتۆمبێل بە پارەیەکی زۆر لە جیاتی کڕینیان.

٣- زێدەڕۆییکردن لە بەکاربردنی گشتی وەك: خەرجی رووناکی و ئاو و تەلەفۆنات، کە دەوڵەت پارەکەی دەدات بەبێ بەکارهێنانیان بۆ جێبەجێکردنی چالاکی گشتی وبەدیهێنانی سوودی گشتی.

٤- بەکارهێنانی کاری گشتی لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتدا کە مافی کۆمەڵە نەك تاکەکەس، وەك بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی فەرمانگە بۆ کاری ماڵەوە.

سێیەم - رێسای تەرخانکردن:

دەسەڵات ئەو رێگەیەی کە پەیوەندی بە خەرجییەکان و روونکردنەوەی هەنگاوەکانی پێدان و رێوشوێنە پێویستەکانی هەریەکە لەوانە هەیە دیاری دەکات، بۆ ئەوەی خەرجیە گشتییەکان بە شێوەیەکی دروست ئاراستە

بکرێن و سوودی گشتی بدات بەدەستەوە کە ئامانجی کۆتایی خەرجی گشتییەکانە.

بۆیە دەستگرتن بە چالاکییە دارایی و خەرجییەکانی حکومەت دەبێ بەپێی ئەو رێووشوێنانە بێت کە دەیەوێت بهێنێتەدی و دایبڕێژێت و جێبەجێ بکات لە بودجە و یاسا و بڕیارە داراییەکانی ترەوە.

٣-جۆرەکانی خەرجییە گشتییەکان:

خەرجییە گشتییەکان شێوەی جۆراوجۆری هەیە، زیادبوونی جۆرەکانی بە زیادبوونی ئەرکەکانی دەوڵەت بەستراوەتەوە و بەزیادبوونی دیاردەی دەستخستنی لە ژیانی گشتی کۆمەڵگەدا، خەرجییە گشتییەکان جۆراوجۆرن بۆیە جیاوازیشیان لە نێوانیاندا هەیە چ لەرووی پێکهاتە یان لە بواری ئاسەوارە ئابووری و دەرئەنجامە داراییەکانەوە. هەر بۆیە زانایانی بواری دارایی گشتی دابەشکردنی جۆرا و جۆریان بۆ خەرجییە گشتییەکان داناوە.
دەتوانین خەرجیە گشتیەکان بە پێی سروشتە ئابوورییەکەی دابەش بکەین، کە ئەمەش بە دابەشکردنی ئابوورییەکان یان دابەشکردنی زانستی ناسراوە. بە شێوەیەکی گشتی خەرجیە گشتییەکان دابەش دەبێت بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە:

١- خەرجییە کارگێڕییەکان: بریتییە لەو خەرجییانەی کە پەیوەستە بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاری دەزگا خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ دەوڵەت پێویست و گرنگن وکە ئەوانیش بەڕێوەبردنی گشتی وبەرگریکردن و ئاسایش ودادپەروەری ونوێنەرایەتی رامیاری دەگرێتەوەو گرنگترین بنەماکانی ئەم جۆرە خەرجییە خەرجی بەرگری نیشتمانییە.

٢- خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان: ئەم جۆرە خەرجییە لەم بوارانەدا خەرج دەکرێ کە دەیەوێ کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەنێوان تاکەکان بەدی بێنی لەڕێگەی بەدەستهێنانی رۆشنبیریی و فێرکردن و چاودێریکردنی تەندروستی تاکەکان، سەرباری ئەوەش بەدەستهێنانی هاوکاری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی یارمەتیدانی هەندی چین کە پێویستییان بە یارمەتی هەیە وەك(داهات کەمەکان و بێکارەکان...تد) گرنگترین کۆمەك بۆ ئەم توێژانە ئەوانەی کە پەیوەندی بە دامو دەزگا تەندروستییەکان و رۆشنبیری و گشتی نیشتەجێ بوونەوە هەیە.

٣- خەرجییە ئابوورییەکان: بریتییە لەو خەرجییانەی کە دەوڵەت هەڵدەستێ بە خەرجکردنی لەبوارەکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان وەکو وەبەرهێنانی گونجاو بۆ ئەوەی کەڵك بە ئابووری نەتەوەیی بگەیەنێ لەبواری خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەکو گواستنەوەو گەیاندن و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباو ئاو و ئاودێری وجگە لە کۆمەککردنی ئابووری بە پرۆژە گشتی و تایبەتییەکان.

٤- خەرجییە داراییەکان: قیستەکانی بەکاربردنی قەرزی گشتی و سووی ساڵانە دەگرێتەوە.

٥- خەرجییە سەربازییەکان: هەموو خەرجییەکانی پڕ چەککردن و هێزە چەکدارەکان دەگرێتەوە.

دیاردەی زیادبوونی خەرجی گشتی:

ئەم دیاردەیە بە یەکێك لە خەسڵەتەکانی دارایی گشتی لەسەردەمی نوێ دادەنرێ لە پێناو دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگەو دانانی سنوورێك بۆ قۆرخکاری و سەقامگیری ئابووریدا، لە کاتێکدا قەبارەی خەرجی گشتی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەشێوەیەکی بەردەوام لە زیادبوون دایە، مێژووی

دارایـی لـە زۆربـەی وڵاتـەکانی جیهـانی بـە جیـاوازی سیسـتەمی سیاسـی و سروشـتی پێکهاتەکـەی وبـارودۆخی ئابوورییـەوە ئامـاژە بـەبوونی دیـاردەی زیادبوونی خەرجی گشتی دەدەن .

هۆکارە ڕاستەقینەکانی زیادبوونی خەرجی گشتی:

گەشەی ڕاستەقینە لە خەرجییـە گشـتییەکان ئامـاژە بـە زیـادبوونی بەشـی تاکـەکان دەدەن لـە خزمـەتگوزاری و شمەکـە گشـتییەکاندا کـە حکومـەت دابینیـان دەکـات بـۆ کۆمەڵگـە، یـان زیـادبوونی خەرجییـەکان بـۆ چـاکردنی ئاسـتی خزمەتگوزارییـەکان کـە پێشکەشـی دەکـەن یـان زیـاتربوونی یـاخود باشتربوونی شێوازەکانی بەرهەمهێنە گشتییەکان کە بە شـێوەی نەختینـەیی گوزارشتی لێ دەکرێ وەکو زیادبوونی خەرجییە گشتییەکان.

هۆکارە ڕاستەقینەکانی زیادبوونی خەرجی گشتی بۆ ئەمانە دەگەڕێتەوە:

١. هۆکارە ئابوورییەکان:

زیـادبوونی سـەرجەم خەرجییـە گشـتییەکان لـە ئـەنجامی هۆکـارە ئابوورییەکان دەگەڕێتەوە بۆ:

أ– گەشەپێدانی ئابووری و زیادبوونی داهاتی نەتەوەیی:

بەرزبوونـەوەی تێکـڕای داهـاتی ڕاسـتەقینەی تـاك وەك بـارۆدۆخێکی سروشتی هاوکاتە لەگەڵ گەشەکردن ئابووری لە کۆمەڵگەیەکدا ولـە ئـەنجامی ئەمەشدا خواست لەسەر شمەك و خزمەتگوزاریەکانی بەکاربردن زیاد دەبێت. وەـەروەها شمـەك وخزمـەتگوزاری گشـتی دووبـارە خواسـتیان لەسـەر زیـاد دەبێـت وەکـو بەشـێك لـە خواسـتی کۆمەڵگـە کـاتێ ئاسـتی داهاتیـان بـەرز دەبێتەوە.

ب– پێشکەوتنی ڕۆڵی دەوڵەت:

دەوڵەت لە رابردوودا رۆڵی بێ لایەنی هەبوو، دەوڵەت رۆڵێکی گەورەی نەبوو لە پڕکردنەوەیی هەموو پێداویستییە گشتییەکان جگە لە تەندروستی و فێرکردن و بەرگری نەبێت ... وئەمەش دەرئەنجامی هەرەسهێنانی بازاڕ، و سەقامگیرنەبوونی سیستەمەکانی سەرمایەداریدا لێ کەوتۆتەوە، بۆیە ڕۆڵی دەوڵەت گۆڕانی بەسەردا هات و دەستی خستە نێو چالاکی ئابووری بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی سەرەوە، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی خەرجی گشتییەکانی دەوڵەت.

٢. هۆکارە رامیارییەکان (سیاسییەکان):

هۆکارە رامیارییەکانی زیادبوونی خەرجی گشتی دەکرێنە دووبەش:

أ – هۆکارە رامیارییە ناوخۆییەکان:

ئەم هۆکارانەش ئەمانە دەگرێتەوە:

أ– بڵاوبوونەوەی بنەماو سیستەمەکانی دیموکراسیەت.

ب– زیاد بوونی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی حکومەت لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا لە دابینکردنی ئەوپەڕی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی خەرجی گشتی لە بەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەتایبەتی چینی هەژار لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و کەمکردنەوەیی جیاوازی داهاتەکانیان و قەرەبووکردنەوەی ئەو تاکانەی کە لەئەنجامی بڕیارێکی دادوەریی بەر تاك یاخود کۆمەڵێ کەس دەکەوێت.

ج– زۆربوونی پارتە سیاسییەکان و بڵاوبوونەوەیان بۆتە هۆی ئەوەی دەوڵەت پەنا بۆ زیاترکردنی پرۆژەکان ببات بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی

دەنگدەران و زیاترکردنی دامەزراندنی لایەنگرانی پارتەکەو زیادبوونی خەرجییەکان.

د- بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەت بەهۆی هەڵسوکەوتی هەندێ لێپرسراوان و زیاد بوونی کاری بەرتیل وەرگرتن و خراپ بەکارهێنانی دارایی گشتی لەلایەن فەرمانبەرانی پایەبەرز و زیادبوونی تێچوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی خەرجی گشتی.

ب- هۆکارە رامیارییە دەرەکییەکان:

أ- لەم چەند ساڵەی دواییدا بایەخی زیاتر بە نوێنەری دیبلۆماسی دراوە، ئەویش لەئەنجامی سەربەخۆبوونی وڵاتان و پێداویستی زۆربوونی نێردە دیبلۆماسیەکان وقەبارەو شێوەکەی وبەشداریکردن لە کۆنگرەو کۆڕە نێودەوڵەتییەکان کە لەبارەی مەسەلە گرنگەکانی جیهان دەبەسترێ.

ب- دەوڵەت یارمەتی و کۆمەك پێشکەش بە وڵاتانی تر دەکات بەتایبەتی لەکاتی روودانی گێروگرفت و کارەساتە سروشتییەکانی وەك رووداوی لافاو و بوومەلەرزەو جگە لەو قەرزو کۆمەك و یارمەتیانە بە ئامرازێکی رامیاری دەرەوە دادەنرێ.

٣. هۆکارە داراییەکان:

دەتوانین بەم شێوەیە شی بکەینەوە :

أ- بوونی زیادە لە دەسهاتە گشتییەکان، یان بوونی یەدەگی پارە تەرخان نەکراو بۆ هیچ بوارێك.

ب- ئەم زیادەیە وا لە دەوڵەت دەکات پارەکە لە شتە ناپێویستەکان خەرج بکات. بیرمەندە داراییەکان وا دادەنێن کە دەوڵەت کاتێ دەسهاتی زۆری

دەست دەكەوێ ئەوا پابەند نابێت بە ڕێساكانی خەرجی گشتی بەشێوەیەكی ڕاست و دروست، بەڵكو زیاد لەپێویست خەرج دەكات و بەفیڕۆی دەدات.
بەشـێوەیەكی گشـتی دەوڵـەتی پێشـكەوتوو توانـای جـۆراو جـۆركردنی سەرچاوەكانی دەسهاتی هەیە لەبەر ئـەوە قـەبارەی خەرجییـە گشـتییەكانی گەورەتر دەبێت.
ج- دەوڵەت قەرزی ناوخۆیی و دەرەكی دەكات، سەدەی نوێ بە قەرزكردنی ئاسـان ناسـراوە، لەبـەر ئـەوەی قـەرزی گشـتی واتـای پێشـتری نـەماوە كـە بەسەرچاوەیەكی نائاسایی دەسهاتە گشـتییەكان دابنـرێ و دەوڵـەت بـەكاری نـەهێنێ تـەنها لـە بـارۆدۆخی نائاسـایی نـەبێت، دەوڵـەت لـە پێنـاوی قـەرز وەرگرتن ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبۆوە، كاتێك كە لایەنە قەرز دەرەكـان مەرجی زۆر گرانیان دادەنا كـە دەوڵـەت دەبێـت قورسـایەكی زۆر لـە ئەسـتۆ بگرێ.
ئەم ئاستەنگانە ئێستا كەم بۆتەوە لە ئەنجامی ئەوەی دەوڵەت پـەنا دەباتـە بـەر دەركردنـی قەباڵـەكان (سـندات) لـە پێكهاتـە جیاوازەكـان بـۆ هانـدانی تاكەكان و لابردنـی سـووی قـەرزەكانی بەمـەرجی گونجـاو بـە تایبـەتی پـەنا دەباتـە بـەر قـەرزی بـە زۆرەملـێ ئەگـەر قـەرزی ئارەزومەندانـە نـەبوو بـۆ پڕكردنەوەی پێداویستییەكانی دەوڵەت لە دەرامەتی پێویست و پەنابردن بەر قەرزی گشتی كە دەبێتە هۆی زیادبوونی قـەرزەكانی خزمـەتگوزاری و دواتـر زیادبوونی خەرجی گشتی.

٤. هۆکارە کارگێڕییەکان:

پێشکەوتنی رۆڵی دەوڵەت و زیادبوونی دەستوەردانی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وایکرد ژمارەیەك دامەزراو بەڕێوەبەرایەتی هاوکاری گشتی دابمەزرێ، لە کۆتاییدا زیادبوونی ژمارەیەك فەرمانبەر لە دامەزراوەکانی دەوڵەت دابمەزرێن، بۆیە خەرجی ئەو بەڕێوەبەرایتیانە و گرانی بەڕێوەبردنیان و بەفیڕۆدانی دەرامەت و زیاد بەکارهێنان کە ئەم بەڕێوەبەرایتییانە پێی هەڵدەستن کە ئەمەش بۆ دەزگای چاودێری گرانە سەرپەرشتی هەموو کارەکانی بکات، کە ئەم زیادبوونە لە خەرجی گشتی دەبێتە هۆی زیادبوونی بارگرانی (عبء) تێچووی گشتی. لەوکاتەی زیادبوونی بەرهەم زیادەیەکی راستەخۆیە.

٥. هۆکارە جەنگییەکان:

هۆکارە جەنگیەکان لەم سەردەمەدا گرنگییەکی تایبەتیان پێدەدرێ بەهۆی زۆربوونی جەنگەکان و ئامادەکاری بۆ کارە سەربازییەکان ئەو دەرەنجامانەش کە لێی دەکەوێتەوە، ئەمەش خەرجیەکانی سەربازی زیاد دەکات لە کاتی جەنگ و ئاشتیدا.

خەرجییەکانی بەرگری نیشتمانی دەبێتە هۆی زیادبوونی خەرجیە گشتییەکان بە ئاراستەی زیادبوونی بەردەوام ساڵ دوای ساڵ وئەمەش بەگرنترین بەشەکانی خەرجی میری دادەنرێ ، زۆربەی ئابووریناسەکان بایەخیان بەم بوارە نەداوەو بەرەگەزێکی (لایەنێکی) سەربەخۆی دادەنێن لە دەسەڵاتی رامیاری بە لەبەر چاوگرتنی رامیاری و ستراتیژی و ئابووری و کۆمەڵایەتی .

وە هۆکارەکانی زیادبوونی خەرجی جەنگ لە وڵاتە دواکەوتووەکان بۆ ئەمانە دەگەڕێتەوە:

أ– دانانی هێزی پێویست بۆ بەرگریکردن لە دەوڵەت .

ب– پێشکەوتنی هونەری لە پێویستییە جەنگییەکان کە دەبێتە هۆی زیاد بوونی خەرجی تێچوونی ئامادەکاری سوپا بە ئامێرە پێشکەوتووەکان وە مەشق پێ کردنیان.

ج– زیادبوونی شڵەژانی نێودەوڵەتی و ناکۆکییە هەرێمایەتییەکان و جەنگەکان.

سێیەم -دەسهاتی گشتی Public Revenue

دەسهاتی گشتی (بریتییە لەو دەرامەتە ئابوورییەی کە دەوڵەت لە شێوەی کەڵەکە بوونی دارایی بە دەستی دەهێنی بە مەبەستی دابینکردنی خەرجی گشتی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە گشتییەکان). بەمەش دەسهاتی گشتی بە بەشێکی گرنگ و تەواوکەری پارەدارکردنی خەرجی گشتی دادەندرێ.

دەسهاتی گشتی لەگەڵ پێشکەوتنی هزری ئابووری و دارایی بەرەو پێشەوەچوو و کلاسیکەکان (ئابووریناسە کۆنەکان) پێیان وابوو دەسهاتی گشتی (**بریتییە لە چۆنیەتی پڕکردنەوەی خەزینەی گشتی بە دەرامەتی پێویست لە پێناو دابینکردنی خەرجییە گشتییەکان بۆ ئەوەی دەوڵەت بە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی هەڵسێ**). بەڵام لە سایەی قوتابخانەی نوێدا بۆتە ئامرازێکی گرنگ لە ئامرازەکانی رامیاری دارایی ، وجگە لە ئەرکە داراییەکەی میری بۆ ئەوەی کاربکاتە سەر چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەکاری دێنێ.

میری پشت بەسەرچاوەی جیاواز وهەمەجۆر دەبەستی بۆ بەدەستهێنانی دەسهاتی گشتی کە گرنگییەکەی جیاوازە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر بەگوێرەی ئەو سیستەمە ئابوورییەی پەیڕەوی دەکا تا چەند پێشکەوتووە، وئەو سیستەمە رامیاریەی هەیە وماوە وکاتەکەی دەگۆڕێن.

جۆرەکانی دەسهاتی گشتی:

یەکەم - دەسهاتی موڵکی دەوڵەت:

بریتییە لەو دەسهاتەی کە دەوڵەت لە موڵکەکانی خۆی و پڕۆژە ئابوورییەکانی دەستی دەکەوێ، ئەم جۆرەش بە سەرچاوەیەکی گرنگی زۆربەی دەسهاتی گشتی وڵاتان دادەنرێ بە تایبەتی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان.

پێویستە مۆڵکەکانی دەوڵەت لەڕووی یاساییەوە دابەش بکەین بۆ:

١-ئەو موڵکانەی دەکەوێتە ژێر حوکمی یاسای گشتی (دۆمینی گشتی) :

نموونە ئەو موڵکانە وەك: رێگا و پرد وگۆڕەپان و باخچە گشتییەکان وموزەخانە... هـ تد، ئەو شمەك و خزمەتگوزاریانە دەگرێتەوە کە تایبەتە بە سوودی گشتی بەبێ هیچ بەرامبەرێك واتە بە خۆڕایین، بەڵام لە بارودۆخی (نائاساییدا) دەوڵەت ڕەسم دەسەپێنێ بۆ چوونە ژورەوەی موزەخانە وبەکارهێنانی باخچە و ڕێگا خێراکان وپەڕینەوە لە پردەکان و دەسهاتی ئەم ڕەسمانە بۆ پێشخستن و باش کردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان تەرخان دەکرێ وناچێتە گیرفانی دەوڵەت وئەم جۆرە دانانرێت بە سەرچاوەیەك لەسەرچاوەکانی دەسهاتی دەوڵەت.

٢-ئەومولّکەکانی دەکەوێتە ژێر حوکمی یاسای تایبەت:

زانایانی دارایی گشتی ئەم موڵکانە بە بابەتێکی گرنگ دادەنێن و بە سەرچاوەیەکی گرنگی دەسهاتی گشتیش دەژمێردرێ و ئەم جۆرە لە موڵکەکانی دەوڵەت بەکاردەهێنرێ بۆ بەکارخستنی ئابووری و بەدی هێنانی دەسهات وەکو زەوی خانوو بەرە و پرۆژەی پیشەسازی و بازرگانی لە دەرامەت و سامانەکانی کاغەزە داراییەکان (الاوراق المالیە)، دەتوانین دەسهاتی دەوڵەت دابەش بکەین بە گوێرەی خاوەندارێیەتی سروشتی سەرچاوەی دەسهات .

دەسهاتی موڵکەکانی دەوڵەت دابەش دەبێ بۆ :

أ – دەسهاتی دەرامەتە سروشتییەکان و سامانی خانوبەرە:

مەبەست لە سەرچاوە سروشتییەکان، زەوی کشتوکالی و دارستان و رووبار و کانزاکان کە لە ناو جەرگەی زەویدا هەن ، بەلاّم سامانی خانووبەرە بریتییە لە زەوی و زار و خانووبەرەی نیشتەجێبوون کە دروست کراون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون و ئەو موڵکانەش دەسهات بۆ دەوڵەت بەدەست دەهێنن و دەچنە خەزێنەی دەوڵەت.

موڵکی دەوڵەت لە زەوی بەکۆنترین موڵکی گشتی دادەنرێت، ئەو زەویانە کە بەر لە دەرکەوتنی دەوڵەت لە لایەن کۆمەڵگەوە بەڕێوەدەبران، دوای دەرکەوتنی دەوڵەت ئەو موڵکانە بوونە موڵکی دەوڵەت، بە تێپەڕبوونی رۆژگاریش موڵکەکانی دەوڵەت لە زەوی وزار کەمبوونەوەو ،تاکەکان بەشێکی زۆریان کەوتە ژێردەستی لە پێناو سوود لێ وەرگرتنی.

ب – دەسهاتی دەوڵەت لە پرۆژە پیشەسازی و بازرگانییەکان:

پـرۆژە پیشەسـازی و بازرگانییـەکان دەسـهاتێکی گـرنگ بـۆ دەوڵـەت دەسـتەبەر دەکـەن، وئەمـەش لـە رێگـەی گرنگـی دان بـە بـوارە جـۆر بـەجۆرەکانی بەرهـەمهێنان ودام ودەزگـای بەرهەمـداری، لـەو پرۆژانـەش پرۆژەکانی گواستنەوە بە شەمەندەفەرو کارەبا و گازو بانکەکان.

ج – دەسهاتی دەوڵەت لە دەرامەتە داراییەکان:

مەبەسـت لـە دەرامـەتی دارایـی جانتـای دەوڵەتـە لـە پشـك وقەباڵـەکان کەدەسـهاتێکی دارایـی بـۆ دەسـتەبەر دەکـات وەکـو قـازانج لـە کـرین وفرۆشتنی کاغەزە داراییەکان لە بازاڕی داراییدا و ئەو سووی قەرزیش کـە لە تاك و دەزگاکان وەری دەگرێ، ئەو سـووی ئـەو پارانـەی کـە دەوڵـەت بانکەکانی داناوە.

دووەم – باج Taxation

باج یەکێکە لە سەرچاوە پێشەنگەکانی دەسهاتی گشـتی، دەوڵـەتان هـەر لـە کۆنەوە پشتیان پێ بەستووە بۆ دابینکردنی خەرجی گشتی بەهەر شـێوازێك بێت.

باج پێناسە دەکرێت کە:

– سـەپێنراوێکی نەختینییـە کـە دەوڵـەت بـە زۆرەملـێ بـە سـەر تاکـەکانی کۆمەڵگـە بـەبێ بەرامبـەر دەیسـەپێنێت لـە پێنـاو پڕکردنـەوەی خـەرجی گشتی و بە دەستهێنانی ئەو ئامانجانـەی هـەڵقوڵاوی فەلسـەفەی سیاسـی دەوڵەتن.

ئامانجەکانی باج:

باج هەوڵدەدات بۆ دەستبەرکردنی ئامانجی جۆراوجۆر بە پێی هـزری (بیری) دارایی:

أ – ئامانجی دارایی:

ئامانجی دارایی باج بریتییە لە دەستەبەرکردنی دارایی بۆ پڕکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانی دەوڵەت کە پێویستە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکـەکانی، وئـەم ئامانجە ئامانجی کۆن (کلاسیکی) باجە.

ب – ئامانجی ئابووری:

باج بەپێی هزری دارایی ئەم هاوچەرخ دەکرێت ئامرازێکی لە بار بێ بـۆ هێنانـــەدی ئامانجـــە ئابوورییـــەکان، لـــە تـــەرخانکردن و دابەشـــکردن و وسەقامگیری وپەرەسەندن.

ج – ئامانجی کۆمەڵایەتی:

باج بۆ بەدیهێنانی ئامانجی کۆمەڵایەتی بەکاردێت وەك دووبارە دابەش کردنەوەی داهات و سـامانەکان، و چارەسـەرکردنی کێشـەکانی بـێ جێگـەیی نیشتەجێبوون و پەرەپێدانی لادێ، ودژایەتی کردنی هەندێك دیاردەی نەشیاو بەواتا باج بەکاردێت بۆ:

١– دووبارە دابەشکردنەوەی داهـات ولـەپێناو کەمکردنـەوەی جیـاوازی لـە نێـوان داهاتەکان.

٢– بەرەوپێشەوە بردنی کۆمەڵگە، لێرەدا بەکاردێت بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی .

٣– چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە وەك کەمی خانوو بۆ نیشـتەجێبوون، بـە هۆی سەپاندنی باجێکی زۆر لە سـەر باڵەخانـەی بـەتاڵ و لێخۆشـبوون لـە بەشـێك یاخود هەموو باجەکە لەسەر کەرتی وەبەرهێنانی خانووبەرە.

جۆرەکانی باج:

یاسا دانەری باج یاخود یاسادانەری ئەو ماددانەی دەچنە ژێر بابەتی (دەفری) باج و ئەو قەبارانەی باج دەیانگرێتەوە، پاش ئەوەی یاسا دانەر ئەو ماددانە هەڵدەبژێرێ ، پێویستە پشت بە شێوازێکی دیاری کراو ببەستێ لەدیارکردنی نرخی باج وچۆنیەتی باجەکەش بخەملێنری وشێوازی وەرگرتن و لێکۆڵینەوە لەبارەی دیاردەی خۆدزینەوە لە باج و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی و کەم کردنەوەی .

– دەفری باج: بریتییە لەو ئەندازەیەی کە (بابەت وماددەی باج لە سەری دەسەپێنرێت) لەکاتی ئێستادا بریتییە لە سامان، دەفری باج لەگەڵ سەرچاوەی باج جیاوازی هەیە.

– سەرچاوەی باج: بریتییە لەو سامانەی کە بەهۆی باجەوە دەدرێ واتە ئەوەی دەکەوێتە ژێر سنووری باجەوە، هەرچی (سەرچاوەی سەرەکیە) ی باج بریتییە لە داهات بەوپێیەی باج سەپێنراوێکە بەردەوام لە نوێ بووندایە. دواتر لە سامانی نوێ وەردەگیرێ و جاروباریش گەر داهات توانای کەم بوو ئەوا لە سەرمایە وەردەگیرێ .

بە واتا دوو جۆرە باج هەیە یاخود میری بەدوو رێگە باج لە داهات و سامان وەردەگرێ :

– باجی راستە وخۆ Direct Tax

– باجی نا راستەوخۆ Indirect Tax

نرخی باج: The Tax Rate

ئەوەی لە دەفری باج وەردەگیرێ بەنرخی باج دادەنرێ ، نرخی باج بریتییە لە رێژەی باج لە دەفری باجەکە. نرخی باج بە دوو قۆناغدا تێدەپەرێ، بریتین لەمانە :

١ - قۆناغی باجی دابەشکراو:

یاسا دانەری باج لەو قۆناغە بری باجەکە دیاری دەکات، ئینجا جوگرافیانە بەپێی پارێزگاکان دابەشی دەکات ، ئابووریانەش بەپێی توانای تاکەکانی ئەم پارێزگایانە دیاری دەکات.

٢- قۆناغی باجی پێوانەیی:

لەم قوناغەدا سێ جۆری باج بەدی دەکرێ وەك باجی رێژەیی ، وباجی هەڵکشاو، و باجی داکشاو .

باجی رێژەیی: نرخی ئەم جۆرە نەگۆرە ، هەر چەندە بنەمای (دەفری باج) باج زیاد وکەم بێت.

باجی هەڵکشاو: رێژەی باج زیاددەکات بە پێی زیاد بوونی بنەمای باجەکە.

باجی داکشاو: نرخی ئەم جۆرە نزم دەبێتەوە بە زیادبوونی بنەمای باجەکە.

خۆ لە باج لادان و راکردن لە باج: And Tax Evasion Tax Avoidance

کەسێکی ئاسایی یان مەعنەوی کە باجی دەکەوێتە سەر، دەیەوێ ئەرکی سەر شانی لە باجدان کەم بکاتەوە دەبێ بە زۆر بیدات لە کاتی دانی باج خۆی دەدزێتەوە بۆیە پشت بەهەموو رێگایەك دەبەستێت تا باج نەدات، ئەگەر ئەو هۆکارانە رەوا بوون باجدەر خۆی لێ بدزێتەوەو ئەوە پێی

دەوترێت **(خۆ لە باج لادان)** Tax Avoidance، و ئەگەر هاتوو ئەم ڕێگایانە ڕەوا نەبوون پێی دەوترێت ڕاکردن **(خۆ دزینەوە)** لە باج Tax Evasion.

لە هەمان کاتدا ڕاکردن (خۆ دزینەوە) لە باج پێناسە دەکرێت بە:

- گوێ پێ نەدان بە یاسای باج .
- نەدانی باج یان دواخستنی بەبێ هیچ پاساوێك .
- باجدەر هەوڵدەدات تەواوی باج یان بەشێکی نەدات پاش ئەوەی دەرکەوتووە کە دەبێت باج بدات .

ڕاکردن لە باج زۆر شێوەی هەیە، کە ئەمانە هەندێکیانن :

١- دواکەوتن لە کردنەوەی فایلی باج.

٢- دان پێنەنانی باج.

٣- زێدەڕۆیی لەو بڕە پارانەی کە دەبێت کەم بکرێتەوە.

٤- ئاودیوکردن (تهریب).

٥- گەندەڵی.

٦- شاردنەوەی ئەو پارانەی کە دەچنە ژێر ڕکێفی باج.

لەمانە دەردەکەوێت ڕاکردن لە باج پرۆسەیەکی ناپەسەند و فراوان وڕێ بزرکردنە بەسەر دەقە یاساییەکان بە ئامانجی نەدانی ئەو بڕەی کە لە ئەستۆی (ذمة) باجدەر دایە وەکو باج .

سێیەم – ڕەسم(میرانە): Duties

(**بڕێك پارەیە كە دامەزراوەكانی دەوڵەت لەبەرامبەر خزمەتگوزارەیەك پێشكەشی دەكات وەریدەگرێت**)، ڕەسم بەگوێرەی ئەو بەرەو پێش چوونەی كە لە دارایی دەوڵەتدا ڕوویداوە بەشێوەی نەختینە وەردەگیرێت، بەمەش ناكری ڕەسم بەشێوەی زیندەماڵ یاخود بۆ ماوەیەك لەلای كار بكات لەجیاتی ڕەسم بدرێتە دەسەڵاتی دارایی، هەروەها ڕەسم بەوە دەناسرێتەوە كەبەزۆرەملێیەو دەتوانین جیاوازی لەنێوان دوو جۆر سەپاندنی ڕەسم بكەین:

أ- سەپاندنی یاسایی:

ئەم سەپاندنە كاتێك دەبێت كە تاك بەگوێرەی یاسا ناچار دەكرێ بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری وەكو خوێندنی بەزۆری و پێویستە ڕەسمی پەروەردەیی بدات.

ب- سەپاندنی مەعنەوی:

ئەو ڕەسمە لەسەر خواستی كەسێك وەردەگیرێت كە داوای خزمەتگوزارییەك دەكات، بۆ وەرگرتنی ئەم خزمەتگوزارییە هیچ ناچاریەكی(زۆرەملێ) یاسایی تێدا نییە، بۆ نموونە بەدەستهێنانی خزمەتی خوێندنی زانكۆ، ڕەسمەكە بەزۆری وەردەگیری، ڕەسم بەرامبەر پاداشتێك وەردەگیرێ كە حكومەت پێشكەشی دەكات، ئەم خزمەتگوزارییە چەند جۆرێكی هەیە وەكو هەوڵدانی فەرمانبەرێك بۆ مۆركردنی بەڵگەنامەیەك یان گرێبەستێك، یاخود بەگوێرەی یاسا دەبەخشرێتە كەسێك وەكو مۆڵەت وەرگرتنی شوفێری وبینا دروستكردن.

چوارەم – قەرزی گشتی: Public Loans Borrowing

پێناسەیەکی زۆر بۆ قەرزکراوە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین:
(گرێبەستێکە کە دەوڵەت و یان یەکێك لەدامەزراوە گشتییەکان لەگەڵ جەماوەر یان لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە دەیبەستێ و پەیمان دەدات بە دانەوەی بڕی قەرزەکە وسوودەکەی تا ماوەی قەرزەکە تەواو دەبێ، ئەمەش بەگوێرەی ئەو فەرمانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتییەوە دەردەچێ).

قەرزی گشتی و گرێبەست:

لە هەموو گرێبەستێك دوولایەن هەیە و گرێبەستی قەرز وەکو لایەنی یەکەم دەوڵەتە یان یەکێك لە دامەزراوە گشتییەکانە، ئەو لایەنەی قەرز وەرگرە، ولایەنی دووەم جەماوەرە (خەڵك) یان دەوڵەتێکی تر، ولایەنی قەرزدەر لایەنی یەکەم پەیمان دەدات بە دانەوەی بڕی قەرزەکە لەماوەو کاتی خۆیداو پێدانی سووی قەرز تا ماوەکەی تەواو دەبێت، بەڵام لایەنەکەی دیکە پەیمان دەدات پێدانی قەرزەکە بەلایەنی یەکەم.

جیاوازی لە نێوان قەرز و باج:

قەرزو باج هەردووکیان لەیەکتری نزیکن، چونکە سەرچاوەیەکن لەسەرچاوەکانی دەسهاتی گشتی ، بەڵام لەمانەی خوارەوەدا جیاوازن :

١- تەرخانکردن:

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی باجی کۆن (ئاسایی) ئەوە بوو دەسهاتەکە تەرخان نەکرابوو بەواتا بۆ جۆرە خەرجیەك تەرخان نەکرابوو بە پێچەوانەوە قەرز کردن دەسهاتێکە بۆ خەرجیەکی تایبەت تەرخان دەکرێ.

٢-بەرامبەری (مقابل):

باج سەپێنراوێکی بێ بەرامبەرە، کەچی قەرز لە بەرامبەریدا سووێکی دیاریکراوی هەیە وەك وەرگرتنی سووی قەرزەکە لەو کەسانەی قەرزەکە وەردەگرن.

٣-ویست (الأرادە):

باج بەتەنها ویستی دەوڵەت لەسەر بنەمای هاوکاری کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لە کاتێکدا قەرز لەسەر بنەمای گرێبەست و رێککەوتنە.

٤-سروشتی دەسهات:

باج دەسهاتی کۆتایی دەوڵەتە، بەڵام قەرز دەسهاتێکی کاتی دەوڵەتە تەنها لەکاتی تەواوبوونی ماوەی قەرزەکە وەردەگیرێت، لە کاتێکدا کە باج تەنها لەکاتی وەرگرتنی کاریگەری لەسەر دەسهات دەکات، بەڵام قەرز کاریگەری لەسەر لایەنی دەسهاتی بودجە دەکات لەکاتی وەرگرتنی و، کاریش دەکاتە سەر لایەنی خەرجی لەکاتی دانەوەی قەرزەکە.

جۆرەکانی قەرز:

قەرز دابەش دەکریێ بۆ چەند جۆرێك :

یەکەم – بە گوێرەی ماوەی کاتی (درێژ، مام ناوەندی ، کورت):

قەرزی کورتخایەن: بەم قەرزە دەگوتریێ قەرزی بەردەوام، ئەم قەرزە ماوەکەی کورتەو لەساڵێك تێناپەڕیێ، دەوڵەت ئەم قەرزە بۆ چەند مەبەستێك دەکات:

کەمبڕستی نەختینەیی: کە لە ماوەی ساڵێکی داراییدا روودەدات ، لەم حاڵەتەدا دەوڵەت هەڵدەستیێ بەدەرکردنی قەباڵەی گەنجینەی گشتی.

کەمبڕستی دارایی: بریتییە لە زیادبوونی خەرجی لە چاو دەسهاتەکان، بۆیە دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی هەڵدەستیێ بە دەرکردنی قەرز بۆ ماوەیەکی کورت بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە لەبازاڕی داراییدا هەیە، لەم حاڵەتەدا دەوڵەت قەباڵەی گەنجینەی نا ئاسایی دەردەکات.

قەرزی ناوەندی و قەرزی درێژخایەن: هیچ جیاوازیەکی ورد لە نێوانیاندانییە لەلایەنی درێژی ماوەکەی دەتوانین بڵێین قەرزی مام ناوەندی ماوەکەی لە نێوان سالێك و(٥ – ٧)ساڵ دایە و هەندیێ جار دەگاتە ١٠ساڵ، بەڵام قەرزی درێژخایەن ماوەکەی لە ماوەی قەرزی مام ناوەندی درێژترە ولەم ماوەیە تێدەپەڕێت. هەردەم بۆ ئەم پێداویستیانەبەکاردێت:

١– بۆ پارەدارکردنی پرۆژەکانی گەشەسەندن و پەرەپێدانی ئابووری .

٢– پارەدارکردنی خەرجی جەنگ و پڕکردنەوەی هەندیێ خەرجی بەرگری نیشتمانی.

قەرزی ماوە کورت پێشی دەڵێن قەرزی کاتەکی یان بۆ بەکاربردن، بەهەردوو قەرزی (مام ناوەندی وماوەدرێژ) دەگوتریێ قەرزی هەتا هەتایی یاخود چەسپاو.

دووەم – قەرز بەگوێرەی سەرچاوە (ناوخۆی و دەرەکی):

قــەرزی نــاوخۆ: بریتییــە لــەو قــەرزەی کەدەوڵــەت لــە ڕێگــەی دەرکردنــی قەباڵەکان، لە کەسانی ئاسایی یان مەعنەوی وەریان دەگرێت واتـا قەرزەکـە لە بـازاڕی نـاوخۆی دەوڵـەت دەکـرێ. بـە قـەرزی نـاوخۆ دەگـوترێ (قـەرزی نیشتمانی)، کە بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردێت:

١–رووبەڕووبونەوە و پارەدارکردنی خەرجیەکانی جەنگ.

٢–پارەدارکردنی پرۆژەکـانی نۆژەنکردنـەوە و بونیادنانـەوەی دامـەزراوەکان کە بەر کارەساتی سروشتی یان جەنگیەکان کەوتوون.

٣– کەمکردنەوەی قورسایی قەرزی گشتی دەرەکی لەسەر شانی دەوڵەت.

قەرزی دەرەکی: بریتییە لەو قەرزانەی دەوڵـەت لـە کەسـانی ئاسـایی یـاخود دەوڵەتانی دیکە وەری دەگرێت، ئەم قەباڵانـەش لـە بـازاڕی دارایـی دەرەکـی دەردەکرێ .

گرێبەستی قەرزی دەرەکی بە هۆی:

١–کاتێـك پاشــەکەوتی نـاوخۆ(خۆماڵییــەکان) یـاخود ســەرمایەی نـاوەخۆ نەتوانێ پرۆژەکانی بەرهەمهێنان دابمەزرێنێ.

٢–کاتێـك دەسـهاتەکانی دەوڵـەت لـە پـارەی بیـانی نـەتوانێ چـارە سـەری لاسەنگی تەرازووی پارەدان بکات.

سێیەم– بە گوێرەی شێوازی قەرزدانەکە(بەئارەزوو، زۆرەملێ):

بنەمای ئارەزوومەندی جیاوازییەکی بنەڕەت لە نێوان باج و قەرزە کاتێك بنـەڕەتی گەڕانەوەی بۆ قەرزی ئارەزوومەندانە.

أ- قەرزی ئارەزوومەندانە: ئەو قەرزەیە کە دەوڵـەت بڕەکـەی و مەرجـەکانی (سوو) وماوەی دانەوەکەی ئاشکرا دەکات ئینجا سەربەستی بە خەڵك دەدریٚ کە بە ئارەزووی خۆی قەرز بدات یان نەیدات.

ب- قەرزی زۆرەملیٚ: ئەو قەرزەیە کە دەوڵەت بە پێـی ئـەو دەسـەلآتەی کـە هەیەتی بە زۆرەملیٚ لەخەڵکی وەردەگریٚت بەبیٚ رەزامەندی کەسـەکان، واتـە خەڵك ناچار دەکات بە قەرزدان.

رۆڵی سەرچاوەکانی داهات:

یەکەم: ڕۆڵی باج لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان:

لە سەر رامیاری دارایی پێویستەگرنگی رۆڵی باج دیار بکات، پێویستـە باج کار بکات بۆ کەمکردنەوەی بەکاربردن و پێکهێنانی پاشەکەوت و هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت و پاراستنی پیشەسازی نیشتمانی.

هـەروەها دەوڵـەت دەتـوانیٚ لـە هەنـدیٚ پـرۆژەی وەبـەرهێنان خـۆش بـیٚ، بەمەبەستی هاندانیان ،کە دەوڵـەت بـەکارێکی پێویسـت وگرنگـی دەزانـیٚ لـە بواری پەرەپێدانی ئابووریدا ئەو باجەی لە سەر داهات سەپێنراوە وەرنەگریٚ یاخود لە رەسمی گومرگی سەر ئەو شمەکانە خۆش بێـت، رەسمـی گـومرکی پیشەسازی نیشتمانییە تازە دامەزراوەکان Infant Industry دابین دەکات لـە بەرامبەر کەل وپەلی پیشەسازی بیانی، ئەمەش بازاڕی ناوخۆ فراوان دەکـات لەبەردەم پیشەسازی نیشتمانی (هەرچەندە ڕێکخراوی بازرگـانی جیهـانی بـۆ پاراستنی دژایەتی دەکات).

دووەم – کاریگەری (شوێنەواری) ئابووری قەرزی گشتی:

١–قەرزی گشتی دەبێتە هۆی دووبارە دابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی لە نێوان بەکاربردن و پاشەکەوتکردن، کە لە بەرژەوەندی پاشەکەوتکردنە چونکە هانی ئەو کەسانە دەدات کە پاشەکەوتی بچوکیان هەیە پاشەکەوت بکەن.

٢–ئەو قەرزەی کە بانکەکان دەیدەنە دەوڵەت ڕێژەی قەبارەی نەختینەیی لە دەستاودەست کراو زیاددەکات، ئەمەش ئاسەواری(شوێنەواری) هەڵاوسانیی Inflationary Effects خراپی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان لێ دەکەوێتەوە هەروەها لەو وڵاتانەی کە لە باری خستنەگەری تەواویدان.

٣– قەرزی گشتی کاریگەرییەکی گرنگی لە سەر ئاستی داهاتی نەتەوەیی دەبێت (جا چ لە حاڵەتی خستنەگەڕی تەواوبن یان نا) ، ولەسەر سروشتی خەرجی گشتی کە ئەم قەرزەی بۆ کراوە.

٤–بە فراوانبوونی قەرزی گشتی، کاردەکاتە سەر پەرەسەندنی بازاڕی نەختینەیی و دارایی وپەرەسەندنی ئەو بازاڕەش هۆکارێکی گرنگ و سەرەکییە لە هۆکارەکانی پەرەپێدانی ئابووری لە میانەی ئابووری بازاڕدا.

پێنجەم: کاریگەری ئابووری پارەی تازە دەرکراو:

سکەلێدان (الاصدار الجدید Issue): بریتییە لە دەرکردنی پارەی نوێ، ئەم پارە نوێیەش کار لە زیادکردنی هۆکارەکانی پارەپێدان (وسائل الدفع) دەکا، دواجار خواستی هەمووەکی لەسەر شمەکی بەکاربردن زیاد دەکات،

خستنەرووی ئەم شمەکانەش لە ئاستی ئەم زیادە بەکاربردنە نییە، ئەمەش وا دەکات نرخەکان روو لە بەرزبوونەوە بکەن و هێزی دراو روو لە نزمبوونەوە بکات و ئەمەش دەبێتە هۆی:

١-بەرزبوونەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان.

٢-بەرزبوونەوەی نرخی هەناردەکان و دروستبوونی کۆسپ لە بەرامبەری.

٣-دابەزینی بەهای دراو لە دەرەوە.

٤-بەرزبوونەوەی نرخەکانی هاوردە و زیان گەیاندن بە تەرازووی پارەدان.

سەبارەت بە ولاّتانی تازە پێگەیشتوو کە خاوەنی ئامێرە نوێی بەرهەمهێنان نین هەمان شتە، زیادبوونی بڕی دراو کاریگەری لەسەر خواستی هەموەکی دەبێت بەبێ زیادبوونی بەرهەمهێنان، واتە ئامێرەکانی بەرهەمهێنان ناتوانن زیادبوونی خواستی هەموەکی پڕبکەنەوە.

بۆ ئەوەی ولاّتە تازەپێگەیشتووەکان سوود لە پارەی تازە دەرکراو وەربگرن بۆ پارەدارکردنی گەشەپێدانی ئابووری ، دەبێت دوو مەرجی سەرەکی هەبێت :

یەکەمیان: پارەی تازە دەرکراو دەبێ بۆ وەبەرهێنان تەرخان بکرێت تا وەکو شمەکی بەکارهێنەکی بەرهەم بهێنرێت ، بەو مەرجەی نابێت ماوەی بەرهەمهێنان درێژبێت.

دووەمیان: پارەی تازە دەرکراوەکە دەبێت بەبڕی بچووک و لەیەکتر نزیک نەبێت.

ئەمەش مانای وایە ولاّتە تازە پێی گەیشتووەکان ناتوانن بە شێوەیەکی فراوان پارەی تازە دەربکەن بۆ گەشەپێدانی ئابووری ، چونکە پەنا بردنە بەر ئەو کارە مەترسییەکی گەورەی بە دواوەیە .

چوارەم: بوجەی گشتی Public Budget

بوجەی گشتی Public Budget رەنگدانەوەی فەلسەفەی ئابووری هەر سیستەمێکی رامیارییە. بودجەی گشتی هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنی دەوڵەت و بیری (هزری) ئابووری پێشکەوتووە .

بوجەی گشتی پێناسە دەکرێت:

- بوجەی گشتی : (**بەڵگەنامەیەکی خەملاندنی خەرجیەکانی دەولەت و دەسهاتەکەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە ماوەکەش زۆر جار ساڵێکە، خەملاندنی بوجەش لە ژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی دەسەلات دەبێت**) .

بودجە هەر تەنها ئامرازێکی دارایی نییە ، بەڵکو ئامرازێکە دەوڵەت لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی رامیاری دارایی بەکاری دێنێت کە لە پێناو سەقامگیری ئابووری و گەشەپێدانی ئابووری بەکاری دێنێ تاکو پاشەکەوت رێکبخا و بەکاربردن ئاراستەبکرێت و توانای تاکە کەس و ئارەزووی بۆ کار بەرزکاتەوە .

بودجەی گشتی لە سەر دوو پێگە وەستاوە ، بریتین لە :

١- خەملاندن: خەملاندنی بڕی ژمارەی چاوەڕوانکراو کەلە هەموو سەرچاوەکان بەدەست دێت، هەروەها لایەنی خەرجی گشتی لە ماوەی داهاتوودا کە (یەك ساڵە).

٢ - ڕێپێدانی دەسەڵاتی یاسادانان: یا ئەوەی ڕێگەی پێدراوە بۆ یاسادانان واتا لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان یا ئەو دەسەڵاتەی ڕێگەی پێدراوە بودجەی گشتی پەسەند بکرێ.

ڕێسا گشتییەکانی بودجەی گشتی:

پێویستە لەکاتی ئامادەکردنی بودجەی گشتیدا، ڕەچاوی چەند ڕێسایەکی گشتی بکرێ کە یاسای زانستی دارایی گشتیدا هەیە، ڕێساکان ئەمانەن :

١. ڕێسای یەکبوون:

پێویستە یەك بودجە دابنرێت ولەم بودجەیەدا هەموو خەرجیەکانی دەوڵەت و هۆیەکانی پارەدارکردنی تیایدابێت بەواتا دەوڵەت یەك بودجەی گشتی هەبێت تا بە ئاسانی پلانی دارایی دەوڵەت(بەچاو لێکردنێك بزانرێ)، چونکە بودجەی زۆر کاری پیشاندانی بنەماکانی بودجەکە بەشێوەیەکی روون بەدیار ناخات و ژماردنەکە تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت.

٢. سەرلەبەری (گشتگیری) بودجە:

ئەم ڕێسایە لەسەر ئەم بنەمایە وەستاوە کە شێوازی بودجەی پوخت پەیڕەو نەکرێت، واتە بڕین لەنێوان خەرجی و دەسهاتە گشتییەکان نەکرێت. بە واتا هەموو خەرجییەکان وهەموو دەسهاتەکانیش بەبێ لێدەرکردن بنووسرێن، ئەمەش چالاکی دەسەڵاتی گشتی وەك خوێ دەردەخات و دەسەڵاتی یاسادانانیش دەتوانێ چاودێری ئەم جێبەجێ کردنەی بودجە بکات .

٣. ڕێسای تەرخان نەکردن:

ئـەم ڕێسـایە بریتییـە لـەوەی کـەنابێت دەسـهاتێکی دیـاری کـراو بـۆ خەرجیەکی دیار کراو تەرخان بکرێت، بەڵکو تـەواوی دەسـهاتەکان لـە لایـەك کۆ دەکرێتەوە و لە بەرامبەری دا لە لایەکەی تر هەموو خەرجییـەکان دیـاری دەکریٚ ، کە هەموو خەرجیەکانی تایبەت بە ساڵی دارایی دەگرێتەوە.

٤. ساڵانەیی بودجە:

واتە ئەو ماوەیەی کە بودجـە لـە خـۆ دەگـریٚ بریتییـە لـە یـەك سـالٚ، نابێت مەرج دابنرێت ئەو ساڵە لەگەلٚ ساڵی زایینی بێت، بەڵکو ساڵەکە بەپێی بـارودۆخی هـەر دەوڵـەتێك دەستنیشـان دەکرێـت، ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت سـەرەتای سـاڵی دارایـی لـە نێـوان دەوڵـەتێك بـۆ دەوڵـەتێکی تـر بـە پێـی سیستەمی یاسادانانی و کارگێڕییەکەی جیاوازیان هەیە.

٥. هاوسەنگی بودجە:

مەبەست لە هاوسەنگبوونی بودجـەی گشـتی ئەوەیـە نابێـت دەسـهاتە گشـتییەکان لـە خەرجییـە گشـتییەکان زیـاتر بێـت و بـە پێچەوانەوەشـەوە، بەواتا کاتی بودجـە هاوسـەنگ دەبـیٚ کـە دەسـهات و خـەرجی یەکسـان بـن، ئەگـەر لـە بارێکدا دەسـهاتەکان لـە خەرجیـەکان زیـاتر بـوو یـاخود لـەکاتی ناهاوسەنگیدا کە خەرجیـەکان لـە دەسـهاتەکان زیـاتر بـوو ئـەوە کورتهێنـان (عجز) دێتە ئاراوە. لەم بارەشدا دەوڵەت ناچـارە پـەنا بـۆ قـەرزی نـاوەوە و دەرەوە ببـات بـۆ ئـەوەی ئـەم کـورت هێنانـە چارەسـەر بکـات ، ڕەنگـە یەدەگەکانی بەکاربێنێت یاخود پەنا بۆ هۆکاری دیکە وەك (دەرکردنی پارەی تازە) ببات.

ڕێکخستنی بودجە:

بودجە بە قوناغی جیاجیا تێدەپەڕێت تا دەگاتە کۆتایی ساڵی دارایی کە بەگوێرەی پلانێك خەملێندراوە، دواتر گفتوگۆ لەسەر هەموو ئەو کاروبارانە دەکرێت کە دەبێت لە ماوەی ساڵی دارایی ئامادە بۆکراو بە دەست بێنێت، بە گشتی بودجە بەم قوناغانە تێدەپەڕێت : (قۆناغی ئامادەکردن و خۆسازدان، قۆناغی هەڵسەنگاندن و پەسەندکردن ، قۆناغی جێبەجێکردن، قۆناغی چاودێری و پێداچوونەوە).

١- قۆناغی ئامادەکردن و خۆسازدان:

ئامادەکردن و سازکردنی بودجەی گشتی لە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، لەم قۆناغە وا پێویستە دەسهاتی گشتی پێشبینی کراو و خەرجی گشتی پێشبینی کراو بۆ ماوەی ساڵی دارایی داهاتوودا دیاری بکری.

بیانووی زۆر بۆ ئەم کارە هەیە:

أ- بەدیهێنانی ئامانجی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئەستۆی حکومەتە، کە ئەمەش پێویستی بە پرۆگرام سازی و رامیاریەکی گونجاو هەیە بۆ بەدیهێنانی بەم ئامانجە ، وبۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرام و رامیاریە و ئەرکانەی سەرەوە پێویستی بە پارەدارکردنی پێویست هەیە بۆ سەرکەوتنی کارەکەی.

ب- حکومەت ئامێر و توانی هونەری و بەڕێوەبردنی بەهێزی هەیە بۆ دیاریکردنی توانای کەرت و چینەکان لە هەڵگرتنی قورسایی داراییدا و ئەمەش وا دەکات سەرچاوەکانی دەسهات دیار بکرێ .

ج- حکومەت دەتوانێ پێویستییەکانی کۆمەڵگە بزانێ بۆیە کاری ئامادەکاری لەئەستۆ دەگرێ و ئامادەکردنی خەملاندنی (کە

لەبچووکترین (کەم دەسەڵاتترین دامەزراوی حکومەت دەست پێ دەکات) دا کە دەبێت پابەند بێت بە خەرجی گشتی و پێشبینی بۆ دەسهاتی خەمڵێنراو بکات لە ماوەی ساڵی دارایی پێویست لە ئامادەکردنی بودجەدا.

٢- قۆناغی هەڵسەنگاندن و پەسەندکردن (ڕێگەپێدان):

دوای ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی گشتی، ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەکە دەخاتە بەردەم دەسەڵاتی یاسادانان، کە ئەویش هەڵدەستێ بەڕەوان کردنی بۆ هەڵسەنگاندنی لیژنەی دارایی کە لە چەند ئەندامێکی پەرلەمان پێك هاتووە، کە ئەوانیش پێشنیارەکانیان بۆ دەسەڵاتی یاسادانان بەرز دەکەنەوە بۆ پەسەندکردنی بودجەکە، پاشان پێشنیار لەسەر بەشەکان و بودجەکە بەتەواوی دەکرێت بۆ ئەوەی ببێتە یاسایەك، بەمەش بودجەکە ڕێگەی پێدەدرێ جێبەجێ بکرێ .

٣- قۆناغی جێبەجێکردن :

مەبەست لێ ی هەڵسان بە کۆکردنەوەی دەسهاتە گشتییەکان و خەرج کردنی هەر چۆن لە بودجەی پەسەندکراودا هاتووە، لەبارەی دەسهاتەکانەوە هەموو دامەزراوەکانی حکومەت دەسهاتی خۆی کۆ دەکاتەوەو مافی دەوڵەت لە دەسهاتەکە دیاری دەکری وقۆناغی کۆتاییش بریتییە لە جێبەجێکردنی خەرجییە گشتییەکان کە بڕی پارەکە خەرج دەکرێت.

٤- قۆناغی چاودێری و پێداچوونەوە :

دوای ئـەوەی بودجـەی گشـتی ئامـادە دەکـرێ و پەسـەند دەکـرێ و دەست دەکرێ بەجێبەجێ کردنی دەچێتە قۆنـاغی چـاودێری کـردن لەسـەر جێبەجێکردنی بۆ ئەوەی لـە بـاش بەڕێوەچـوونی دارایـی گشـتی و خراپـی و چاکیەکەی و خەملاندنی بووجە و چی لێ بەدەست هاتووە.

لایەنەکانی چاودێریکردنی دارایی زۆرن:

١- چاودێری پێشوەختە:

چـاودێری بـەر لـە خـەرجکردن واتـا ڕێگەنـەدان بـەهیچ جـۆرە خەرجیـەك، خەرجی تەنها دوای بەدەستهێنانی بڕیارێك لەلایەنی پەیوەندیدار لـە دەوڵـەت کە چاودێری خەرجییەکان دەکات.

٢-چاودێری دواتر یان سەردەمیانە(هاوچەرخانە):

ئەم چاودێریە دوای تەواوبوونی ساڵی دارایـی دەسـت پێدەکات ودوای دەرچوونی حسابی کۆتایی دەست پێ دەکات. کە چاودێریە لەسـەر خـەرجی و دەسهاتی گشتی (باج و رەسم) تا دڵنیا بین لەوەی کە لایەنی بـەڕێوەبردن کارەکـانی بەباشـی بـەڕێوە بـردوە، هـەروەها ئـەوەی بەدەسـتهێناوە بـۆ خەزێنەی دەوڵەت بووە.

٣-چاودێری کارگێڕی (خۆیەتی):

ئەو چاودێریە کە دەسەلاتی جێبەجێکردن لەسەر کارەکـانی دەیکـات، بۆیـە پێـی دەڵـێن چـاودێری (خۆیـەتی) کـە چـاودێری پێشـوەختە یـان پاشوەختەیە، لە خەرجکردن یان کۆکردنەوەی هەردووکیانە .

٤-چاودێری یاسادانان: (پەرلەمان)

ڕۆڵی دەزگاکانی یاسادانان تەنها پەسەندکردنی بودجەی گشتی نییە، بەڵکو چاودێری جێبەجێکردنیشی دەکات بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بزانێ تا چەند دەسەڵاتی جێبەجێکردن پابەندبووە بەو بڕە پارەیەی کە لە بودجەدا دانراوە، خۆی لەراستیدا چاودێریکردنی کاری دەسەڵاتی یاسادانانەکە وەك چاودێرێك سەیری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات.

٥-چاودێری بێ لایەن:

زۆربەی وڵاتان هەڵدەستن بەدانانی سیستەمی چاودێری بۆ جێبەجێکردنی بودجە، ئەمەش ئەم دەزگایانە دەیکەن کە باری دەستووری تایبەتیان هەیە، ئەم دەزگایە سەربەخۆیەو سەر بەدەسەڵاتی حکومەت نییە، ئەم سەربەخۆییەش وادەکات کە چاودێریکردنەکەی باشترو گرنگتر بێ لە چاودێری کارگێڕی ویاسادانان، چونکە دەستەیەکی سەربەخۆن وهیچ جۆرە فشارێکیان لەسەر نییەو ناکەونە بەر کاریگەری کەسان و دەستەو لایەنی تر بۆ شاردنەوەو ونکردنی زانیارییەکان، بۆ نموونە: دادگای ژمێریاری لە فەرەنساو ئیتاڵیاوبەلجیکاو دەزگای ناوەندی ژمێریاری میسرو چاودێری ژمێریاری گشتی لە ئینگلتەرا دیوانی چاودێری دارایی لە عێراق.

پرسیارەکانی بەشی پێنجەم

١. **پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:**

زانستی دارایی گشتی، خەرجی گشتی، دەسهاتی گشتی، باج، دەفری باج

سەرچاوەی باج، نرخی باج، خۆلادان لە باج، رەسم، قەرزی گشتی

بودجەی گشتی، چاودێری کارگێڕی .

٢. **دارایی دەوڵەتی پاسەوان چوو؟ زانایان چۆن بانگهێشتی ئەم قوتابخانەیان کردووە؟**

٣. **پەیوەندی زانستی دارایی گشتی لەگەڵ زانستەکانی دیکە چۆنە؟**

(ئابووری، رامیاری، یاسا، ئامار)

٤. **گرنگی زانستی دارایی گشتی لە ئابووری چییە؟**

٥. **گرنگترین ئەنجامەکانی کەڵەکەبووی دیاردەی دارایی وەکو دیاردەیەکی ئابووری چیە؟**

٦. **باسی جیاوازی نێوان دارایی گشتی و دارایی تایبەتی بکە؟**

٧. **ئەرکەکانی دارایی گشتی بەکورتی باس بکە.**

٨. **چۆن رامیاری دارایی کاریگەری هەیە لەسەر رێژەی پاشەکەوت؟**

٩. **باسی پێداویستیە گشتیەکان بکە .**

١٠. **بۆ حوکمدان لە سەر شمەکێك کە تایبەتە یان گشتییە چ جۆرە پێوەرێك بەکاردێت؟**

١١. **پێوەرەکانی دیارکردنی سروشتی پێداویستییە گشتییەکان ؟ لە گەڵ باسی هەر یەك لە پێوەرەکان .**

١٢. **مەرجەکانی خەرجی گشتی چین ؟**

١٣. **رێساکانی خەرجییە گشتییەکان بژمێرەو باسیان بکە .**

١٤. **باسی دابەشکردنی خەرجیە گشتیەکان بکە لەگەڵ کورتە باسێك بۆ هەر یەکەیان.**

١٥. **باسی هۆکارە راستەقینەکانی زیادبوونی خەرجی گشتی بکە .**

١٦. **باسی جۆرەکانی دەسهاتی گشتی بکە .**

١٧. موڵكەكانی دەوڵەت دابەش دەبێت بۆ چەند بەش ؟
١٨. جۆرەكانی دەسهات لە موڵكەكانی دەوڵەت چییە ؟
١٩. مەبەستەكانی باج چییە ؟ باسی هەر یەكەیان بكە .
٢٠. ڕۆڵی باج چییە وەك ئامرازێكی دارایی .
٢١. جۆرەكانی باج بژمێرەو، باسی یەكێكیان بكە.
٢٢. قۆناغـەكان كـە نرخـی بـاج پێـدا تـێ دەپـەڕێ بـژمێرەو ؟ لەگـەڵ دیـاركردنی شێوەكانی .
٢٣. بۆ چی خۆ لادان لە باج یاسایی یە ؟ بە شێوەیەكی تر ئەم بنەمایانەی چین بۆ حوكمدانی خۆلادان لە باج ؟
٢٤. شێوەكانی ڕاكردن لە باج بژمێرە. چۆن دەتوانین ڕاكردن لە باج پێوانە بكەین ؟
٢٥. جۆرەكانی ڕەسم بژمێرە وباسی جۆرێك لە جۆرەكان بكە .
٢٦. كەی دەوڵەت پەنا بۆ قەرزی گشتی دەبات ؟
٢٧. چۆن دەوڵەت قەرز دەردەكات ؟
٢٨. جۆرەكانی قەرز بژمێرە ولەگەڵ باس كردنێكی كورت بۆ هەر یەكەیان .
٢٩. باسی ڕۆڵی باج لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەكان بكە .
٣٠. باسی كاریگەری ئابووری قەرزی گشتی بكە .
٣١. باسی رۆڵی قەرزی گشتی بكە لە وڵاتی تازە پێگەیشتووەكان .
٣٢. باسی كاریگەرە ئابووری پارەی تازە دەركراو بكە .
٣٣. باسی ئەو بنەمایانە بكە كە بودجەی گشتی پشتی پێ دەبەستێ.
٣٤. ڕێساكانی بودجە گشتی بژمێرە وباسیان بكە .
٣٥. بۆ ڕێكخستنی بودجەی گشتی چەند فۆناغێك هەیە باسی قۆناغەكان بكە .
٣٦. باسی جۆرەكانی چاودێری بكە ، باسی هەریەكەیان بە كورتی بكە .

سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم

١. د. حامد عبدالمجيد دراز ، مبـادئ الماليـة العامـة ، مركـز الاسـكندرية للكتـاب ، الاسكندرية ، ٢٠٠٠ .

٢. د. طاهر الجنـابي ، دراسـات في الماليـة العامـة ، الجامعـة المستنصـرية ، مطـابع التعليم العالي ، بغداد ، ١٩٩٠ .

٣. د. عادل فليح العلي ، المالية العامة والتشريع المالي والضريبي ، الطبعـة الاولى ، دار الحامد للنشر والتوزيع ، عمان ، ٢٠٠٣ .

٤. د. عادل فليح العلي و طلال محمود كداوي ، اقتصاديات المالية العامة : المقدمـة في المالية العامة والنفقات العامـة ، الكتـاب الاول ، جامعـة الموصـل ، دار الكتـب للطباعة والنشر ، الموصل ، ١٩٨٨ .

٥. اقتصاديات الماليـة العامـة : الايـرادات العامـة والموازنـة العامـة للدولـة ، الكتـاب الثاني ، جامعة الموصل ، دار الكتب للطباعة والنشر ، الموصل ، ١٩٨٩ .

٦. د. عبدالهادي النجار ، اقتصاديات النشـاط الحكـومي : المبـادئ النظريـة العامـة وتطبيقات من دولة الكويت ، مطبوعات جامعة الكويت ، الكويت ، ١٩٨٢ .

٧. د. علي محمـد خليـل و د. سـليمان احمـد اللـوزي، الماليـة العامـة ، دار زهـران، عمان ، ١٩٩٩ .

٨. محمد سلمان محمد برواري ، ضريبة العقار ودورهـا في تمويـل الموازنـة العامـة في اقليم كوردستان العراق للمدة ١٩٩٣ – ٢٠٠٢ ، اطروحـة دكتـوراة غـير منشـورة ، جامعة صلاح الدين ، اربيل ، ٢٠٠٤ .

٩. د. محمود حسين الوادي و د. زكريا احمد عزام ، مبادئ المالية العامـة ، الطبعـة الاولى ، دار المسيرة ، عمان ، ٢٠٠٧ ،

١٠. هشام محمـد صـفوت العمـري ، اقتصـاديات الماليـة العامـة والسياسـة الماليـة ، الجزء الاول ، الطبعة الثانيـة ، جامعـة بغـداد ، مطبعـة التعلـيم العـالي ، بغـداد ، ١٩٨٨ .

١١. هشام محمـد صـفوت العمـري ، اقتصـاديات الماليـة العامـة والسياسـة الماليـة ، الجزء الثاني، الطبعة الثانيـة ، جامعـة بغـداد ، مطبعـة التعلـيم العـالي ، بغـداد ، ١٩٨٨ .

١٢. Edito Creps ، التـامين و التخطـيط و التنظـيم ، موسـوعة عـالم التجـارة ، بيروت، ١٩٩٩.

بەشی شەشەم

ڕێکخراوە ئابوورییە نێو دەوڵەتییەکان

INTER NATIONAL ECONOMIC ORGANNIZATIONS

ڕێکخراوی ئابووری بریتییە لە گەلەکۆمەیەکی ئابووری چەند لایەنیە و چوارچێوەیەکی کاری هاوبەشە کە لەسەر بنەمای هاوکاری ئابووری نێودەوڵەتی دامەزراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییە سەرەکییەکان بۆ بەدیهێنانی کەڵك و سوودی ئابووری هاوبەش بۆ لایەنەکانی گەلەکۆمەکیەکە.
دوو جۆر ڕێکخراوی ئابووریی هەن و ئێستا لەناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان دا لەکاردان و ئەمانەن:

١- ڕێکخراوە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان:

٢- ڕێکخراوە ئابوورییە هەرێمییەکان (ئیقلیمییەکان):

ڕێکخراوە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان: (بریتییە لەو گەلەکۆمەیە ئابوورییەی کۆڕبەستنی ژمارەیەك دەوڵەت کە تێیدا ئەندامن و کە ڕێباز و سیستەمی ئابووریان و ئاستی پەرەسەندنی ئابووریشیان جیاوازە و هەموجۆرەو وڵاتانی ئەندام هەندێ بنەماو بەڵگەنامە یان لەنێوانیاندا هەیە و پێویستە هەموو لایەنە بەشداربووەکە کاری پێبکەن و لێی لانەدەن بە مەبەستی هاریکاری و هاوکۆمەکی بۆ بەدیهێنانی ئامانج و کەڵك و سوودی هاوبەش، هەر ڕێکخراوێکیش لەو ڕێکخراوانە پسپۆڕ و لێزانە لە چارەسەرکردنی گرفتێك لە گرفتە ئابوورییەکانی نێوان دەوڵەتان) لە خوارەوەش هەندێ لەو ڕێکخراوە ئابوورییە نێودەوڵەتییانە کە ئەمڕۆ لە کاردان دەخەینەڕوو.

یەکەم – سندوقی دراوی نێودەوڵەتی:

ئەم سندوقەدوای کۆبوونـەوەی ساڵی ١٩٤٤ لـە ناوچـەی برتـۆن وودز لـە ئەمەریکا بە رەزامەندی ٣٠ وڵات دامـەزرا ولـە سـاڵی١٩٤٧ دەسـتی بـەکارەکانی کرد وئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی بریتین لە :

أ- بەدەســت هێنــانی ســەقامگیری نرخــی دراوەکــان لــە بازاڕەکــانی دراوگۆڕینەوەی بیانی.

ب- یارمەتیدانی وڵاتە ئەندامـەکان بـۆ چارەسـەرکردنی لاسـەنگی تـەرازووی پارەدانیان. **بۆ بەدیهێنانی ئـەم ئامانجانـە چـەندین ڕێوشـوێن لەلایـەن سندوقەکە وەرگیراوە لەمانەش:**

١ – دیاریکردنی نرخی دراوگۆڕینەوە بۆ دراوی وڵاتە ئەندامەکان لە بەرامبەر زێر یاخود دۆلار وسـندوق ڕێگـە بـە وڵاتـە ئەندامـەکانی دەدا نرخـی پـارەی خۆیـان هاوسـەنگ بکـەن بەمـەرجێ لـە ١٪ی نرخـی بنچـینەیی زیـاتر نـەبێ، بـە بـێ دەسـتتێوەردانی سـندوق، بـەڵام گـەر لـەم ڕێژەیـە زیـاتر بـوو پێویسـتی بـە رەزامەندی سندوق دەبێ.

٢- بڕیاردان لەسەر بنەمای ئازادی لە گۆڕینەوەی دراوی بێگانە لە ناو دەوڵەتـە ئەندامەکان وپێویستە دەوڵەت هیچ جۆرە بەربەستێك لەسەر ئەم کاروچـالاکیانە دانەنێ:

- چاودێریکردنی دراوی بیانی.
- سیستەمی چەندجارەیی نرخی دراو گۆڕینەوە.
- ڕێکەوتنی پێدانی دوولایەنی.

٣- هەڵسان بە راوێژکردنی ساڵانە لەگەڵ دەوڵەتە ئەندامەکان بۆ ئەوەی بزانـرێ ئـەو رامیاریـە ئابوورییـەی پـەیڕەی دەکـات لەگـەڵ ئامانجـە بنەرەتـەکانی سندوقەکە دەگونجێ.

٤- پێشکەشکردنی ئاسانکاری دارایی لە دەرامەتەکانی سندوقەکە بۆ چارەسەرکردنی لەناکاوی لاسەنگی تەرازووی پارەدان بەمەرجێك هۆکارەکانی دروستبوونی لە دەرەوەی ویستی دەوڵەت بووبن.

٥- سندوق راوێژکاری هونەری پێشکەش بە دەوڵەتە ئەندامەکان دەکات.

رێکخستنی سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی:

سندوق هەڵدەستێ بەرێکخستنی ئەوەی پێی دەگوتری (پشك یان بەش) پشك ئەو برە دەرامەتە داراییە کە دەوڵەتە ئەندامەکان بۆ بەشداربوون لە سندوقە دادەنرێت، و کۆی ئەو پشکانەی دەوڵەتە ئەندامەکە بەشداری پێ دەکات ئەوا چەند شتێکی بۆ دیاری دەکات:

١- مافی دەنگدانی دەبێت لەسەر ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن سندوقەوە دەردەچێت.

٢- سروشت و قەبارەی ئەو ئاسانکارییە داراییانەی کە دەتوانێ بە دەستی بێنی .

٣- پشکی(بەشی) هەر وڵاتێك لەسەر چەند پێوەرێ دیاری دەکرێ، گرنگترینیان:

أ- سەرجەمی داهاتی نەتەوەیی .

ب- یەدەگی دراو لەو پارانەی کە پێشەوایەتیان هەیە.

ج- قەبارەی هاوردەکان.

د- بارگۆڕان لە تێکڕای ناردەنی.

هـ- رێژەی ناردەنی لە داهاتی نەتەوەییدا.

ئەو ڕێسایەی کە بەر لە ساڵی ١٩٧١ هەبوو دەبوایە هەر دەوڵەتێك ٢٥٪ لەبەشەکەی بەشێوەی زێرو ٧٥٪یش بەپارەی نیشتمانی وڵاتەکەی بدات، بەڵام گەر وڵاتێك ئەو بڕە زێرەی نەبوایە بۆ دانی بەشەکەی ئەوا سندوق تەنها ١٠٪ی بە زێر یان دۆلار لیّ وەردەگرت، ئەوەی دەمایەوە بەپارەی نیشتمانی بوو، ئەو بڕە پارەیەی وڵاتە ئەندامەکان یان لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دادەنرا یان لەم چوار بانکە کە دیاریکرابوو ئەوانیش:

- بانکی یەدەگی فیدراڵی لە نیویورك.
- بانکی ئینگلترا.
- بانکی فەرەنسا.
- بانکی یەدەگی فیدراڵی لەهیندستان.

لە ساڵی ١٩٧٥ بەشداریکردن بەزێڕ لەبەشی دەوڵەتان لابران و بوو بە دراوی نیشتمانی، دەوڵەتان قەباڵەی هەڵگیراویان لە سندوق دادەنا کە بۆ ئاڵوگۆڕکردن بەکار دەهات وسندوق لەبەر هەر هۆکارێك پێویستی بەو دراوانە بوایە ئەوا بەهای بۆ دادەنا.

مافی سندوقەکەیە کە هەر پێنج ساڵ جارێك گەر پێویست بوو پێداچوونەوە بە بەهای پشکی ئەندامەکانی بکات وهەمواریان بکات و بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم پشکەکان دوای هەموارکردنی هەشتەمین لەکۆتایی هەشتایەکانی سەدەی بیستەم گەیشتە نزیکەی (٩٠) ملیار یەکە لەمافی راکێشانی تایبەتی (SDR)، بەپێی گرنگی وڵاتەکان دابەشکرا.

لەبەرئەوە سندوق بۆتە دەسەلاَتێکی ئابووری کە بایەخێکی گەورەی لە ئابووری جیهانیدا هەیە و لەکاتی ئێستادا سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بەرنامەی راستکردنەوەی ئابووری دەکات کە لە ولاَتانی تازە پێگەیشتوو پەیڕەو دەکرێ .

بەڕێوەبردنی سندوق:

سندوق لەرێگەی کۆمەڵی دەزگاوە بەڕێوە دەبرێت کە لەمانە پێك دێت:

١- ئەنجوومەنی پارێزگاران.

٢- ئەنجوومەنی کارگێڕی سندوق.

٣- بەڕێوەبەری گشتی.

دووەم– بانكی نێودەوڵەتی:

بە دووەم دەزگای نێو دەوڵەتی دادەنرێ کە بەگوێرەی رێكەوتنامەی بریتۆن وودز دامەزراوە، بەشێوەیەكی فەرمی لە ساڵی١٩٤٦ دەستی بەكارەكانی خۆی كرد. **ئامانجی سەرەكی لە دامەزراندنی ئەم بانكە بریتییە لە:**

١– دووبارە ئاوەدانكردنەوەی ئەو ناوچانەی كە شەڕی دووەمی جیهانی كاول و وێرانی كردوون.

٢–پێشكەشكردنی قەرز بە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو.

بانكی نێو دەوڵەتی قەرزی درێژخایەن دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی و زۆرینەی ئەو دەوڵەتانەی سوودیان لە بانكی نێو دەوڵەتی وەرگرتووە وڵاتانی ئەوروپیی رۆژئاوان، كە بەگوێرەی (پرۆژەی مارشاڵ[1]) دووبارە بونیاد نراوەتەوە، بانكی نێودەوڵەتی تەنیا قەرز بە دەوڵەتە ئەندامەكانی دەدات، دەتوانێ قەرز بە كۆمپانیاو دەزگا تایبەتیەكانیش بدات ئەویش بەگرێنتی وەرگرتن لە حكومەتی ئەو وڵاتانە كە چاودێری ئەم كۆمپانیاو دەزگایانە دەكەن.

كرد و پێویستە لەسەر ئەو دەوڵەتانەی دوای قەرز لە بانكی نێودەوڵەتی دەكەن، ئەندام بێت لە سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی سەرباری ئەندامیەتی لە بانكدا و ئەگەر دەوڵەتێك لە سندوقەكە پاشەكشە بكات ئەوا لەئەنجامدا ئەندامیەتی لە بانكی نێودەوڵەتی لەدەست دەدات .

---

(١)ئەو پرۆژەیە بوو كە(جۆرج مارشاڵ) وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دوای شەڕی دووەمی جیهان رایگەیاند ئەویش بە پێدانی قەرز و یارمەتی و كۆمەك بۆ وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی وێرانكارییەكانی شەڕی دووەمی جیهان.

کارگێڕی بانك:

١- ئەنجوومەنی پارێزگاران:

بانك لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگارانەوە بەڕێوەبردرێت کە هەر دەوڵەتێکی ئەندام پارێزگارێك بۆ خۆی دیاری دەکات بۆ نوێنەرایەتی ئەندامیەکەی و ئەنجوومەن ساڵی جارێك کۆدەبێتەوە.

٢ - ئەنجومەنی کارگێڕی بانك:

ئەنجوومەنێکی کارگێری بانك هەیە کە لە (٢٠)بەڕێوەبەری جێبەجێکار پێکهاتووە، پێنج لەوانە نوێنەری ئەو دەوڵەتانەن کە زۆرترین پشکیان هەیە وەکو ولایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا ، ئەڵمانیا، فەرەنساو هیندستان، کەچی ئەندامەکانی تر لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگارییەوە هەڵدەبژێردرێن و زۆر جار لەسەر بنەمای جوگرافییە،بەڵام سەرۆکی بانك لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگارانەوە دیاری دەکرێت .

دەرامەتە داراییەکانی بانك:

١- سەرمایەی بانك:

لەکاتی دامەزراندنی بانك بە گوێرەیی ڕێکەوتنەکەی بریتۆن وودز سەرمایەکەی بە ١٠$ ملیار دۆلار دانرا، بەسەر پشکەکان دابەشکرا کە بەهای هەریەکێك لە (١٠٠٠٠٠)$ سەد هەزار دۆلار بوو لەلایەن دەوڵەتە ئەندامەکان بەقەرزوەر دەگیرا، بەڵام سەرمایەی بانکەکە لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی بەشداربووانی زیادی کردوو گەیشتە (٣٠$) سی ملیار دۆلار بەشداران بەم شێوەیەی خوارەوە بەشەکەیان دەدەن:

٢٪ بەشی دەوڵەتە ئەندامەکە بە زێڕ یان دۆلاری ئەمەریکی دەدرێت.

١٨٪ بەشەکە بە دراوی دەوڵەتە ئەندامەکە دەدرێت.

٨٠٪ دەوڵەتــە ئەندامەکــە هــەڵی دەگرێــت بــۆ ئــەو کاتــەی بانکەکــە پێویستی پێ دەبێت.

٢- قەرزکردن:

بانك لە ڕێگای دەرکردنی قەباڵـەو فرۆشـتنی لـە بـازاڕی وڵاتـە ئەندامـە دەوڵەمەنـدەکان بەتایبـەتی ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکاو بـەریتانیاو فەرەنساو یابان ..هتد قەرز دەکات.

٣- یەدەگ و قازانج (سوو):

بڕێکی زۆر لە قـازانج و سـوو لـەلای بانـك کەڵەکـە دەبێـت، ئـەویش لـە ئەنجامی ئەو قەرزانەی کە دەیدات بە ئەندامەکان.

شێوازەکانی قەرزدانی بانك:

بانك بە شێوازو ڕێگای جیاواز قەرز وکۆمەك دەداتە وڵاتە ئەندامەکانی، بەڵام نابێ قەبارەی ئەو قەرزەی دەیدات لە سەرمایەی وڵاتەکە زیاتر بێت:

١-پێشکەشکردنی قەرز بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەرمایەی بانك و قـازانج و یەدەگەکانی.

٢-قـەرزدان لـەو دەرامەتـەی کـە بانـك ڕاسـتەوخۆ لـە ڕێگـەی قـازانجی ئـەو قەرزانەی خۆی دەیدات، لە ڕێگـای دەرکردنـی قەباڵـە لـە بازاڕەکـانی دارایـی وڵاتە ئەندامەکان.

٣-بانـك هەڵدەسـتێ بـە دەسـتەبەرکردنی(ضـمان) ئـەو قەرزانـەی بانکـەکان ودەزگا و تاکەکان پێشکەشی وڵاتـە ئەندامـەکانی دەکـەن کـە پێویسـتییەکی زۆریان بەم قەرزانە هەیە.

بانکی نێو دەوڵەتی وڵاتە دواکەوتووەکان:

وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا زۆرترین ئەو وڵاتانەن سوودیان لە قەرزی بانك و کۆمەك و ئاسانکارییەکانی وەرگرتووە، چونکە ئەم وڵاتانە بەر وێرانکاری جەنگی دووەمی جیهان کەوتن، بۆیە بانکی نێودەوڵەتی پاڵپشتی لە (پرۆژەی مارشاڵ) کرد لە پێناو دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپا لە ماوەیەکی دیاری کراوی کورتدا بە مەرجی سادە وقازانجی کەم.

هەرچەندە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بە پلەی دووەم دێن لە سوود وەرگرتن لەم بانکە، بەڵام بانك قەرز ویارمەتی وڕاوێژکاری پێشکەش کردوون تاوەکو گەشە بە ئابوورییەکانیان بدەن، وهەروەها نەتەوە یەکگرتووەکانیش پشتگیرییان لەو وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان کردووە بۆ قەرز پێدان و گەشەپێدانی ئابووریان.

قەرزدانی بانکی نێودەوڵەتی بە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، زیاتر جەختی لە سەر پارەدارکردنی بواری وەبەرهێنانی پرۆژەکانی ژێرخان وخزمەتگوزارییە گشتییەکان دەکرد.

دوای دامەزراندنی ژمارەیەك دەزگای گەشەپێدانی سەربەبانك، چالاکی بانکەکە فراوانتر بوو لەوانەش: (دەزگای پەرەپێدانی نیودەوڵەتی)، کە قەرزی درێژخایەن دەداتە وڵاتە ئەندامەکان ودەزگای پارەدارکردنی نێودەوڵەتی.

سێیەم – ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی:

بیرۆکـەی دامەزرانـدنی ڕێکخـراوی بازرگـانی جیهـانی بـۆ سـاڵی ١٩٤٧ دەگەڕێتەوە کاتێك نوێنەری ٥٣ وڵات لـە هاڤانـا کۆنگرەیـەکی نێودەوڵـەتیان بەست بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی بارودۆخی بازرگانی نێودەوڵەتی وکارەکانی لەو کۆنگرەیەدا ئیمزا لەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بازرگـانی جیهـانی کـرا وئـەو ڕێکەوتنـە بـە **(ڕێکـەوتنی هاڤانـا)** ناسـرا، لـە بـەر ئـەوەی کۆنگرێسـی ئـەمریکی ئیمـزای لەسـەر ڕێکـەوتنی سـەرەوە نـەکردبوو جێبـەجێ نـەکرا ونەکەوتە کار .

وە هەر لەو ساڵەدا دانوسان لە نێوان ٢٣دەوڵەت لـە شـاری جنێـف لـە سویسرا دەکرا دەربـارەی پێکهاتـەی گـومرکی ورێکـەوتن لەسـەر مۆرکردنی ڕێکەوتنێك لە بـارەی پێکهێنـانی ڕێکخراوێـك لـە ژێرنـاوی **(پێکهاتـەی گشـتی ڕەسمی گومرك و بازرگانی – گات)** لەو کاتەوەی (گات) دامـەزراوە، لەلایـەن وڵاتەبەشـدارەکانی ئـەم پێکهاتەیـە بـە شـێوەیەکی نارێـك کـۆنگرەی خۆیـان دەبەستن لە شێوەی چالاکی یەك بەدوای یەکدا کە (٨) کۆنگرەیان بەسـتووە وگرنگترینیـان کـۆنگرەی هەشـتەم بـوو کـە لـە ئۆروگـوای لـە ئـەیلولی ١٩٨٦بەستراو بە هۆی بوونی جیاوازی لە نێـوان کۆمەڵـەی ئـابووری ئـەوروپا وولایەتــە یــەکگرتووەکانی ئەمــەریکا هــەر بــەردەوام بــوو تــاوەکو ئــەم جیاوازیانەی نێوانیـان چارەسـەرکرا، ئەمـەش ڕێگـەی خۆشـکرد بـۆ بەسـتنی کۆنگرەی مەراکش لە نیسانی ساڵی ١٩٩٤ کـە تێیـدا بـە شـێوەیەکی فـەرمی کۆتایی بە خولی ئۆروگوای هێنرا بە ئامەدەبوونی ١١٨ لەنوێنەری دەوڵەتان.

ئەوەی لـەو کۆنگرەیـە ڕوویـدا زۆر گـرنگ بـوو، چـونکە بـریتی بـوو لـە ڕێکـەوتنی ٩٧ وڵات لـە سـەر دامەزرانـدنی ڕێکخراوێکـی بازرگـانی جیهـانی،

وبرپیاردرا ئەم رێکخراوە جێگەی پێکهاتەی گات بگرێتەوە کە لە ساڵی ١٩٤٧ رێکەوتنی لە سەر کرابوو.

بۆ دیارکردنی پەیکەری یاسایی و زانینی رۆڵ وگرنگی ئەم رێکخراوە لە ئابووری جیهاندا، بەو شێوەیەی خوارەوە روونی دەکەینەوە:

ئەرکەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی:

رێکخراوی بازرگانی جیهانی بە چوارچێوەیەکی بنەڕەتی هاوبەش بۆ گفتوگۆی بازرگانی لە نێوان وڵاتە ئەندامەکان دادەنرێ، بە تایبەت لە بارەی ئەو رێکەوتننامە و بەڵگەنامە یاساییانەی کە سەرپەرشتی دەکا وپەیوەستە بە بازرگانی شمەك و خزمەتگوزاری و رێوشوینی وەبەرهێنان ولایەنی یاسایی بۆ خاوەنداریەتی هزری وزۆر شتی تر.

هەموو وڵاتانی ئەندام لەم رێکخراوە کۆمەڵێك مافی وەك یەکیان هەیە بە چاو پۆشین لە قەبارەی دەوڵەتەکە و توانا ئابوورییەکانی، یاخود بەشداریکردنی لە بازرگانی کردنی نێودەوڵەتیدا.

هەروەها لە چوارچێوەی ئەم رێکخراوە لە سەر وڵاتە ئەندامەکان کۆمەڵی پابەندی دانراوە، ئەم پابەندییەش بە پێی جیاوازی ئاستەکانی گەشەکردن لەم وڵاتانە، جیاوازییان هەیە، رێکەوتنامەی دامەزراندنی رێکخراوەکە کۆمەڵێ ئەرکی بۆ رێکخراوەکە دیاریکردووە،کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی کارەکانی رێکەوتنە بازرگانیەکانی چەند لایەنی لەنێوان وڵاتە ئەندامەکاندا، سەرەڕای ئەو رێککەوتنە کۆمەڵەکیانەی کە لەخولی تۆکیۆدا پەیدابوون کە تەنها ئەو

لایەنانـەی پەسـەندیان کردبـوو و پابەنـدبوون پێیـەوە بـەبێ ئەندامـەکانی دیکە، بە پێچەوانەی سروشتی ئەو رێککەوتنانەی کە لە (ئۆرگوای) هـەبوو دەبوایە هەموو ئەندامان پێیەوە پابەند بن.

٢- سەرپەرشتیکردن لەسەر لابـردن وچارەسـەرکردنی کێشـەو ناکۆکیـەکانی نێـوان وڵاتـان، لەرێگـەی دەزگـای چارەسـەری ناکۆکییـەکان، چـۆنیەتی جێبـەجێکردنی دەقـی رێککەوتنـە بازرگانیـەکان، چارەسـەرکردنی ئـەم ناکۆکیانـە بـەگوێرەی ئـەو سـەرەتاو بنەمایانـەی کـە لـە رێککەوتنەکـەدا هاتووە، لەم بارەیەوە.

٣- بـەرێوەبردنی دەزگـای پێداچـوونەوەی رامیارییـەکانی بازرگـانی وڵاتـانی ئەنـدام، بـەگوێرەی ئـەو ماوەیـەی کـە دیـاریکراوە دوو سـاڵ بـۆ وڵاتـانی پێشـکەوتوو وچـوار سـاڵیش بـۆ وڵاتـانی تـازە پێگەیشـتوو. ئەمـەش بەمەبەستی زانینی ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر ئەم رامیاریانەدا دێت و تا چەند لەگەڵ بنەماکانی پێکهاتەی (گات) گونجاوە، رێگەی بەهەموو وڵاتـە ئەندامەکان داوە لێکۆڵینەوەیەکی روون و ئاشکرا بکات.

٤- هاوکـاری کـردن لــە نێـوان سـندوقی دراوی نێـو دەوڵـەتی و بـانکی نێودەوڵـەتی و ئـەو ئاژانسـانەی سـەر بـەوانن پەیوەسـتن بـە لایەنـەکانی دارایـی و دراو و بازرگـانی ئـابووری جیهـانی بـە ئامـانجی بەدەسـتهێنانی زۆرترین هاوتەگبیری لە دانانی سیاسەتی ئابووری جیهانیدا.

جێگـای ئامـاژە پێدانـە کـە رێکخـراو خـاوەنی کەسـایەتی بـاوەڕپێکراو و پێکهاتەی یاسایی پلەی تایبەتی و حەسانەی (ماف پارێزراو) کە دەتوانـێ راستەوخۆ کارەکـانی بـەرێوە ببـات، هـەروەها نوێنـەرەکانی لـە ئەنـدام و کارمەندانی سەر بە رێکخراوەکە خاوەنی مافی تایبەتی و پارێزراوی خۆیـان

هەیـە، ئەمــەش وایکـردووە بەسـەربەخۆیی ئەرکـەکانیان لــە رێکخـراودا راپەرێنن و بەشێوەیەك کە مافەکانیان هیچ کەمتر نییە کە بـە کارمەنـدانی دەزگا تایبەتیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەخشراوە.

پەیکەری رێکخستنی رێکخراوەکە:

پەیکەری رێکخستنی رێکخراوەکە کە لە مـاددەی چـواری رێکەوتنەکـە دیاریکراوەك پێك دێت لە :

١ — کۆنگرەی وەزارەت.

٢ — ئەنجومەنی گشتی.

٣ — ئەنجومەنە پسپۆرەکان.

٤ — لیژنە لقییەکان.

٥— کۆنگرەی وەزاری هەڵدەستی بەدانانی ئەم لیژنانەی خوارەوە:

أ— لیژنەی بازرگانی و گەشەپێدان.

ب— لیژنەی تەرازووی پارەدان.

ج— لیژنەی بوجەو کارگێڕی.

د — سکرتاریەت.

رۆڵی کاریگەری رێکخراوەکە لە ئابووری جیهانیدا:

بەپێی دەقی رێککەوتننامەی دامەزراندنی رێکخراوی بازرگانی جیهـانی کە تێیدا هاتووە:

((وەك هــەوڵێك بـۆ نزیـك کردنــەوە لــەکرداری دارشـتنی رامیاریـەکانی ئابووری نێودەوڵەتی رێکخراوەکە هەڵدەستێ بە هاوکاریکردن لەگەڵ هەریـەك

لــە ســندوقی دراوی نێودەوڵــەتی و بــانکی نێودەوڵــەتی بــۆ بونیادنــان و ئاوەدانکردنەوە بۆ تەواوکردنی بنەماکانی بەڕێوەبردنی ئابووری جیهان)).

بۆ ئەوەی رۆڵی داهاتووی ئەم رێکخراوەمان لـە بـەڕێوەبردنی ئـابووری جیهان لەرووی بازرگانیەوە بۆ روون بێتەوە، ئەمانە دەخەینەڕوو:

أ– قەبارەی بەشداریکردنی وڵاتان لە ئەندامێتی رێکخراوەکەی:

زیاتر لە (١٠٠) دەوڵەت ئیمزایان لەسەر بەڵگەنامەی کۆتایی کـۆنگرەی مەراکش کردووەو، وا مەزەندە دەکرێت ژمـارەی ئەندامـەکانی بـەر لـەکۆتایی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەك بگاتە سەدو چل ئەنـدام، کـە بەشـێکی گەورە لـە ئەندامـەکانی سـەر بـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان پێـك دەهێـنن، کـە بەشی خۆی لە ٩٠٪ قەبارەی بازرگانی دەنوێنێ، ئەوە مانای ئەوەیە کە هـەر رامیاریـەکی رێکخراوەکـە بڕیـاری لەسـەر دەدات ئـەوا بەشـێوەیەکی کـرداری گوزارشـت لـە نـاوەرۆکی سیسـتەمی بازرگـانی جیهـانی دەکـات، ئەمـەش وا دەکات کـە جـۆرە دابڕانێـك بەسـەر ئـەو وڵاتانـە بچەسـپێ کـە ئەنـدامی ئـەم رێکخراوە نین.

ب–کەمکردنەوەی لایەنی (سەروەری رەها) (السـیادە المطلقـە) لـە دەوڵەتـە ئەندامەکان:

کارەکـانی رێکخـراو تـەنها لایـەنی بازرگـانی شمـەك ناگرێتـەوە، بـەڵکو بازرگــانی خزمــەتگوزاری و مافــەکانی خاوەندارێــەتی هــزری و رێوشــوێنی وەبەرهێنان و پەیوەندی لە نێوان بازرگانی و ژینگەش دەگرێتـەوەو تەنانـەت چالاکیەکانی فراوانتریش دەبـێ بـۆ ئـەوەی رامیاریـەکانی بازرگـانی وڵاتـان و سیستەمی گومرکی ورێووشـوێنی هـاوردەنی و پاڵپشـتکردنی نـاردەنی لـەخۆ بگرێت وپێویستە یاسـا و رێسـاکانی دەوڵەتـە ئەندامـەکان هـەموار بکـرێ تـا

لەگەڵ ڕامیارییەکانی ڕێکخراوەکە بگونجێ و هەموو ئەمانە دەبنە هۆیەك بۆ کەمکردنەوەی لایەنی سەروەری ڕەهای دەوڵەتە ئەندامەکان لە ڕامیاریەکانی بازرگانی وەك پابەندیەك بۆ بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراوەکە.

ج –سیستەمی کارکردن لە ڕێکخراوەکە:

سیستەمی کارکردن لە ڕێکخراوەکە مافی ئەوەی هەیە پێداچوونەوەی ڕامیاری بازرگانی دەوڵەتە ئەندامەکان و چاودێری پابەند بوونیان بە ڕێسا و پرەنسیپەکانی پێکهاتەی گات بکات، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە ڕامیاری بازرگانی وڵاتە ئەندامەکان هەڵبسەنگێنێ بۆ ئەوەی ئەوەی بزانێ تا چەند لەگەڵ ئەم ڕێساو پرەنسیپانە گونجاون و دەرفەتدان بەهەر ئەندامێك بۆ ئەوەی ڕاوێژ لەگەڵ یەکتری بکەن بۆ بەدیهێنانی نزیك بوونەوە لە ڕامیارییەکانیان و دابینکردنی بەرژەوەندی هەردوولا بەکارکردن بە بنەمای شەفافیەت (ڕوونی و ئاشکرایی).

د– دەسەڵاتەکانی دەزگای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:

دەزگای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی توانای پێشبینیکردنی هەیە بۆ ئاراستەکردنی سیستەمی بازرگانی جیهانی نوێ، هەروەها کاردەکات پاراستنی مافی دەوڵەتە ئەندامەکان و پاراستنی ئەو پابەندیەی کە بریاڕی لەسەر دراوە بەگوێرەی ڕێکەوتنەکانی کە ڕێکخراو هەیەتی و شایانی باسکردنە حوکمەکانی ئەم دەزگایە بەسەر هەموو لایەنە ناکۆکەکان دادەنرێ و لە دەزگاکەشە چاودێری جێبەجێ کردنی ئەم حوکمانە بکات.

چوارەم-ڕێکخراوی وڵاتانی ناردەنی نەوت(ئۆپێك)
OPEC

ORGANIZATION OF PETROLEUM EXPORTERS CONTRIES

ڕێکخراوی وڵاتانی ناردەنی نـەوت کـە بـە ئۆپێـك (opec)ناسـراوە لـە ساڵی ١٩٦٠ لـە بەغـدا دامـەزرا و لەلایـەن (ئێـران و عێـراق و کوێـت و وڵاتـی عەرەبی سعودی وڤەنزویلا دواتر چەند وڵاتێکی دیکە هاتنە ناو ئەو ڕێکخـراوە وەك:(جـەزائیر ولیبیـا وئیمـاراتی یـەکگرتووی عـەرەب و نایجیریـا و قەتـەر و ئەندەنووسیا و ئیکوادۆر و گابوون) وبارەگای ڕێکخراوەکە ئێستا لە ڤێنایە لە (نەمسا).

وڵاتـانی ئۆپێـك لـەزۆر بـواردا لەیـەك ناچـن و جیاوازیـان لـە ئاسـتی گەشەکردنی ئابووریدا هەیە، هەروەها لە بارەی سروشتی سیستەمی ئابووری و ڕامیـاری و کۆمەلایەتییـەوەش جیـاوازن، کەچـی تـا ڕادەیـەك توانیویـەتی کاریگەری لە سەر بازاڕی نەوتی نێو دەوڵەتی هەبێ، ئەمەش لە میانـەی ئـەو هاوکـاری و هاریکاریکردنـەی کـە لـە نێوانیانـدا هەیـە لـەبوارەکانی، دەسـت بەسەر بەرهەمهێنان و وەبازارخستن و نرخدانانی و دیـاریکردنی سیاسـەتێکی گونجاو بۆ بەرهەمهێنان ونرخدانان.

ئامانجەکانی ڕێکخراوی ئۆپێك:

گـرنگترین ئامانجـەکانی ئـەم ڕێکخـراوە کـە دەوڵەتـە ئەندامـەکان دەیانەوێ بەدی بێنن بریتین لە:

١- هەماهەنگی لە ڕامیاری نەوتدا بەتایبەتی ڕامیاری بەرهەمهێنان وڕامیـاری نرخـدانان وپـەنا بردنـە بـەر باشـترین ڕێگـا بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانیان.

٢- هەوڵـدان بـۆ دانـانی نرخێکـی گونجـاو و دادپەروەرانـە بـۆ دەرامەتـە هایدرۆکاربونییەکان.

٣- پەنابردنەبەر باشترین ڕێگا بۆ دەستەبەرکردنی نرخێکی جێگیر لە بازاڕی جیهانیدا.

٤- دڵنیابوون لە چوونی نەوت بۆ وڵاتـە بەکاربـەرەکان بـەو نرخـەی کـە لـە سـەری ڕێکـەوتوون و لـە بـازاڕی جیهـانی بـاوە، وبـۆ بـە دەسـتهێنانی دەرامـەتی تـەواو بـۆ پـارەدارکردنی پێداویسـتییەکانی پەرەپێـدان، وەبـەرهێنان لـە کـەرتی نـەوت، بـۆ مسـۆگەرکردنی بەرهـەمهێنان و بەدەستهێنانی دەسهات.

٥-بەیەکەوە بەستنی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و بازرگـانیکردن بـە نـەوت کرداری پەرەپێدانی ئابووریەوە.

هاوسـەنگی لـە بـازاڕی نـەوت کـارێکی ئاسـان نییـە، ئەمـەش بـەهۆی بەرزبونەوەو نزمبونەوە لە نرخی نـەوت کـە بـەزۆری نرخـی بـەرز دەبێتـەوە، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکان کە بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی ناگەنە یەك لە ئۆپێـك و زۆربـەی جـار گرانـە هـەموویان لـە سـەر ڕامیـاری ڕێکخراوەکـە ڕێکبکەون، وناکۆکیەکان بۆ ئەمانە دەگەڕێتەوە :

١- پێویستی ئەو دەوڵەتانەی یەدەگیان کەمە (تا ڕادەیەك کەمە) و ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە، وهەروەها پێویستی هەندێ دەوڵەت بونیادنانەوەی ئەوانەی لە ئەنجامی جەنگی زۆرەرە تووشی هاتوون، بۆیە کە ئەم جۆرە دەوڵەتانە پێویستیان بە دەسهاتی زۆرە، ئەمەش وادەکات هەوڵی بەرزکردنەوەی نرخ بدەی، بەلاّم دەوڵەتەکانی تری ئەندام لە ئۆپیك کە خاوەنی یەدەگی گەورەن لە نەوت و ژمارەی دانیشتوانیشیان کەمە ئەم دەوڵەتانە لەوە دەترسن نرخ بەرز بێتەوە، بۆ ئەوەی کار نەکاتە سەر دەسهاتیان لە ئایندەدا لە ئەنجامی گەیشتن بە جێگرەوەی نەوت .

٢- پابەندنەبوونی دەوڵەتە ئەندامەکان بەو بەشە بەرهەمهێنانەی کەلەسەری ڕێکەوتوون.

٢- ڕێکخراوە ئابوورییە هەرێمییەکان (ئیقلیمییەکان):

جۆرە ڕێکخراوێکی ئابوری نێودەوڵەتییە لەسەر بنەڕەتی (هەرێمی) لەنێوان ژمارەیەك دەوڵەت دا دامەزراوەو پەیوەندی مێژوویی، یان رامیاری یان کۆمەلاّیەتی و دراوسێیەتی لە نێوانیاندا بەهێزەو، واتا ئەم جۆرە ڕێکخراوە لەنێوان ئەو دەوڵەتانەدا دادەمەزرێ کە سروشتی سیستەمی ئابووری و رامیاری و کۆمەلاّیەتییان چۆنیەکە یان پلەو پایەی گەشەسەنی ئابوورییان لێك نزیکە.

یەکەم- یەکێتی ئەوروپا: European Union

ئەوروپا بەهۆی جەنگی جیهانی دووەم دووچاری کاولکارییەکی فراوان بوو، لە بارێکی نالەبار دەژیا و باری ئابووری شەڕ وێرانی کردبوو و دوو بەرە لێکی جیاکردبوونەوە (ڕۆژهەلاّت لە ژێر چەتری یەکێتی سۆڤێیت و ڕۆژئاوایی

له ژێر چەتری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا). لە هەمانکات دانانی بەربەست لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە

پاڵ دەست تێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری، ئەمەش وایکرد، کە قەبارەی بازرگانی دەرەکیان سنووردار بێ. لەسەر ئەوروپا پێویست بوو ڕێگە چارەیەك بدۆزێتەوە، بۆ ڕزگارکردنی لەم بارودۆخە، ئەم چارەسەرییە خۆی لە تەواوکاری ئابووری نێوان وڵاتانی ئەوروپا دەنواند.

تەواوکاری ئابووری ئەوروپا لە ماوەی رابردوودا پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی، زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا هاوبەشییان لە چەندین گەلەکۆمەکی ئابووری کرد، بۆ نموونە کۆمەڵەی ئەوروپی(EEC) کە سەرەتا تەنها شەش وڵات ئەندام بوون تێیدا، کەچی ئێستا (٢٥) وڵات ئەندامن تێیدا وهەمووشیان وڵاتی ئەوروپین.

وەك ئاماژەی پێدرا وڵاتانی ئەوروپا چەندین گەلەکۆمەکیان دامەزراند، تاوەکو گەیشتنە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا، لەو گەلە کۆمەکانەش:

١- **یەکێتی گومرکی کە ناونرا بە (بەنەلۆکس):** Benelux کە لە ساڵی ١٩٤٨ دامەزراوە ولەم وڵاتانەپێکهاتووە: بەلجیکا،لۆکسمبۆرگ، هۆلەندا، فەرەنسا وئەلەمانیای ڕۆژ ئاوا وئیتاڵیا .

٢- **کۆمەڵەی خەڵوز وپۆڵای ئەوروپی:** (European Coal and Steel Community (ECSC کە پەیوەندارە بەهەماهەنگی و بەرهەمهێنان و دابەشکردن وهەموو ئەو کارانەی کە بەو دوو پیشەسازیەوە بەستراوە و هەر لەو شەش وڵاتەی لە خاڵی یەکەم ناویان هاتووە پێکهاتبوو.

ئەم وڵاتانە لە پاریس لە ساڵی ١٩٥١ ئەم ڕێکەوتنەی سەرەوەیان مۆر کرد و هەمان شەش وڵاتی ئاماژە پێکراو پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان

گەشەپێدا و دوو پەیماننامەیان لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە شاری ڕۆما مۆر کرد، کە ئەمانەن:

١- پەیماننامەی یەکەم پەیوەندار بوو بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ئابووری ئەورووپا"European Economic Community " EEC کە دەناسرێت بە (بازاڕی هاوبەشی ئەورووپی) (" European Common Market " ECM).

٢- پەیماننامەی دووەم پەیوەنداربوو بە دامەزراندنی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئەورووپی (ئیۆراتۆم EURATOM) بۆ لێکۆڵینەوەی هاوبەش و هاوکاری و بەڕێوەبردن لە بواری وزەی ئەتۆمیدا .

هەر دوو پەیماننامە کە لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ کەوتنە بواری کارپێکردن گرنگترین برگەکانی پەیماننامەی ڕۆما کە پەیوەندار بوون بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەورووپا ئەمانەبوون :

١-نەهێشتنی ڕەسمی گومرکی و سیستەمی بەشکاری لە نێوان وڵاتانی ئەندام.

٢-یەکخستنی ئەو ڕەسمە گومرگەی کە وڵاتانی ئەندام بەرامبەر جیهانی دەرەکی دەیسەپێنن ودانانی ڕامیارییەکی یەکگرتوو لە بواری بازرگانی دەرەکی.

٣- دانانی ڕامیارییەکی هاوبەش لە بوارەکانی کشتوکاڵ و گواستنەوەدا.

٤- هەڵگرتنی بەربەستەکانی بەردەم گواستنەوەی شمەك و کارگوزاری کار وسەرمایە لە نێوان وڵاتانی ئەندام .

٥-جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی دەبنە هۆی هەماهەنگی ڕامیارییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم دەوڵەتانە.

ڕێکەوتن لەسەر دامەزراندنی بازاڕی هاوبەش ئەورووپا بەسێ قۆناغ و یەك دوای یەك، هەر قۆناغێك چوار ساڵ دەخایەنێت. قۆناغی یەکەم لە ساڵی ١٩٥٨ دەست پێدەکات، ودوا قۆناغیش لەساڵی ١٩٧٠ کۆتایی دێت، ئەگەر

دامەزراندنی بازاڕ لە ساڵی ١٩٧٠ تـەواو نەبوایـە دەتـوانرا بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ ماوەکە درێژ بکرێتەوە ولە ساڵی ١٩٧٣ بە کۆتایی پێ بێت.

ڕێکـەوتنی خـەڵوز وپـۆڵا کـە لـە پـاریس سـاڵی ١٩٥١مـۆرکرا، وهـەردوو ڕێکەوتنی ڕۆمای ساڵی ١٩٥٧، بە بەردی بناغـەی کۆمەڵـەی ئـەوروپا دادەنـرێن، لە ساڵی ١٩٦٧ هـەردوو کۆمەڵـەی ئـابووری ئـەوروپا، لەگـەڵ کۆمەڵـەی خـەڵوز وپۆڵای ئەورووپی وئیوارتۆم، یەکیان گرت وبەناوی کۆمەڵـەی ئـەوروپا، ولەسـاڵی ١٩٦٨ هەڵسـان بـە دانـانی یەکێتییـەکی گـومرگی، لـە نێـوان ئەندامـەکانی بـە گوێرەی ئەوە:

١- یەکجۆر رەسمی گومرگ لەسەر هاوردەنی دەرەکی دادەنرێ.
٢- لابردنی هەموو جۆرەکانی باج.
٣- لابردنی هەموو بەربەستێك لە رێگەی بازرگانی نێوان وڵاتە ئەندامەکان.
٤- هەڵگرتنی هەموو کۆسپێك لە سەر هاتوچۆی کارو سەرمایە.
٥- دانانی رامیارییەکی هاوبەش لە بوارەکانی کشتوکاڵ و گواستنەوە.

ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵـەی ئـەوروپا زیـادبوو لـە (٦) وڵاتـی ئەنـدام لـە ساڵی ١٩٥٧ بۆ (١٥) وڵاتی ئەندام لە ساڵی ١٩٩٥، لە ساڵی ١٩٧٣ هەریەك لـە وڵاتانی: (دانیمارك ، ئێرلەندە ، بەریتانیا) بوون بـە ئەنـدام و یۆنـان لـە سـاڵی ١٩٨١، و پورتۆگال و ئیسپانیا لە سـاڵی ١٩٨٦، و نەمسـا وفنلنـدە و سـوید لـە سـاڵی ١٩٩٥. و لـە سـاڵی ٢٠٠٤ (١٠) وڵاتـی تـر بـوون بـە ئەنـدام تـا وەکـو ژمارەی ئەندامانی ساڵی ٢٠١١ گەیشتە (٢٧) وڵات، ئەم کۆمەڵەیە لە تشرینی دووەمی ١٩٩٣ وە بە (یەکێتی ئەوروپا) دەناسرێت.

بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە سـەرەکی و گشـتییەکانی خۆیـان و بەدەسـتهێنانی یـەکگرتنی ڕامیـاری بـە هێـز، یـەکێتی ئـەوروپا هەڵسـا بـە

دروستکردنی چەند دامەزراوێك کە دەسەڵاتیان لە دەرەوەی سنووری نەتەوایەتی وڵاتە ئەندامەکانیەتی، کە ئەمانەن:

١-کۆمیسیونی ئەوروپی European Commission.

٢-ئەنجومەنی وەزیران Council Of Ministers.

٣-پەرلەمانی ئەوروپی European Parliament.

٤-دادگای دادی ئەوروپی European Court Of Justice.

٥-ئەنجومەنی ئەوروپی European Council.

برگە سەرەکییەکانی پرۆژەی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا بۆ ساڵی ١٩٩٢ لەمانە پێکهاتووە:

١-دانانی پلانێکی کارکردن، کە بە بەڵگەنامەی (پەرتووکی سپی) ناونرا ولە حوزیرانی ساڵی ١٩٨٥ دا دەرچووە. کە ئامانجی تەواوکردنی بازاڕێکی هاوبەشی ئەوروپی یەکگرتوو بوو.

٢-هەموارکردنی پەیماننامەی ڕۆما لەسەر بنەمای ئەو بەڵگەنامە هاوبەشەی ئەوروپییەی کە دەرچوو بوو.

٣- بەربەستی گومرکی و ناگومرگی نوێ لەبەرامبەر وڵاتە ئەندامەکاندا بەرامبەر یەکتری نەسەپێنرێ و لابردنی کۆمەڵێ بەربەست کە دانراون.

٤- بەربەستی نوێ بەسەر بازرگانی نەبینراوی نێوان وڵاتە ئەندامەکانی یەکێتی ئەوروپا دانەنرێ ، بە تایبەتی لە بواری چالاکی بانکەکان، وکۆمپانیاکانی دڵنیایی، و گەشتو گوزار و گەیاندن.

٥- ڕێککەوتن لەسەر مەرجەکانی ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا لە داهاتوودا، ئەمەش لەمیانەی ئەو داواکارییەی کە لە لایەن چەند وڵاتێکەوە داوا کراون بۆ ئەوەی ببنە ئەندام.

٦- گۆڕینی سیستەمی یاساکانی بەڕێوەبردنی بانکەکان ودڵنیایی و گەیاندن و پێوەرەکان و کۆچکردن بە سیستەمێکی یاسایی هاوبەش کە لەم بوارانەدا جێبەجێبکرێ و لەهەموو وڵاتانی ئەندام، ئەمەش لە ڕێگەی دادگای دادی ئەوروپییەوە دەبێت.

٧- کردنەوەی سنووری نێوان یەکتر بۆ ئازادی گواستنەوەو هاتوچۆی تاکەکان وشمەك وکارگوزاری وسەرمایە لە نێوان دەوڵەتە ئەندامەکان.

٨- دیاریکردنی هەڵوێستێکی یەکگرتووی وڵاتە ئەندامەکان بەرامبەر زۆر لە پرسەکان وەك (رامیاری کشتوکاڵ و بازرگانی کارگوزارییەکان لە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی).

پەیماننامەی ماستریخت:

پەیماننامەی ماستریخت کە سەرکردەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ لەسەری ڕێککەوتوون بەگرنگترین لادان دادەنرێ کە ڕێڕەوی یەکێتی ئەوروپی لەساڵی ١٩٩٢وە و تاوەکو ئێستا و داهاتووش دەست نیشان دەکات پێوەر و هەنگاوی ئاشکراو دیایکراو و قۆناغی راستەقینەی دانانی تەواوکاری نەختیینەیی خۆی لە دەرکردنی دراوێکی نوی بە ناوی (**یۆرو** Euro) دەبێتەوە.

دووەم-هاوبەندی دەوڵەتەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا(ئاسیان):

ئاسیان لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارو بارودۆخ کە وڵاتە ئەندامەکانی ئێستای هاندا بۆ دامەراندنی پێك هات، لە ساڵی ١٩٦٧ لە بانکۆك (تایلاند) کۆبوونەوەیەك لەنێوان وڵاتە ئەندامەکان بەسترا لە سەر ئاستی وەزیرانی دەرەوە وبڕیارنامەیەکیان دەرکرد کە بە**(بڕیارنامەی بانکۆك)** ناسرا،

بـەخاڵێکی وەچـەرخانی گـەورە دادەنـرێ لـە پەیوەندییـەکانی هاوکـاری هەرێمایەتیدا. ئەم هاوبەندییە پێکهاتووە لە وڵاتانی (بروناى و ئەندەنووسیا و مالیزیـا و فلـبین و سـەنگافورا و تایلانـد)، هەرچـەندە ئـەم هاوبەندییـە پێکهاتەیەکی رامیاریە کەچی لە ساڵی ١٩٧٧ بریـاری دامەزرانـدنی بـازارێکی هاوبەشی فراوان و گەورە کە دەتوانرێت بەشێوەیەکی باش و بازرگانی بکاتـە ئامرازێکی چالاك بۆ هاندانی گەشەپێدانی ئابووری .

ئامانج و مەبەستەکانی رێکخراوی ئاسیان:

بریارنامەی دامەزرانـدنی ئاسـیان ئامانجـەکانی رێکخـراوی بـەم خاڵانـە دیاری کردووە :

١. زیـادکردن و پاڵپشـتیکردنی پەرەسـەندن ئـابووری و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتی و بوژاندنەوەی رۆشنبیری.

٢. هەوڵدانی هاوبـەش لەسـەر بنـەمای گیـانی یەکسـانی و گەیانـدنی بـە گەلانی ناوچەکە بە کۆمەڵگەیەك کە بوژانەوەو ئاشـتی تێـدا بەرقـەرار بێت.

٣. کارکردن لەپێناو دابینکردنـی ئاشـتی و چەسـپاندنی سـەقامگیری لـە ناوچەکەدا، ئەویش لەرێگەی پابەنـدبوون بـەو یاسـا نێودەوڵەتیانـەی هەیەو کە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان دیاری دەکات و پابەند بوون بە رێساو بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٤. هەماهەنگی و هاوکاری لەو بابەتانەی کە گرنگیەکی هاوبەشیان هەیـە لـــە لایـــەنی ئـــابووری کۆمەڵایـــەتی و رۆشـــنبیری و زانســـتی و کارگێرییەوە.

٥. گرنگیدان به هاوکاری ئالوگۆڕکردن لەبوارەکانی مەشقکردن و لێکۆڵینەوەو فێرکردن و پسپۆرییە هونەرییەکان و رێکخستن و هەماهەنگی لە پێناوی بەدەستهێنانی دەستکەوتی باشتر لە بوارەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و فراوانکردنی ئالوگۆڕی بازرگانی.

٦. جەختکردن لەسەر بەکارنەهێنانی بنکە سەربازییەکانی بیانی کە بەشێوەیەکی کاتی لە ولاتانی ناوچەکە هەن بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دژی هیچ دەوڵەتێك لە دەوڵەتەکانی هاوبەندییەکە بەکار نەهێندرێت کە کار لە سەربەخۆیەتی و سەروەری دەوڵەتەکە بکات یان کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی نیشتمانی هەبێ.

دوارۆژی ئاسیان:

بۆ ئەوەی ئاسیان ئەو ئامانجانە بەدی بێنێ کە لە پێناویدا دامەزراوە، پرۆگرامێکی داناوە پێی دەگوترێ (تێڕوانینی ئاسیان لە ساڵی ٢٠٢٠) کە لەم خاڵانەی خوارەوە پێکهاتووەو لەسەر ئاسیان پێویستە جێبەجێی بکات تا بتوانێ ئامانجەکانی بەدەست بێنێ:

١- پارێزگاریکردنی سەقامگیری دارایی و سەقامگیری لە ئابووری هەمووەکی لەرێگەی هاندانی راوێژکاری نزیك لەبواری رامیاری دارایی و رامیاری ئابووری هەمووەکی .

٢- بۆ بەرەوپێش بردنی تەواوکاری ئابووری و هەماهەنگی لە میانەی گرتنەبەری ئەم ستراتیژییە گشتیانەی گشتی خوارەوە :- جێبەجی کردنی

تـەواو لـە ناوچـەی بازرگـانی ئـازادی ئاسـیان و پەلـەکردن لـە ئـازادکردنی بازرگانی خزمەتگوزاری، و پێکهێنـانی ناوچـەکی وەبـەرهێنانی. ئاسـیان لـە ساڵی ٢٠١٠ و ئازادی گواسـتنەوەی هاتنـە نـاوەوەی وەبـەرهێنان لـە سـاڵی ٢٠٢٠ زیاترکردن و فراوانکردنی هەماهەنگی لەگەڵ رێکخـراوە هەرێمییـەکانی تر کە هەن یان تازە پەیدابوون.

٣- هاندانی کەرتەکانی پرۆژەی بچوك و ناوەندی نوێ و کێبڕکی لەگەڵ ئاسـیان کە بەشداری دەکات لە بوژانەوەی پیشەسازی و لێهاتوو لە ناوچەکەدا.

٤- پەلـەکردن لـە هاتنـە نـاوەوەی ئـازادی پسـپۆریەکان و خزمـەتگوزاری تـر لەناوچەکەدا.

٥- هاندانی ئـازادکردنی کـەرتی دارایی و هەماهـەنگی بـەهێز لـە بـازاڕی دراو و دارایی دا، و باج و دڵنیایی و بابەتی گومرگی، سەرباری راوێژ کردنـی بـەهێز لە ڕامیاری دارایی و ڕامیاری ئابووری هەمووەکی.

٦- پەلەکردن لە پێشخسـتنی زانسـتی و تەکنـەلۆژی و لەوانـەش تەکنـەلوجیای زانیاری لە رێگەی دامەزراندنی تۆڕی زانیاری تەکنەلۆژیی هـەرێمی و بنکـەی پێشکەوتوو بۆ ئاسانی بڵاوکردنەوە و گەیشتن بە داتا و زانیارییەکان.

٧- پێکهێنانی رێکخستنی پەیوەنـدار بـە کـەرتی وزە و کـەرتی کارەبـا و گـازی سروشتی و ئاو لە چوارچێوەی ئاسـیان لـە رێگـەی تـۆڕی وزەی ئاسـیان و بۆڕییەکانی گواستنەوەی گاز و بۆڕی گواستنەوەی ئاو لە ئاسیاندا، هاندانی هەماهەنگی لـەبواری وزەی بەدەسـت هـاتوو، شـان بـە شـانی پێشـکەوتنی سەرچاوەی وزەی نوێ و تازە پەیدابوو.

٨- دابینکردنـی ئاسایشـی خـۆراك و کێبڕکێـی نێـو دەوڵـەتی لەسـەر خـۆراك و کشتوکاڵ و بەڕێوەبردنی دارستان و گفتوگۆو بوژاندنەوەی بەردەوام.

٩- دابینکردنی خواستی زیادبوو (گەشەکردوو) لەسەر ژێرخان و گەیاندنی پێشکەوتوو لە ڕێگەی پێشخستنی تۆڕی ڕێگەی پێشکەوتوو تەواوکار لەچوارچێوەی ئاسیان وڕێگە خۆشکردن لەبەردەم پیشکەوتنی تەکنۆلۆژیا لەبواری گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیاری و هاندانی ڕامیاری ئاسمانی کراوەو پێشخستنی گواستنەوەی فرە ڕێگاکان و ئاسانکاری تێپەڕینی کالآی تەواوکەر لە تۆری گەیاندنی بێ تەلدا.

١٠- چاکردن و گەشەپێدانی دەرامەتی مرۆیی لە هەموو کەرتە ئابوورییەکان لە ڕێگەی چاککردنی فێرکردن و بەرزکردنەوەی شارەزایی و تواناکان و مەشقپێکردنیان.

هەندی ئەزموونی تەواوکاری ئابووری دیکە لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان:

ئەو سەرکەوتنەی ئەوروپا لە ئەزموونی خۆیان کاریگەری تەواویان هەبوو لە هاندانی وڵاتە دواکەوتووەکان، بۆ ئەوەی چەندین گەلەکۆمەکی جۆربەجۆر لەبوارە جیاوازەکان ببەستن وەکو ڕێگایەك بۆ هاندانی بوژانەوەی ئابووری، ئەمەش گەر لە کیشوەری ئاسیا یان ئەفریقیا یان ئەمەریکای لاتینی بێ و بەکورتی باسی بەشێك لەو گەلە کۆمەکیانە دەکەین جا سەرکەوتوو بووبن یاخود پاشەکشەیان کردبێ لەوانە:

یەکەم-ڕێکخراوی بازرگانی ئازاد لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی (لافتا):

ئەم ڕێکخراوە لەلایەن مەکسیك و کۆمەڵێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینیەوە دامەزرا، هەروەها ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵێ لقی لێ پەیدا بووە، کە هاوپەیمانی (ئاندین) یەکێکە لەوانەی کە لە ساڵی ١٩٦٩ کە لە هەریەکە لە بۆلیفیا ئەکوادۆر و تشیلی کۆلۆمبیاو پیرۆ دامەزراوە، وا پێشبینی لەم هاوپەیمانە دەکرێ کە پەلە لە تەواوکاری ئابووری کراو بازارێکی هاوبەشی

دامــەزرێنیٚ، کەچــی رێکخــراوی تــەواوکاری ئــابووری ئەمــەریکای لاتــینی (لایــا) هەڵوەشایەوەو لە جێگە هاوپەیمانیەتی (ئاندین) لەساڵی ١٩٨٠دا.

دووەم – بازاڕی هاوبەشی قوچەکی (مخروط) باشوور:

ئەم بازاڕە لەلایەن ئەرجنتین و بــەرازیل و پــاراگوای وئۆرگــوای لــە ســاڵی ١٩٩١ دامەزرا و لەساڵی ١٩٩٥ بۆتە یەکێتیەکی گومرگی لە ساڵی ١٩٩٦ بۆلیڤیا و شیلی بوونە ئەندام تێیدا.

سێیەم – کۆمەڵەی ئابووری وڵاتانی رۆژئاوای ئەفریقیا:

ئــەم کۆمەڵەیــە لــە (مــایو) لــە ســاڵی (١٩٧٥) دامــەزرا، کــە ١٨ دەوڵــەتی ئەفریقی لە خــۆ دەگــرێ، ئــەو کۆمەڵەیــە بــۆ دەســتەبەرکردنی کۆمــەڵێك ئامــانج هەوڵ دەدات لەوانە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی گواستنەوە و ســەرمایەو ســامان و شمەك و خزمەتگوزاری لە نێوان دەوڵەتە ئەندامــەکان، هەماهــەنگی لــە نێــوان وڵاتەکان لە بواری ڕامیاری کشتوکاڵی و ئەو پرۆژانەی داهاتی هاوبەشیان هەیــە، هەروەها لەبواری لێکۆڵینــەوەی کشــتوکاڵی و دەرامەتــە ئاوییــەکان و هۆیــەکانی گواستنەوەو وزە، نەیتوانی ئەم ئامانجانە بەدی بێنیٚ تەنها چــەند شــتێکی کــەم نەبێت.

چوارەم – رێکخراوی الایجاد:

بریتییــە لــە دەســتەی مــیری بــۆ پەرەپێــدانی بیابــان و لــە ســاڵی ١٩٨٦ دامــەزرا، دواتــر لەســاڵی ١٩٩٥گــۆڕا بــۆ دەســتەی مــیری بــۆ پەرەپێــدان و ئــەم دەوڵەتانــە لــەخۆ دەگــریٚ (جیبــۆتی، وئــەریتریا، ئەسیوپیا، کینیــا ، ئۆگەنــدا، سۆماڵ، سودان، تــەنزانیا، روانــدا، بۆرونــدی) بــە شــێوەیەکی گشــتی ئامــانجی پەرەپێدانی ئابووری دەوڵەتە ئەندامەکانە.

-کۆســپەکانی ســەرنەکەوتنی گەلەکۆمــەکی ئــابووری لــە وڵاتــانی تازەپێگەیشتوودا:

١– سـوودەکانی دەسـتکەوتووی تـەواوکاری ئـابووری بەشـێوەیەکی یەکسـان لـەنێوان وڵاتـانی ئەنـدام دابـەش نـاکرێ، چـونکە ئـەو وڵاتانـەی کـە زیـاتر پێشکەوتوون ئەوان زۆربەی سوودەکان وەردەگرن، بۆیـە وڵاتـانی دواکـەوتووتر هەوڵ دەدەن لەم گەلە کۆمەکییە بکشێنەوە بەمەش هەوڵی تەواوکاری ئـابووری هەرەس دێنێ.

٢– زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو حەز ناکەن واز لەبەشێك لەو سەروەریە بێـنن کـە بە دەستیان هێناوە و بیدەن بە دەسەڵاتی گەلەکۆمەکیەکەی کە دەسەڵاتەکەی هەموو سنوورێکی نەتەوەیی دەوڵەتە ئەندامـەکان دەبـڕێ، هـەروەك تـەواوکاری ئابووری سەرکەوتوو وا دەخوازێ .

٣– کەموکورتی لە ڕێگاکانی گواستنەوەو گەیاندنی نوێ و باش لـە نێـوان وڵاتـە ئەندامەکان.

٤– کێبڕکێکـردن لەسـەر هـەمان بـازاڕی جیهـانی بـۆ نـاردنی بەرهەمـە کشتوکاڵییەکان بۆ وڵاتە ئەندامەکان.

٥– دووری لەماوەی نێوان دەوڵەتە ئەندامەکان.

پرسیارەکانی بەشی شەشەم

١. ئامانجی سندوقی نێو دەوڵەتی چیە؟
٢. ئەو رێوشوێنانە چین کە لەلایەن سندوقی نێو دەوڵەتی دەگرێتە بەر بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی ؟
٣. پێناسەی بەش بکە ؟ ئەو مەرجانە چین بۆ دیاریکردنی بەشی دەوڵەت لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی؟ چۆن بەشی دەوڵەتی ئەندام دیاری دەکری ؟
٤. کارگێری سندوقی نێودەوڵەتی لەچی پێك دێت؟
٥. ئامانجی بەنکی نێودەوڵەتی چیە ؟ وە ئەو رێگایانە چین کە دەیگرێتەبەر ؟
٦. ئەو رێگایانە چین کە بانك دەیگرێتەبەر بۆ قەرز پێدان؟
٧. کارەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی چیە ؟
٨. چۆن دەزگای رێکخراوی بازرگانی جیهانی کاردەکات ؟
٩. پەیکەری رێکخستنی رێکخراوی بازرگانی جیهانی چیە ؟
١٠. رۆڵی داهاتووی رێکخراوی بازرگانی جیهانی چییە؟
١١. مەبەست لە دامەزراندنی رێکخراوی دەوڵەتە نەوت فرۆشەکان چییە؟ رامیاریان چییە؟ ئامانجی ئۆپێك چیە؟
١٢. خاڵە ناکۆکەکانی نێوان وڵاتانی ئۆپێك چییە؟
١٣. برگەکانی پەیماننامەی رۆما (یەکێتی ئەوروپا) چییە؟
١٤. یەکێتی ئەوروپا لە زۆر دامەزراوە پێکهاتووە چین ؟
١٥. ئامانجی یەکێتی ئەوروپا چیە ؟
١٦. پرۆژەی بازاری هاوبەشی ئەوروپا لەساڵی ١٩٩٢ لە چ پێك دێت ؟
١٧. رێکەوتنی ماستربیخت گەیشتە کوی ؟
١٨. ئامانجی رێکخراوی ئاسیان چیە ؟
١٩. پێویستە رێکخراوی ئاسیان چی بکات تا بەدەوری خۆی هەڵبستی ؟
٢٠. هەندێ لە ئەزموونەکانی تەواوکاری ئابووری لە وڵاتە دواکەوتووەکان بژمێرە.
٢١. کۆسپەکانی بەردەم سەرکەوتنی گەلەکۆمەکی ئابووری لە وڵاتە دواکەوتووەکان چین ؟

سەرچاوەکانی بەشی شەشەم

١. د . عبدالله الطاهر و د . موفق علـي الخليـل، النقـود والبنـوك والمؤسسـات الماليـة ، الطبعة الاولى، مركز يزيد للنشر، الكرك ، ٢٠٠٤ .

٢. د . محمود يونس ، اقتصاديات دولية ، الدار الجامعية ، الاسكندرية ، ٢٠٠٧ .

٣. علي عبدالفتاح شرار ، الاقتصـاد الـدولي : نظريـات و سياسـات ، الطبعـة الاولى ، دار المسيرة للنشر والتوزيع والاعلان ، عمان ، ٢٠٠٧ .

٤. ماخوذ من الانترنيت : الموقع :
www.study4uae.com/vb/showthread.php?t=3988

٥. ماخوذ من الانترنيت : الموقع :
http://ar.wikipedia.org/w/index.php?title

٦. ماخوذ من الانترنيت : الموقع:

٧. د. مصطفى السفاريني : ماخوذ من الانترنيت : الموقع: www.arabsino.com

٨. ماخوذ مـن الانترنيـت : الموقـع: Terms Of Reference And Guidelines For The Organization Of Asean Committees In Third Countries .

٩. www.asean.org

١٠. ماخودمن الانترنيـت: الموقـع: Asean Vision 2020.،Asean Secretariat www.asean.org

لیستی زاراوەکان

ئینگلیزی	عەرەبی	کوردی
Economics	علم الاقتصاد	زانستی ئابووری
Public Finance	المالية العامة	دارایی گشتی
Political Sciences	العلوم السياسية	زانستە رامیارییەکان
The Science Of Law	علم القانون	زانستی یاسا
Statistics	علم الاحصاء	زانستی ئامار
Function	الوظيفة	ئەرك (پۆست)
Allocation Function	وظيفة التخصيص	ئەرکی تەرخانکردن
Social Welfare	رفاهية المجتمع	خۆشگوزرانی کۆمەڵگە
Optimum Function	التخصيص الامثل	تەرخانکردنی نمونەیی
Maximum Social Gain	اقصى كسب للمجتمع	بەرزترین دەسکەوت بۆکۆمەڵگە
Social Costs	التكاليف الاجتماعية	تێچوونە کۆمەڵایەتییەکان
Social Benefits	المنافع الاجتماعية	کەڵکە کۆمەڵایەتییەکان
Net Social Gains	صافي مكاسب المجتمع	دەسکەوتە کۆمەڵایەتیەکان
Distribution Function	وظيفة التوزيع	ئەرکی دابەشکردن
Redistribution	اعادة التوزيع	دووبارە دابەشکردن
Stabilization Function	وظيفة الاستقرار	ئەرکی سەقامگیری
Stagflation	التضخم الركودي	هەڵاوسانی داکێشاوی
Growth Function	وظيفة النمو	ئەرکی گەشەکردن
Economic Growth	النمو الاقتصادي	گەشەی ئابووری
Growth Of Economic Resources	نمو الموارد الاقتصادية	گەشەکردنی سامانە ئابوورییەکان
Technical Change (Progrss)	التغير (التقدم) التكنولوجي	گۆڕانکاری (پێشکەوتن) تەکنەلۆژی
Public Wants	الحاجات العامة	پێداویستی گشتی
Private Wants	الحاجات الخاصة	پێداویستی تایبەت
Private Goods	السلع الخاصة	شمەکی تایبەت

ئینگلیزی	عەرەبی	کوردی
Public Goods	السلع العامة	شمەکی گشتی
Market Failure	فشل السوق	هەرەسهێنانی بازاڕ
Rival Consumption Principle	مبدا التنافس في الاستهلاك	بنـــەمای کێبڕکــــێ لـــە بەکارهێنان
Exclusion Principle	مبدا الاستبعاد	بنەمای لا بردن
Public Expenditure	النفقات العامة	خەرجیە گشتییەکان
Multiplier	المضاعف	دووهەندە
Accelerator	المعجل	بەپەلە
Public Revenues	الايرادات العامة	دەسهاتی گشتی
The Domin Revenues	دخل املاك الدولة	داهاتی موڵکانەی دەوڵەت
Portfolio	المحفظة المالية	جانتا
Taxation،Taxes	الضرائب	باج ، باجەکان
Financial Contract	العقد المالي	گرێبەستەی دارایی
Taxpayer	المكلف (دافع الضريبة)	باجدەر
Direct Taxes	الضرائب المباشرة	باجی ڕاستەوخۆ
Indirect Taxes	الضرائب غير المباشرة	باجی نا ڕاستەوخۆ
Flat Tax Rate	سعر الضريبة النسبي (الخط المستقيم)	نرخـی ڕێـژەیی بـاج (هێڵـی ڕاست)
Tax Aoidance	التجنب الضريبي	خۆ لادان لە باج
Tax Evasion	التهرب الضريبي	ڕاکردن لە باج
Duties	الرسوم	رەسم
Public Loans(Borrowing)	القروض العامة	قەرزی گشتی
Disposable Income	الدخل التصرفي (الدخل القابل للتصرف)	داهاتی خولاو (داهاتی ئامادە بۆ خەرج)
Deflationary Effects	الاثار الانكماشية	ئاسەواری داکێشراو
Progressive Taxes	الضرائب التصاعدية	باجی هەڵکشاو
Infant Industreis	الصناعات الوليدة او الناشئة	پیشەسازی تازە دامەزراو
Inflationary Effects	الاثار التضخمية	ئاسەواری هەڵاَسانەوە
Public Budget	الموازنة العامة	بودجەی گشتی

پێرست

ژ	بابەت	لاپەڕە
	بەشی یەکەم– داهاتی نەتەوەیی	٤
	بەشی دووەم–بازرگانی	٤٢
	بەشی سێیەم – ڕامیارییە ئابوورییەکان	٨٤
	بەشی چوارەم_ دواکەوتن و پەرەپێدان پلاندانان	٩٤
	بەشی پێنجەم–دارایی گشتی	١٢٦
	بەشی شەشەم –ڕێکخراوە ئابوورییەکان	١٧٩